حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین وپراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار وبەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە

**ئەم نامەیە**

**پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بە شێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

لەلایەن

**ئاریان فاضل کریم**

**بە سەرپەرشتی**

**پ. ی. د. ئەیوب خەسرەو نادر**

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٣ زایینی ١٤٤٤ کۆچی

## سُورَةُ البَقَرَةِ (٣٢)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ
لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ
إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ

صدق الله العظيم

بریاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە ناونیشانی(**ئاستەنگە پیشەییەکان  لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە**) لە لایەن خوێندکار(**ئاریان فاضل کریم**)ەوە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی– کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان  لەو پێناوەدا واژۆم کردوە.

واژۆ

پ. ی. د. ئەیوب خەسرەو نادر

سەرپەرشتیار

بەروار:   /    /٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیارانە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

پ. ی. د. فواد خالد سعید

سەرۆکی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان

بەروار:   /    /٢٠٢٣

بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی(**ئاستەنگە پیشەییەکان  لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە**) ئەرکی پێداچوونەوە و ووردبینی زمانەوانی بە من سپێردرا، دوای سەرنجدان دەرکەوت، بە جۆرێکە هەڵە و گوزارشتی زمانەوانەی نادروستی تێدانیە لە بەر ئەوە واژۆم کرد.

هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

واژۆ

ناو: پ. ی. د. دەرون عبدالرحمن صالح

بەروار:    /    / ٢٠٢٣

بریاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی(**ئاستەنگە پیشەییەکان  لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە**) ئەرکی پێداچوونەوە و ووردبینی زانستی بە من سپێردرا، دوای سەرنجدان دەرکەوت، بە جۆرێکە هەڵە و گوزارشتی زمانەوانەی نادروستی تێدانیە لە بەر ئەوە واژۆم کرد.

هەڵسەنگێنەری زانستی

واژۆ

ناو:

بەروار:    /    / ٢٠٢٣

بریاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی(**ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە**) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار(**ئاریان فاضل کریم**) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکە کرد و بریارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی(              ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری **ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان** پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە

واژۆ :

ناو :

پلەی زانستی:

بەروار:   /   / ٢٠٢٣

ئەندام

واژۆ :

ناو :

پلەی زانستی:

بەروار:   /   / ٢٠٢٣

ئەندام

واژۆ :

ناو :

بەروار:   /   / ٢٠٢٣

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ :

ناو : ئەیوب خەسرەو نادر

بەروار:   /   / ٢٠٢٣

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە(    ) لە بەرواری (  /  / ٢٠٢٣) پەسەند کرا.

واژۆ:

پ. ی. د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەروار:   /   / ٢٠٢٣

پێشکەشە بە...

# ڕۆحی باوکم

# ماندوێتی دایکم

... ئاریان

# سوپاس وپێزانین


پێغەمبەر محمد (د.خ) دەفەرموێت **(من لم يشكرُ النَاسَ لم يشكر اللهَ)** الراوي أبو سعيد الخدري

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان.

زۆر سوپاس بۆ سەرپەرشتیار ( پ. ی.د. ئەیوب خسرو).

سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت(پ.د. حسن فخرالدين).

سوپاس بۆ سەرۆک بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان(پ.ی.د. فواد خالد).

سوپاسی بی پایانم بۆ برا و هاورێی ئازیز(د.هێمن هۆشیار) کە دڵسۆزانە هاوکار بوو لە ئاماری تویژینەوەکە.

سوپاسی بێ پایانم بۆ (م.ئازاد عبدالكريم، م.ئاواز میرزا) کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بوون.

سوپاسی زۆرم بۆ ( کاک شێخ ئارام علی، م دیاری مامق، م ژیان فاضل) کە پاڵپشت و هاوکاربوون.

سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزان (م.نعمان محمد، م.عزيز عبدالكريم،) کەهاوکار بوون لە وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبیەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێزان (م.بڕوا رضا، م.ڕێبوار محمد، م.شڤان طالب، م.محمد حبيب) کە هاوکاربوون لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزیەکان.

سوپاسی زۆرم بۆ (م.شڤان أحمد خورشيد) کە هاوکاربوو لە پەیداکردنی و پێدانی سەرچاوەکان.

سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی کە بەشداربوون بە پێشنیار و ڕاوبۆچوون و سەرنج و تیبینیەکانیان بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە.

سوپاس بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا و بەڕێوبەرە بەڕێزانەی کە بەشداربوون لە وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو هاورێ و کەسە ئازیزانە کە هاوکار و ڕێنیشاندەر بوون.

# کورتەی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستەنگە پیشەییەکانە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێروانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە، هەروەها زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خویندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و سالانی خزمەت و بڕوانامە و پەیوەندی نێوانیان، هەروەها شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بە پێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی.

بۆ هێنانەدی ئامانجەکان توێژەر میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە بە هۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکەش ئامادەکردنی پێوەرێک بوو بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، کە بریتی بوو لە (٤٦) بڕگە کە بەسەر (٩) تەوەردا دابەشکرابوو، لە پاش دڵنیابوون لە جێگیری پێوەرەکە بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، کە نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٤٥) مامۆستای سەرپەرشتیار لە هەر دوو کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی چەرموو و زانکۆی سلێمانی و (٣٤٥) بەڕێوبەری قوتابخانە لە هەر سێ بەڕێوبەریتی پەروەردەکانی چەمچەماڵ و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای سلێمانی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامی(SPSS)مان بەکارهێناوە بۆ داتاکان.

لە کۆتایدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشت:

١- دەرکەوت ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢- دەرکەوت جیاوازی ئاماریی هەیە لە ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن بە پێی تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان.

٣- جیاوازی ئاماریی هەیە لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

٤- بوونی جیاوازی ئاماریی لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن بە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت (١-١٠) (١١-٢٠) (٢١ بە سەرەوە).

٥- بوونی جیاوازی ئاماری له تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا).

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاز خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشە**: ئاستەنگەکان، پەروەردەی پراکتیکی، خوێندکار-مامۆستا، قۆناغی بینین، پراکتیزەکردن، مامۆستای سەرپەرشتیار، بەڕێوبەری قوتابخانە.

## پێرستی ناوەڕوەک


| ناوەڕۆک | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | |
| کورتەی توێژینەوە | أ |
| پێرستی ناوەڕوەک | ج |
| پێرستی خشتەکان | س |
| پێرستی شێوەکان | ع |
| پێرستی پاشکۆ | ع |
| **بەشی یەکەم** | ١ |
| ناساندتی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١.١ کێشەی توێژینەوە: | ٢ |
| ٢.١ گرنگی توێژینەوە: | ٥ |
| ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە: | ١٠ |
| ٤.١ سنووری توێژینەوەکە: | ١١ |
| ٥.١ پێناسەی زاراوەکان: | ١١ |
| ١.٥.١ ئاستەنگە پیشەییەکان: | ١١ |
| ٢.٥.١ پەروەردەی پراکتیکی: | ١٣ |
| ٣.٥.١ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت: | ١٤ |
| ٤.٥.١ خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم): | ١٥ |
| ٥.٥.١ قۆناغی بینین (المشاهدة) | ١٦ |
| ٦.٥.١ پراکتیزەکردن( التطبیق) | ١٧ |
| ٧.٥.١ سەرپەرشتیار: | ١٨ |
| ٨.٥.١ بەڕێوبەری قوتابخانە | ١٩ |
| **بەشی دووەم** | ٢١ |
| چوارچێوەی تیۆریی وتوێژینەوەکانی پێشوو | ٢١ |
| ١.٢ چوار چێوەی تیۆریی: | ٢٢ |
| ١.١.٢ تێروانینی مێژووی بۆ پەروەردەی پراکتیکی: | ٢٢ |
| ٢.١.٢ چەمکی پەروەردەی پراکتیکی: | ٢٤ |
| ٣.١.٢ ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی. | ٢٧ |
| ١.٣.١.٢ گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی. | ٢٧ |
| ٢.٣.١.٢ ئەو هۆکارانەی کار لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| دەکەن: | |
| ٤.١.٢ گرنگی پەروەردەی پراکتیکی: | ٣١ |
| ٥.١.٢ بنەماکانی پەروەردەی پراکتیکی: | ٣٤ |
| ٦.١.٢ قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی (مراحل التربية العملية) | ٣٦ |
| ١.٦.١.٢ قۆناغی بینین (مرحلة المشاهدة) | ٣٨ |
| ١.١.٦.١.٢ قۆناغەکانی بینین | ٣٩ |
| ٢.١.٦.١.٢ بنەماکانی پرۆسەی بینین: | ٤١ |
| ٣.١.٦.١.٢ ئامانجەکانی پرۆسەی بینین: | ٤١ |
| ٢.٦.١.٢ قۆناغی تێبینی فێرکاری: | ٤٣ |
| ٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردن | ٤٣ |
| ١.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردن دوو ئاستی هەیە: | ٤٤ |
| ١.١.٣.٦.١.٢ بەشداریکردنی بەشەکی(المشارکه الجزئية) | ٤٤ |
| ٢.١.٣.٦.١.٢ میکانیزمی جێبەجێکردنی قۆناغی بەشداریکردنی بەشەکی: | ٤٥ |
| ٣.١.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردنی بەشەکی ئەم چالاکی و کارە گرنگانە دەگرێتەوە: | ٤٦ |
| ٢.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکرنی تەواو یان قۆناغی جێبەجێکردن (المشاركة الكلية) | ٤٧ |
| ١.٢.٣.٦.١.٢ ئامانجەکانی قۆناغی بەشداریکردنی تەواو: | ٤٨ |
| ٤.٦.١.٢ قۆناغی هەڵسەنگاندنی پەروەردەی پراکتیکی: | ٤٩ |
| ١.٤.٦.١.٢ ئامانجی پرۆسەی هەڵسەنگاندن | ٥٠ |
| ٥.٦.١.٢ بەرپرسیارێتی لایەنە بەشدار بووەکانی پەروەردەی پراکتیکی: | ٥٠ |
| ١.٥.٦.١.٢ یەکەم: یەکەی(نوسینگە) پەروەردەی پراکتیکی | ٥١ |
| ١.١.٥.٦.١.٢ ئەرک وبەرپرسیارێتیەکانی یەکەی(نوسینگە) پەروەردەی پراکتیکی: | ٥١ |
| ٢.٥.٦.١.٢ دووەم: سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی | ٥٣ |
| ١.٢.٥.٦.١.٢ جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی | ٥٤ |
| ٢.٢.٥.٦.١.٢ سیفەتەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی: | ٥٥ |
| ٣.٢.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی: | ٥٦ |
| ٣.٥.٦.١.٢ سێیەم: بەڕێوبەری قوتابخانە: | ٥٧ |
| ١.٣.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە: | ٥٩ |
| ٤.٥.٦.١.٢ چوارەم: مامۆستای هاوکار: | ٦٠ |
| ١.٤.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی مامۆستای هاوکار: | ٦١ |
| ٥.٥.٦.١.٢ پێنجەم: خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم): | ٦٢ |
| ١.٥.٥.٦.١.٢ کۆمەڵێک هۆکار هەیە بۆ سەرکەوتنی خوێندکار-مامۆستا لەم ئەزموونە گرنگەدا گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە: | ٦٣ |

| | |
|---|---|
| ٢.٥.٥.٦.١.٢ هەنگاوەكانی ڕۆژانی یەكەمی پەروەردەی پراكتیكی كە خوێندكار-مامۆستا ئەنجامی دەدات: | ٦٣ |
| ٣.٥.٥.٦.١.٢ مافەكانی خوێندكار-مامۆستا لە پەروەردەی پراكتیكیدا | ٦٤ |
| ٤.٥.٥.٦.١.٢ ئەرك و بەرپرسیارێتیەكانی خوێندكار-مامۆستا: | ٦٥ |
| ١.٤.٥.٥.٦.١.٢ یەكەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر بە خودی خۆی: | ٦٥ |
| ٢.٤.٥.٥.٦.١.٢ دووەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر كۆلێژ | ٦٥ |
| ٣.٤.٥.٥.٦.١.٢ سێیەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراكتیكی: | ٦٦ |
| ٤.٤.٥.٥.٦.١.٢ چوارەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر مامۆستای هاوكار: | ٦٦ |
| ٥.٤.٥.٥.٦.١.٢ پێنجەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر قوتابخانە و بەڕێوەبەری قوتابخانە: | ٦٧ |
| ٦.٤.٥.٥.٦.١.٢ شەشەم: ئەركی خوێندكار-مامۆستا بەرامبەر قوتابی(خوێندكار): | ٦٧ |
| ٧.١.٢ پەروەردەیی پراكتیكی لە هەندی وولاتان: | ٦٨ |
| ٢.٢ توێژینەوەكانی پێشوو: | ٧٢ |
| ١.٢.٢ خستەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو: | ٧٢ |
| ٢.٢.٢ لێكچوون و جیاوازی لە نێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەكانی پێشوو: | ٨٠ |
| ٣.٢.٢ سوود بینین لە توێژینەوەكانی پێشوو: | ٨١ |
| **بەشی سێیەم** | ٨٢ |
| ڕێكارییەكانی توێژینەوە | ٨٣ |
| ١.٣ میتۆدی توێژینەوەكە: | ٨٣ |
| ٢.٣ كۆمەڵگەی توێژینەوەكە: | ٨٤ |
| ٣.٣ نمونەی توێژینەوە | ٨٤ |
| ١.٣.٣ نمونەی سەرەتایی توێژینەوەكە ( العینە الاسطتلاعیە) | ٨٥ |
| ٢.٣.٣ نمونەی بنەڕەتی(بنیاد) توێژینەوەكە: | ٨٦ |
| ١.٢.٣.٣ دابەشكردنی نمونەی توێژینەوەكە بە پێی گۆڕاوی شوێن. | ٨٧ |
| ٢.٢.٣.٣ دابەشكردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەكە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز: | ٨٧ |
| ٣.٢.٣.٣ دابەشكردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە: | ٨٨ |
| ٤.٢.٣.٣ دابەشكردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت: | ٨٩ |
| ٣.٣.٣ نمونەی جێبەجێكردنی توێژینەوەكە: | ٩٠ |
| ٤.٣ هۆكارەكانی كۆكردنەوەی زانیاری: | ٩١ |
| ٥.٣ ئامرازی توێژینەوەكە: | ٩١ |
| ١.٥.٣ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەكان لای خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردەی | ٩١ |

| | |
|---|---|
| بنەڕەت | |
| ١.١.٥.٣ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە: | ٩١ |
| ٢.١.٥.٣ دیاریکردن و دەست نیشانکردنی تەوەرەکان: | ٩٢ |
| ٣.١.٥.٣ ئامادە کردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بە شێوەی سەرەتایی: | ٩٤ |
| ٤.١.٥.٣ شێوازی دارشتنی بڕگەکان: | ٩٤ |
| ٥.١.٥.٣ ئامادە کردنی ڕێنماییەکانی پێوانەکە: | ٩٥ |
| ٦.١.٥.٣ ئەنجامی (کای سکویر، کا٢) بۆ بڕگەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان | ٩٥ |
| ٦.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی: | ٩٧ |
| ١.٦.٣ دوورخراوەکان: | ٩٧ |
| ٢.٦.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە: | ٩٨ |
| ٣.٦.٣ هاودەمی ناوەکی: (الاتساق الداخلی) | ١٠١ |
| ٤.٦.٣ دەرکردنی پەیوەندی تەوەرەکان: | ١٠٣ |
| ٧.٣ ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە: | ١٠٣ |
| ١.٧.٣ ڕاستی رواڵەتی بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکە:(Face Validity) | ١٠٣ |
| ٢.٧.٣ جێگیری(Reliability) | ١٠٤ |
| ٣.٧.٣ هەڵەی پێوانەی پێوەری: | ١٠٦ |
| ٤.٧.٣ ڕاستکردنەوەی هەڵەی پێوەری: | ١٠٦ |
| ٥.٧.٣ جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە: | ١٠٦ |
| ٨.٣ ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە: | ١٠٦ |
| **بەشی چوارەم** | ١٠٨ |
| خستەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان | ١٠٩ |
| ١.٤ خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامانەکان | ١٠٩ |
| ١.١.٤ ئامانجی یەکەم | ١٠٩ |
| ٢.١.٤ ئامانجی دووەم | ١١٠ |
| ٣.١.٤ ئامانجی سێیەم | ١١١ |
| ٤.١.٤ ئامانجی چوارەم | ١١٢ |
| ٥.١.٤ ئامانجی پێنجەم | ١١٣ |
| ٦.١.٤ ئامانجی شەشەم | ١١٦ |
| ٧.١.٤ ئامانجی حەوتەم | ١١٨ |
| ٧.١.٤ ئامانجی هەشتەم | ١١٩ |
| **بەشی پێنجەم** | ١٣١ |
| دەرئەنجام وڕاسپاردەکان | ١٣٢ |
| ١.٥ دەرئەنجامەکان: | ١٣٢ |
| ٢.٥ ڕاسپاردەکان: | ١٣٢ |

| | |
|---|---|
| ٣.٥ پیشنیارەکان: | ١٣٤ |
| سەرچاوەکان | ١٣٥ |
| پاشکۆکان | ١٤٩ |
| پاشکۆکان | ١٥٠ |
| ملخص الدراسة: | أ |
| SUMMARY | I |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناونیشان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناونیشانی توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٢ |
| ٢ | دابەشبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان. | ٨٤ |
| ٣ | دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی وردەکاری نمونەی توێژینەوەکە. | ٨٥ |
| ٤ | دابەشبوونی ڕێژەی سەدی بۆ نمونەی بنیادی توێژینەوەکە. | ٨٦ |
| ٥ | دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی شوێن. | ٨٧ |
| ٦ | دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. | ٨٨ |
| ٧ | " دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە. | ٨٩ |
| ٨ | دابەشبوونی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی ساڵانی خزمەت.: | ٩٠ |
| ٩ | دابەشبوونی نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە. | ٩٠ |
| ١٠ | ئەنجامی ڕاپرسی کای سکوێر و ڕێژەی سەدی بۆ تەوەرەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان. | ٩٣ |
| ١١ | ئەنجامی کای سکویر بڕگەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان. | ٩٥ |
| ١٢ | ڕوونکردنەوە بۆ فۆڕمە دوورخراوەکان. | ٩٨ |
| ١٣ | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی. | ٩٩ |
| ١٤ | هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی ڕاپرسیەکەوە. | ١٠٢ |
| ١٥ | دۆزینەوەی پەیوەندی ئاڕ(R). | ١٠٣ |
| ١٦ | ژمارەی تەوەر و بڕگەکانی پێوەرەکە، | ١٠٦ |
| ١٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە شێوەیەکی گشتی. | ١١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار ونمرەکانی بەڕێوبەری قوتابخانەکان | ١١١ |
| ١٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی(T-test) ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. | ١١٢ |
| ٢٠ | ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار وبەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلوم- بەکالۆریۆس- ماستەر- دکتۆرا). | ١١٣ |
| ٢١ | بە تاقیکردنەوەی LSD بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە. | ١١٤ |
| ٢٢ | ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت. | ١١٦ |
| ٢٣ | تاقیکردنەوەی LSDبە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت | ١١٧ |
| ٢٤ | ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و کێشی سەدی تەوەرەکان. | ١١٨ |
| ٢٥ | ناوەندی شیاو و کێشی سەدی بۆ بڕگەکان. | ١٢٠ |


## پێرستی شێوەکان


| ژمارەی شێوەکان | ناونیشانی شێوەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز. | ٨٨ |
| ٢ | دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە | ٨٩ |
| ٣ | دابەشبوونی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی سالانی خزمەت. | ٩٠ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆکان | ناونیشانی پاشکۆکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناوی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی ئاستەنگە پیشەییەکان بە پێی ( ڕیزبەندی پیتی ناو، پلەی زانستی) | ١٥٠ |
| ٢ | فۆرمی ڕاوەگری سەرەتای | ١٥١ |
| ٣ | ڕادەی گونجاوی و نەگونجاوی تەوەرە پیشنیارکراوەکانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان | ١٥٣ |
| ٤ | پێناسەی تەوەرەکان | ١٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | فۆڕمی ڕاوەرگری شارەزایان | ١٥٧ |
| ٦ | فۆڕمری ڕاوەرگری بۆ نمونەی بنیاد | ١٦٤ |
| ٧ | فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی | ١٧١ |

# بەشی یەکەم

## ناساندنی توێژینەوە

١.١ کێشەی توێژینەوە

٢.١ گرنگی توێژینەوە

٣.١ ئامانجی توێژینەوە

٤.١ سنووری توێژینەوە

٥.١ پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە

# بەشی یەکەم

# ناساندتی توێژینەوەکە

## ١.١ کێشەی توێژینەوە:

بە ئاشکرا لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەتی پاش ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە(١٩٩٠) بە سەرەوە) هەموو مرۆڤێکی کۆمەڵگەی کوردی لە باڵاترین پێگەی دەسەڵات و تەنانەت دەرەوەی بواری پەروەردەیی و نەخوێندەوارکانیش! هەست بە دابەزینی ئاستی زانستی و مەعریفی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی کردوە و لە زۆرێک لە گفتوگۆ و نوسین وڕاپۆرتە تایبەتەکانی بوارەکە و لە ئامرازەکانی میدیا و ڕاگەیاندنە جیاوەزەکان ڕاستی ئەم ڕایە بە ئاشکرا دەربڕاوە(ئەمین،٢٠١٢:ل ٢١).

پێویستە ئەو کێشەو لەمپەرانەی دێنە بەردەم پرۆسەی پەروەردە بە شێوەیەکی زانستییانە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە نەهێشتنی گرفتەکان ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بە دیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان(هەرێمی کوردستان-وەزارەتی پەروەردە، ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، ٢٠٠٧: ل ١٩-٢٠)، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەموو وڵاتان دڵنیابن لەوەی کە گرنگی بە ئامادەکردنی مامۆستایانی پەروەردەی بنەڕەت دەدرێت و هەوڵی باشتر کردنی کارامەییەکانیان بە پێی هەلومەرجی هەر وڵاتێک دیاری بکرێن، ئەو ڕێوشوێنانەشی کە پێویستە بگیرێتە بەر بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی مامۆستایان و بە هێزکردنیان پێویستە لە هەموو وڵاتاندا لە پێشینە بێت، لە وڵاتانی جیهاندا پرسی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بە جۆرێکە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ خزمەتکردن و برەودان بە تواناکانیان تەرخانکردوە، چونکە مامۆستا بە بنیادنەری نەوەی ئایندە و ناونیشانی پێشکەوتنی شارستانی خۆیان دەزانن(فاید، ١٩٩٥: ل٤٣١)، هەروەها چەندین کۆنفراس و سمینار و توێژینەوە ئاماژەیان بە پێویستی هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی خوێندن بۆ قۆناغە جیاوازەکانی بە تایبەت زانکۆکان کردوە، لە پێناو زانینی خاڵی بە هێز و لاوازیی و ڕادەی بەردەوام بوونی لە پەرەسەندنی زانستی جیهانی بەدەست هاتوو بۆ گەشە پێدانی کۆمەڵگا، لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستای عەرەب کە لە(٢٣ی شوباتی ١٩٧٢) لە قاهیرە بەڕێوە چوو پێشنیاری کرد، کە ئامادە کردنی مامۆستا کورت نەکرێتەوە تەنیا لە بواری پسپۆری، بەڵکو کۆی کەرەستە پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەکانی تیدا بێت بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی ڕوون لە داواکارییەکانی کۆمەڵگا ببەخشێت بە قوتابی، هەروەها دامەزراوە پەروەردەییە بەرپرسەکان بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان کار بکەن، تەنانەت جەخت

کراوتەوە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامە و ئامادەکردنی مامۆستایان بکرێت(المنظمة العربیه والثقافه والعلوم ، ١٩٧٢: ل ٩٨-١٠٠). ئەو سمینارە زانستیەیی لە سعودیە بەسترا لە (١٩٩٢/١٢/٨) لە ژێر ناونیشانی( نحو استراتیجیة مستقبلیة لاعداد المعلمین و المعلمات فی المملكة العربیه السعودیة) پێشنیازی کرد کە پێویستە هاوسەنگی لە بەرنامە ڕێژی ئامادەکردنی مامۆستایان لە پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری و پسپۆری و پیشەی هەبێت) لەگەڵ تیشک خستنە سەر تێگەیشتن و کارامەیی و جێبەجێ کردنی کرداری و ڕاهێنانی مەیدانی، پێویستە لە لایەن پسپۆڕانی پەروەردەییەوە سەرپەرشتی بکرێن، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان بە شێوەی خول. (الندوه العلمیة، ١٩٩٢: ل ٤)،

لە کۆنگرەی دەیەمی پەروەردە تیشکخراوەتە سەر بەرەو پێشبردنی بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان و چارەکردنی گرفتی نزمی ئاستی لێهاتووی مامۆستایان(جمهوریة العراق- وزارە التربیة١٩٨٧:ل٥١)، لە هەرێمی کوردستانیش هەست بە لاوازی ئاستی مامۆستایان کراوە، تەنانەت لە چەندین گۆڤاری زانستی و کۆنفرانس و کۆبونەوەدا خراوەتەڕوو، وەک: لە کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی، کە لە شاری هەولێر بەسترا لە ژێرناونیشانی (گەشەپێدانی پەروەردەیی) لە ماوەی (٢٣-٢٥/١٠/٢٠٠١) جەخت کرایەوە لەسەر برەودان بە ئاستیی دەرچوانی کۆلێژەکانی پەروەردە و ئامادەکردنیان لەسەر بنەمای زانستی و پەروەردەی هاوچەرخ، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندن لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەرەت بە ئامانجی دانانی پرۆگرامێکی نوێی هاوچەرخ بۆ ئامادەکردنی مامۆستایی بە توانا، کە لە داهاتودا پشتیان پێ ببەسترێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکان(کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی،٢٠٠١: ل١٣٥)،

زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ پێشکەوتنی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستا، لە کۆنفرانسی پەروەردەیی کە لە مانگی (٥ ی ساڵی ٢٠٠٧) لە شاری (هەولێر) بەسترا جەخت کرایەوە، کە دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بە بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت، یەکێک لە پێشنیازەکانی کۆنفرانسەکە ئەوەیە، کە پێویستە پەرە بە پێشکەوتنی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایانی کۆلێژە پەروەردەییەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت بدرێت بۆ دڵنیا بوون لە ئەداو ڕاهێنانی کارامەیی وانەوتنەوە بە شێوەی کرداریی و پراکتیکی، و زیاد کردنی شارەزایی فێرکاری پێویست بۆ پیشەی پەروەردە(لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەی،٢٠٠٧: ل٢٠٦).

پەروەردەی پراکتیکی لایەنێکی گرنگە بۆ ئامادەکردن و شیاوکردنی مامۆستا بۆ فێرکردن لە قۆناغە جیاوەزەکانی خوێندندا، تاوەکو بتوانێت ئاگاداری ڕەهەند و کاریگەری

بەرپرسیارێتییەکەی بێت، ئەو پێوەرەیە کە ڕادەی سەرکەوتنی کۆلێژەکان لە ئامادەکردنی قوتابی بۆ بوون بە مامۆستا تاقی دەکاتەوە(العنزي،٢٠١٥: ل٥)، پەروەردەی پراکتیکی یەکەم تاقیکردنەوەی فێرکاریی ڕاستەقینەیە، کە خوێندکار-مامۆستا توشی شڵەژان و ترس ئەبێت لە ماوەی جێبەجێ کردنی کرداری، پاشان هەندێکیان دەکەونە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی تواناکانیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی نا ئارامی و هەستکردن بە شەرم، ئەمە یەکەم سەرکێشیە بۆ خوێندکار کە چوار ساڵی لە کۆلێژ بەسەر بردوە لە دەستکەوتی تیوری و ڕووبەڕوبونەوەی لەگەڵ ئاستەنگیەکانی ئەو پیشەیەی کە تییدان و داهاتووی ژیانیان دیاری دەکات، و ئامانجی یەکەمی ئەوان سەرکەوتنە لەو پیشەیە(أمين،٢٠١٠: ل٦٠٥)،

ئامادەکردنی مامۆستا یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کە یارمەتیدەرە بۆ بە دیهێنان و هەستانەوەی پەروەردەی خوازراو، کە دەبێتە هۆی هەستانەوەی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە، مامۆستای بەتوانا ئەو مامۆستایەیە کە دەتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و تەواو بە دەستبهێنێت، ئەو وڵاتانەی، کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی هەستانەوەی  گشتگیردان لە هەموو بوارەکانی ژیان پێویستیان بە مامۆستایەکە، کە چەندین لێهاتووی هەبێت، لەوانە: پلاندانان و هەڵسەنگاندن و ڕێگای وانەوتنەوی کارا و نوێ و بەڕێوەبردنی پۆل بە شێوەیەکی سەرکەوتوو(سليمان،٢٠١٣: ل١١٧)،

پەروەردە سیستەمێکە بەردەوام کارلێک لەگەڵ سیستەمەکانی تردا دەکات و کاریگەری و کارتێکەرە بەوانی دیکە، و ئاماژە کردنی کۆنگرە و کۆنفراسەکان لەسەر کەموکوڕییەکانی مامۆستا و وێنای لاوازییەکانی مامۆستا دەکات، وەک یەکێک لە گرفت و کیشە سەرەکییەکانی پەروەردە و فێرکردن، لێرەدا پێویستە چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت، بۆ ئەوەی بواری پەروەردەش هاوشانی بوارەکانی تر گەشە بکات و پێشبکەوێت، پێویستی بە مامۆستای لێهاتوو و بە توانا و شارەزا هەیە، پەروەردەی پراکتیکی لایەنێکی گرنگە لە ئامادەکردن و لێهاتوییەکانی خوێندکار -مامۆستا بۆ فێرکردن و وانەبێژی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، هەر بۆیە پێویستە زیاتر گرنگی بە خوێندکارانی کۆلێژە پەروەردەییەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەیی بنەڕەت بدرێت و توانا و لێهاتوییەکانیان بەرز بکرێتەوە و لە داهاتووا شیاوی وانەوتنەوە بن،

بەوپێیەی  توێژەر خۆی مامۆستاییە لە قۆناغی بنەڕەتی هەستی بە کێشە و ئاستەنگەکانی خوێندکار-مامۆستا کردوە لەگەڵ ئەوەشدا بە دواداچوون و پرسیاری کردوە دەربارەی کێشە و ئاستەنگەکانی خوێندکار-مامۆستا لە کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و بەڕێوبەر و مامۆستای قوتابخانە و خوێندگەکان، بۆی ڕوون بوەتەوە کە خوێندکارانی کۆلێژی پەوەردەی بنەڕەت لە کاتی پەروەردەی پراکتیکی(التربية العملية) لە ناوەندەکانی خوێندندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشەی( پەروەردەیی - زانستیی - دەروونیی) دەبنەوە، کە پێویستی بە چارەسەری

ڕیشەی هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە توێژەر دەیەوێت ئەو ئاستەنگ و کێشانە دیار بکات و وچارەسەری بخاتە ڕوو.

کێشەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- ئەو ئاستەنگە پیشەییانە چین، کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) لە تێڕوانینی سەرپەرشتیارانەوە دەبنەوە؟

٢- ئەو ئاستەنگە پیشەییانە چین، کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین وپراکتیزەکردن) لە تێڕوانینی بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە دەبنەوە؟

٣- گرنگترین ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە پیشەییەکان چین؟

### ٢.١ گرنگی توێژینەوە:

ئەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەی کە تییدا دەژین، ئەرک و بەرپرسیایتیەکی گەورەی خستوەتە سەر شانی مامۆستا، بە جۆرێک مامۆستا بوەتە داڕێژەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، پێویستە هەوڵبدات بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستی و پەروەردەییەکان، چونکە ستراتیژیەتی پەروەردە پێگەیاندنی نەوەیەکە کە توانای بەرەنگارییەکانی ئێستا و ئایندەی هەبێت، هەر بۆیە پێویستە گرنگی بە خوێندکار-مامۆستا بدریت بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی لە ماوەی بینین و پراکتیزەکردن و ڕابهێنرێت.

پەروەردە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ژیانی خەڵکدا و بایەخ و گرنگی بە پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و زیادکردنی تواناکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان دەدات، هەروەها بوەتە ستراتیژێکی گەورەی نەتەوەی بۆ هەموو گەلانی جیهان، پێشکەوتنی شارستانیەت پشت بە چۆنایەتی تاک دەبەستیت نەک ژمارەیان(عبدالله و نعیم : ل٤٥). پەروەردە پرۆسەیەکی چارەنووسازی مرۆڤایەتییە، هەریەکە لە تاک و کۆی کۆمەڵگەی مرۆیی پێویستیان پێی هەیە، پەروەردەیە لەو هۆکارانەیە نەژادی ئادەمیزادی لەسەر زەوییدا پاراستوە و گەشەی بە هۆش و ژیری داوە(ئالانی،٢٠١٥: ل٣٨). پەروەردە لە بواری تاکدا فاکتەرێکە بۆ بنیادنانی مرۆڤ و ئامرازێکە بۆ ڕێنوایەتی و پێگەیاندن وەک چۆن لە ڕێگەی پەروەردەوە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە لوتکەی جوانی و کامڵێتی، هەروەها لە بواری کۆمەڵگادا فاکتەرێکە بۆ پێکەوە ژیان و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئاستی بەختەوەری و ژیان لە ژێر ڕۆشنایی پاراستن و چاودێری یاساکاندا(القائمی،١٩٩٥: ل٩).

پەروەردە و فێرکردن کە بەردی بناغە و بنچینە و شەنگەستی پلە و پایە توکمە و پتەوەکانی ژیانە و هەمیشە دیاردەیەکی دیار و بەرچاوی هەنگا و پێشکەوتن و بەردەوامی بەرە و

پێشچونی هەموو کات و شوێنەکانی دوێنێ و ئێستا و ئایندەی هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەکە(شواری،٢٠١٣: ل٩)، هەروەها پەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری هەر کۆمەلگەیەکە، ئەو بنچینە سەرەکییەیە وڵاتان بۆ پاراستنی قەوارە و بنیاتنانی شارستانیەتیەکان پشتی پێدەبەستن، پەروەردە بۆ خۆی پرۆسەیەکی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی مەبەستدارە، کە کار بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی ویستراو لە رەفتاری تاکدا دەکات، لە ڕێگەی دیاریکردن و هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییە خوازراو و پەسەندکراوەکانەوە (الحیله،٢٠٠٧: ل٦٩).

لەگەڵ تازەگەری و ئەو گۆڕانکارییە زۆر و زەوەندانەی کە بەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هاتووە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تێگەیشتنی جیاجیا بۆ چەمکە مەعریفیەکان لەم سەروبەندەدا وا هەست دەکرێت ئەرکی مامۆستا لە هەر قۆناغێکی خوێندندا گرانتربووە (محمود،٢٠٠٤: ل٣٨)، لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن و تەقینەوەی کانیاوی زانیاریەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردنەوە ڕوویانداوە، ئەرکی مامۆستا گۆڕاوەو پێویستە مامۆستای سەدەی بیست و یەک لە زۆر لاوە جیاواز بێت لە مامۆستای جاران(قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ل١٧٧).

ئاڕاستە و بیروڕا پەروەردەییەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن، کە پێویستە مامۆستا لە ڕووی زانستییەوە لێهاتوو بێت، توانایی تەواوی بە سەر بابەتەکەدا بشکێت، لە هەمانکاتدا لە ڕووی پیشەییەوە لە توانایدا بێت شیکاری ناوەڕوەک و ڕەگەزەکانی بابەتەکەی بکات، پلانی بۆ دابڕێژێت و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوە و سەرجەم ڕەگەز و لێهاتوییەکانی دیکەی وانەوتنەوە پیادە بکات(حمیدة و اخرون،٢٠٠٠: ل١٤-١٥)،

مامۆستا ئەو کەسەی کە ئەرکی ڕێکخستنی بارودۆخی پەروەردەیی پێ سپێردراوە، کە پاڵنەری قوتابیە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی پەروەردەدا، هەربۆیە پێویستی بە شارەزابوونی ئەو لێهاتووییە گشتی و تایبەتانەیە، کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئەرک و ڕۆڵەکانی (قطان و الاخرون، ٢٠١٩: ل٥٣٤)، گرنگترین زانیارییەکانی ئەوەیە، کە توانای وەرگێڕانی ئامانجەکانی پەروەردەی هەیە بۆ واقیعی بەرجەستە، ئەو کەسەیە کە هەوڵدەدات بۆ چاندنی بەهاکان و پەرەپێدانی تواناکان و بەرزکردنەوەی کارامەییەکان لەنێو قوتابیاندا بە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردە و زانینی پێداویستی و شێوازی بیرکردنەوەیان(صالح، ٢٠١٨: ل١٢٢-١٢٣ )،

پرسی پەرەپێدانی ئامادەکاری و ڕاهێنانی مامۆستا، جێگەی سەرنجی هەر پرۆسەیەکی پەرەپێدان و چاکسازییە، بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆ

و کۆلێژە پەروەردەییەکان، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە گرنگیان بە ئامادەکردنی مامۆستا داوە، بۆ ئەوەی لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە ئامادەی بکات، بە جۆرێک کە خاوەنی ئەو لێهاتوویەی وانەوتنەوە بێت، هەتاوەکو ڕۆڵی خۆی بەباشی جیبەجی بکات، بۆیە شارەزابوون لەم کارامەییانەی مامۆستا متمانە و ئاسایشی دەروونی پێدەبەخشێت، ئەمە جگە لە توانای داڕشتنی ستراتیژییەکانی فێرکردن و فێربوون، هەروەها ئامادەی دەکات بۆ ژینگەی فێرکاری و پەروەردەیی گونجاوی بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی (أبوحلتم، ٢٠١٦: ل٤٣)،

پێگەی مامۆستا قوتابخانەی کردوەتە ناوەندێک لە ناوەندەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندن لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا، ئەمەش مامۆستای کردوەتە ڕابەر و هەڵسوڕێنەری ئەو ناوەندە، چونکە مامۆستا ئەو ڕەگەزە چاکەکارەیە، کە کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە پەروەردەییەکانی کردویەتییە پێشەوا(عاشور و عبدالرحیم، ٢٠٠٤: ل ١٢٩).

زۆر زەحمەتە دەوڵەتێک بەبێ گوێدانە سیستەمی خوێندن بتوانێت دام ودەزگاکانی بە دامەزراوەی بکات، بە دامەزراوەیی کردنی دام ودەزگای دەوڵەت یەکەم هەنگاوی ئەلتەرناتیڤ لە پەروەردەدا دەست پێدەکات(ڕەزا،٢٠٠٩: ل٣)، هیچ ولآتیک ناتوانێت پێشبکەوێت تاوەکو بنەمای پەروەردەیەکی گونجاوی نەبێت، ولآتی پێشکەوتوو ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای زانست و تەکنەلۆژیا بنیات نرابێت، هیچ کات ئەمە ڕوونادات تاوەکو یاسایەک بۆ پەروەدەیی پراکتیکی دانەنرێت و بە کرداری جێبەجێ نەکرێت(الطیطي،٢٠٠٢: ل٢٣).

زانکۆش بە دامەزراوەیەکی زانستی ئاست بەرزدادەنرێت، کە ئەرکی بنەڕەتی لەوەدا چڕدەبێتەوە کە کادری بە توانا و لەبار ئامادە بکات و بیخاتە سەر کار لە شوێنە گرنگەکان و بوارە جیاوازەکانی ژیان و ئامادە کردنی توێژینەوە لەو بوارانەی کە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیایی پێوسیتە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدایە(الجمعان و عساف،٢٠١٨: ل٦)، هەروەها زانکۆ بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دادەنرێت، هەر لەبەر ئەمەشە دامەزراوە فێرکاری وئەکادیمێەکان بۆ پێشخستنی سەرچاوە مرۆییەکان و پڕکردنەوەی کۆی دامەزراوەکانی دیکە بە پسپۆڕی و میلاکاتی مرۆیی پێویست لە کۆمەڵگادا کار دەکەن(ألشبلي، ١٩٧٦: ل١٣).

سیستەمی فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی، پانتاییەکی گرنگە بۆ چاودێریکردنی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە و پارێزگاریکردن لە ناسنامەیان، هاوکات لەسەردەمی ئێستادا ئەو ئامرازەیە کۆمەڵگە بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتن و ئامانجەکانی پشتی پێ دەبەستێت(قادر، ٢٠٢٠: ل ٣٠)، پەروەردەی پراکتیکی بەردی بناغەی پرۆسەی ئامادە کردنی مامۆستای دوا ڕۆژە، چونکە دەزگا پەوەردەییەکان بە هەموو ئاستەکانی توانای دابینکردنی ئەو مامۆستایانەیان نییە، کە

توانای جێبەجێکردن و دەستکەوتی ئەو ئامانجەی هەیە، کە ئەو دەزگایە بە دوایدا دەگەڕێت بەبێ ئەوەی شیاویان بێت بە شێوەی پراکتیکی ئەوەی لەبەری دەکەن بە کارتێک و کاریگەری ئەنجامی بدەن، ئەرکی ئامادە کردنی مامۆستای دوارۆژ زۆرجار بە کۆلێژەکانی پەروەردە یا کۆلێژەکانی مامۆستایان سپێردراوە(عطية، والهاشمي، ٢٠٠٨: ل١٩٥).

پەروەردەی پراکتیکی ئەزموونێکی مەبەستدارە، کە خوێندکاران لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان پێیدا گوزەردەکەن، ئامانج لەم کارەش کردنەوەی دەرفەتە لە بەردەمیاندا بۆ زانینی دۆخی کرداری فێرکاری و تاقیکردنەوەی توانا فێرکارییەکانیان، بەدەر لەوەش پەروەردەی کرداری بەشێکی گرنگە کە بەرنامەی پەروەردە پێکدێنێت لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان، هەر بۆیە پێویستە خوێندکاران بەر چاویان ڕوون بێت بەوەی پەروەردەی پراکتیکی تەنیا بریتی نیە لە کۆمەڵی کارامەیی پەرشوبڵاو، بەڵکو چالاکییەکی مەبەستدارە و پەیوەندییەکی تۆکمەی بە چوارچێوەی تیۆرییەوە هەیە، کە لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان پێشکەشی خوێندکاران کراوە(عبدالله،٢٠١٦: ل٣٩٣).

پەروەردەی پراکتیکی بڕبڕەی پشتە بۆ خوێندکار-مامۆستا، کە تێیدا شارەزاییە بنەڕەتیەکان بۆکاری پەروەردە و فێرکردن پەیدا دەکات، وەک ئامادە کردن و بەکارهێنانی تاکتیک و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردنی پۆل و ڕۆڵی مامۆستا لە ناو و دەرەوەی پۆل، هەروەها گرنگترین ئەزموونە لە بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایاندا، چونکە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان تیۆرەکانی پەروەردە و بەرجەستەکردنی پراکتیکیە لە دۆخی پەروەردەی دەرەوە و ناوەوەی پولدا، هەروەها ڕێگە بە خوێندکارانی خوێندنی پراکتیکی دەدات تا مافی خۆیان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە ماوەی تیۆریدا فێربوون تاقی بکەنەوە (الزهراني،٢٠١٣: ل٣٣)، هەر بۆیە ڕاهینان (پەروەردەی پراکتیکی) وەک هەر چالاکیەکی مرۆیی لە ساتێکی مێژووییەوە دەستی پێکردوە و پێ بەپێی گەشەسەندنەکان هەنگاوی ناوە، ئەم جۆرە چالاکییە لە لایەن زۆرێک لە گەل و نەتەوەکانەوە بەکار هێنراوە بۆ پێگەیاندنی کادیرەکانیان لە ڕووی پیشەییەوە بە جۆرێک لەگەل ئامانج و پێداویستیەکانی سەردەمەکەیدا بگونجێت(عزيز،٢٠١٧: ل٥٢)، هەر بۆیە پەروەردەی پراکتیکی کۆمەڵێ چالاکییە، کە خوێندکار لە قۆناغی کۆتایی خوێندندا پێی هەڵدەستێت، بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەل قوتابیانی قوتابخانەکان کە ڕاهێنانیان لەسەر دەکات بەمەبەستی بەدەست خستنی کارامەیی پێویست بۆ سەرکەوتن لە وانەوتنەوەدا(محمود، ١٩٨٠: ل١٢٢).

پەروەردەی پراکتیکی بەشێکی دیاری کەرەستەکانی گۆڕەپانی پەروەردەیی و دەروونییە لە لایەن (بینین و پراکتیزەکردن) نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوە کاریگەری ئەرینی لەسەر ئامادەکردنی مامۆستا هەیە، وەک وەرزی یەکەم تەرخانکراوە بۆ بینین(المشاهده) کە لەم ماوەیەدا

خوێندکار- مامۆستا لە نزیکەوە هەڵوێستی فێرکاری و هەنگاوەکانی وانەوتنەوە و دابینکرنی ئامرازی فێرکاری و هەڵسەنگاندنی وانە و...هتد فێردەبێت، هەروەها وەرزی دووەم تەرخانکراوە بۆ پراکتیزەکردن(التطبیق) لە قوتابخانەکاندا، ماوەکەی شەش هەفتەی یەک لە دوای یەک دەخایەنێت، ئەمە دەرفەتی ڕاستەقینەی ڕاهێنانە بۆ خوێندکار-مامۆستا، کە ڕاهێنانی کرداری لەسەر پیشەی فێرکردن وپیشکەوتنی بەرپرسیارێتی و تواناکانی خۆی(أمین،٢٠١٠: ل٦٠٧). لەم ماوەیەدا خوێندکار-مامۆستا ڕووبەڕووی پێداویستییە گرنگەکانی پیشەی فێرکردن دەبێت، بیرۆکەیەکی گشتی لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردەی سەرکەوتووی لا دروست دەبێت و دیارترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە و چۆنێتی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکاری پەیدا دەکات لە ماوەی کارکردن لەگەڵ قوتابیەکان دا، هەوەها فێری سیستەمی قوتابخانە و چۆنێتی سەرپەرشتی کردنی ئەم سیستەمە دەبێت(الزیدي،٢٠١٦: ل٧٥٢)

بەمجۆرە پەروەردەی پراکتیکی بە پیتترین ماوە دادەنرێت بۆ خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێژە پەروەردەییەکان، چونکە لەم ماوەیەدا پراکتیزەی وانەوتنەوە دەکات و تایبەتمەندیەکانی فێرکردن فێردەبێت، کە دواتر تێیدا تایبەتمەند دەبن، کە چۆن بتوانن پەیوەندی مرۆڤانە لە نێوان مامۆستا و قوتابی دروست بکەن، هەروەها ڕێگا کردارییەکان بۆ گەشەکردنی ئەم پەیوەندییە پێشبخەن، هەر لەبەر ئەمەیە کرداری وانەوتنەوە دوولایەنەیە، لەلایەک هەلێکی تازە دەرەخسێنێت بۆ پراکتیزە کردنی ئەو شێواز و ڕێگایانەی فێرکردن، کە خوێندکار لەماوەی ساڵانی خویندندا خوێندویەتی، لە لایەکیتر هەلێکە بۆ پێشکەش کردنی توانا و لێهاتوییەکانی کە لە داهاتوودا ببێتە مامۆستایەکی سوود بەخش و متمانەی بە خودی خۆی هەبێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە دەتوانرێت گرنگی توێژینەوەکە کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە:

١- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندکار-مامۆستا و تیشک خستنە سەر هۆکارەکانیان.

٢- گرنگە بۆ باشتر کردنی دۆخی خویندکار-مامۆستا لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٣- سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکە بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێژە پەروەردەییەکانی تر بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە پێویستە گرنگی پێبدرێت لە ڕووی ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ پیشەی مامۆستایی و وانەوتنەوە.

٤- سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە لایەنی پەیوەندیدار و تایبەتمەند بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی دێتە پێش خوێندکار-مامۆستا(الطالب المعلم) لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکی

٥- گرنگە بۆ چارەسەر کردنی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەروەردەی پراکتیکی بە جۆرێک چارەسەری کێشەکان بکات.

٦- گرنگە بۆ توێژەرەکان، کە لە ڕێی هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانن توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن.

٧- گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە کاربکەن بۆ باشترکردنی پرۆگرامی خویندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و ئەکادیمی خوێندکاران.

**٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- بنیادنانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن.

٢- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی.

٣- زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن.

٤- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٥- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان، بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە.

٦- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تیروانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان، بە پێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

٧- هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن وە پێشنیارەکانی چارەسەرکردنیان بە ڕێگەی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و ناوەندە شیاو و کێشی سەدییەوە لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە.

**٤.١ سنووری توێژینەوەکە:**

بەگشتی سنووری توێژینەوەکە چەند لایەنێک لە خۆ دەگرێت:

سنوری بابەتی:
پەروەردەی پراکتیکی.

**سنوری مرۆیی:**
مامۆستایانی سەرپەرشتیاری زانکۆی و بەڕێوبەری قوتابخانەکان.

**سنوری کاتی:**
ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١-٢٠٢٢) زایینی.

سنوری **شوێن:**
ناوەندی پارێزگای سلێمانی و قەزای چەمچەماڵ لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

**٥.١ پێناسەی زاراوەکان:**

## ١.٥.١ ئاستەنگە پیشەییەکان:

ئاستەنگ لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای سەختی یا ئاستەنگ دێت، ئاستەنگەکان کۆی ئاستەنگە پێچەوانەی ئاسانە.

ئاستەنگ لەڕووی زاراوەییەوە لەمپەر یا کۆمەڵێک لەمپەرە کە ڕووبەڕوی تاک دەبێتەوە لە کاتی هەنگاونانی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو(المسعود، ٢٠١٦: ل٢٤).

- الشريدة و عزالدين( ٢٠١٨) پێناسەیان کردوە:

ئەو ئاستەنگە یان لەمپەرە هەستپێکراوەیە کە لە نێوان تاک و ئامانجەکانی دەوەستێت ناهێڵێت بەرزترین ئاستی توانایی گونجاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێربوون بپێکێت( الشريدة و عزالدين ، ٢٠١٨: ل١٨).

- العلواني(٢٠١٨) پێناسەی دەکات بەوەی:

ئەو شتەیە، کە لەمپەرە یا ڕێگرە لە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کە پێویستی بە هەوڵی زیاتری ژیریی و جەستەیی هەیە بۆ تێپەڕاندنی(العلواني،٢٠١٨: ل٥).

- الشهوبی و ارحيم(٢٠١٦) دەڵێن:

بریتییە لەو ئاستەنگانەی لە کاتی پەروەردەی پراکتیکیدا ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە، کە هەندێکیان پەیوەندی بە ئامادەکردنی خوێندکار-مامۆستاوە هەیە لە کۆلێژ، و هەندێکیتر پەیوەندی بە قوتابخانەوە هەیە لە ڕووی (کارگێری و قوتابیانەوە)، هەندێکیتر پەیوەندی بە مامۆستای سەرپەرشتیار و هەندێکیتریان پەیوەندی بە پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکیەوە هەیە، ئەم ئاستەنگانە ڕەنگە لە گەیشتنی پەروەردەی پراکتیکی بە ئامانجە دیاریکراوەکان ڕێگربن (الشهوبی و ارحيم، ٢٠١٦: ل ١٨٨).

- المسعود (١٤٣٤ه)پێناسەی دەکات:

ئەو ئاستەنگانەن کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئامانجەکان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر، دەتوانرێت وەک هۆکاری بۆشایی نێوان ئاستی دەستکەوتی چاوەڕوانکراو و دەستکەوتی ڕاستەقینە سەیر بکرێت یان وەک لادانێک لە ئەنجامدان لە ستانداردێکی پێشوەختە دیارییبکرێت(المسعود، ١٤٣٤هـ : ل٨).

- اللقاني و الجمل (١٩٩٩) پێناسەی دەکەن:

ئەو بەربەستانەیە کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی پرۆسەی فێربوون، ڕەنگە پەیوەست بێت بە خودی قوتابییەکەوە، چ کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان دەروونی، لەوانەیە پەیوەست بێت بە پرۆسەی فێربوونەوە وەک شێوازی فێرکردن یان کەسێتی مامۆستا یان کەش و هەوای زاڵ لە ناو قوتابخانەدا(اللقاني والجمل، ١٩٩٩: ل١٥١).

- پێناسەی ڕێکاری:

ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەیە بە پێی ئەو ڕاپرسیەی کە دانراوە بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان کە ڕووبەرووی تاک دەبێتەوە لە کاتی هەنگاو نان بۆ گەیشتن بە شتێکی دیاریکراو، و ڕێگرن لە گەیشتی تاک بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

## ٢.٥.١ پەروەردەی پراکتیکی:

- العتیبي(٢٠١٨) پێناسەی دەکات:

ئەوەیە پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە ڕاهێنان بە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە دەکرێت لەسەر وانەوتنەوە لە پۆلەکان خوێندندا، لە ژێر سەرپەرشتی ئەندامێکی فاکەڵتی بۆ دەستخستنی لێهاتووی و کارامەیی وانەوتنەو و فێرکردن، بەپێی بنەما و تیوریە پەروەردەیی و ڕێگایەکی زانستی پیشەیی لە مەیدان و جێگەی سروشتی خۆیدا لە ناو قوتابخانەدا(العتیبی،٢٠١٨: ل٣٨٥).

- عامر(٢٠٠٨) دەڵێ:

بریتییە لە پرۆسەی پەروەردەیی بە ئامانجی یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا بۆ بەکارهێنانی زانیاری تیوری بە شێوەی پراکتیکی، کە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی لێهاتووی پێویست لە داڕشتن و جێبەجێ کردنی وانەکاندا بە بەکارهێنانی شێوازەکانی وانەوتنەوە و هوکارە فێرکارییە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن و کرداری هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و ئامانجدار(عامر، ٢٠٠٨: ل٢٤).

- محمود (٢٠٠٤) پێناسەی کردوە:

کۆمەڵێ چالاکیە لە لایەن خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و پەیمانگاکانی ئامادەکردنی مامۆستایانەوە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی، لە ماوەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ قوتابیان لەو قوتابخانانەی کە سەرپەرشتیارەکانیان بۆیانیان دیاری کردوە بۆ ڕاهێنان بە مەبەستی بەدەستهێنانی کارامەی پێویست بۆ پیشەی فێرکردن(محمود،٢٠٠٤: ل٢٤).

- أبو الهیجا (٢٠٠٣) بەم جۆرە پێناسەی کردوە:

ئەو ماوەیەیە کە خوێندکار-مامۆستا ئامادەیە لە قوتابخانەیەک بۆ پراکتیزەکردنی پیشەی فێرکردن بۆ ئەوەی هەموو کارامەیی و لێهاتوویەکانی لە ناو پۆل و ناو قوتابخانەکەدا پەیدا بکات بۆ فێربوونی کۆمەڵێک بەشە وانە لە ژێر چاودێری پسپۆڕاندا بۆ بەدەستهێنانی بەهرەی فێرکردن، هەروەها ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر و ئەرکەکانی دیکەی وەک هەر مامۆستایەک(أبو الهیجا،٢٠٠٣: ل٤٥).

- پێناسەی ڕێکاری:

خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێژە پەروەردەییەکان بۆ ماوەی (٤٠)ڕۆژ لە قوتابخانە و خوێندنگەکان ڕاهێنان دەکەن بە مەبەستی وەرگرتنی کارامەیی و لێهاتووی پێویست و بەکارهێنانی هۆکارە فێرکاریەکان بۆ وانەوتنەوە و خۆئامادەکردن بۆ پراکتیکی وانەوتنەوە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا.

## ٣.٥.١ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت:

- الهسي(٢٠١٢) پێناسەی کردوە:

ئەمانە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵان ئامانجیان ئامادەکردنی مامۆستایانە(الهسي، ٢٠١٢: ل٩).

- القيسي(٢٠٠٧) پێناسەی کردوە:

کۆلێژێکی پەروەردەیی ئامادەسازییە(شیاندن)ە لە ڕووی زانستی و پەروەردەی و پیشەییەوە، مامۆستا ئامادە دەکات، بۆ گرتنە دەستی پیشەی (فێرکردن) لە باخچەکانی ساوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکاندا و ماوەی خوێندن تێیدا (٤)ساڵە بروانامەی زانکۆی (بەکالۆریۆسی پەروەردە)ی تیدا دەبەخشرێت(القيسي، ٢٠٠٧: ل ٢٥٢).

- التميمی(٢٠٠١) پێناسەی کردوە:

چەند کۆلێژێکن ئەو خوێندکارانە ئامادە دەکەن کە بڕوانامەی خوێندنی ئامادەییان بەدەست هێناوە، وەک چەند مامۆستایەک بۆ قۆناغی سەرەتای، دوای ئەوەی کە خوێندکار چوار ساڵی تێدا بەسەر دەبات و پلەی بەکالۆریۆسی پەروەردە بە دەست دەهێنێت لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا(التميمی، ٢٠٠١: ل٢٧).

- الراوی(١٩٩٠) پێناسەی کردوە:

یەکێکە لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە عێراقدا، کە پەیامێک لە خۆدەگرێت، کە مۆرکێکی مرۆڤانەی گەورەی پێوەیە، بەشە زانستی و مرۆڤایەتیەکان لە خۆ دەگریت، ئامانجی ئامادەکردنی کۆمەڵە پسپۆڕیەکە لە هەموو بەشێک کە شایستە بن، لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە بۆ وانەوتنەوە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان میلاکاتی باڵا ئامادەکردن(ماستەر- دکتۆرا)بۆ کارکردن، وەکو پسپۆری وانەبێژی کارامە لە هەر دوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی(الراوی، ١٩٩٠: ل٥٧).

- پێناسەی ڕێکاری:

دامەزراوەیەکی پەروەردەییە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە، ئەو خوێندکارانە وەردەگرێت کە دەرچووی قۆناغی ئامادەیین ماوەی خوێندن تێیدا (٤) ساڵە، دەرچوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی  لە پەروەردە پێدەبەخشرێت لە بواری پسپۆڕیەکەیدا، بڕوانامەکە ساز و ئامادەی دەکات بۆ کارکردن وەکو مامۆستای زانکۆیی لە بابەتی پسپۆڕیەکەی.

## ٤.٥.١ خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم):

- الصقعبي (٢٠١٩) پێناسەی کردوە:

خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیە، کە لە خولی پەروەردەی پراکتیکی بڕیارلێدراو تۆمار کراوە و ڕاهێنانی فێرکردن دەکات، هەموو ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندی هەیە پێوەی  لە قوتابخانە حکومیەکان ئەنجامی دەدات و پێشبینی ئەوە دەکات لە کۆتایی وەرزی خوێندن لەو شوێنەی کە ڕاهێنانی پێکراوە تەواو ببێت(الصقعبی، ٢٠١٩: ل٢٧٩).

- الیاسری(٢٠١٩) پێناسەی کردوە

خوێندکارانی ساڵی کۆتایی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتن، کە ڕاهێنانی فێرکردن بە پێی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەکەن، بە پشت بەستن بەو ماوەیەی کە بڕیاری جێبەجێ کردنی لێدراوە ، بەبێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرپەرشتیار یا هەر کەسێک، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر متمانە بە خۆبوون و بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووی پەروەردەیی و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستیان  بەرەو پیشەی فێرکردن(الیاسری،٢٠١٩: ل٢٥٩).

- عیاد(٢٠١٣) دەڵێ:

ئەو خوێندکارانەی کۆلێژن، کە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت لەسەر  فێرکردنی ئەو کارەی کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت  لە ژێر سەرپەرشتی دامەزراوە فێرکارییەکان کە تێیدا دەخوێنن، خوێندکاران چونکە خوێندنیان لە کۆلێژ تەواو نەکردوە" مامۆستاشن بە هۆی وتنەوەی ژمارەیەک وانە لە یەکێک لە قوتابخانەکاندا، هەربۆیە خوێندکار و مامۆستان(عیاد،٢٠١٣: ل٩).

- (Zhaw، ٢٠١٢) پێناسەی کردوە:

خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی زانکۆن لە کۆلێژە پەروەردەییەکان، کۆرسی وانەوتنەوەی پێویست دەخوێنن لە زانکۆ ئاساییەکاندا، بە فەڕمی نەچونەتە ناو پرۆسەی وانەوتنەوەوە، بە زۆری ئامانجی ڕونیان هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوو ببنە مامۆستا لە دوای تەواو کردنی

پرۆسەی خوێندن، لە کاتی وانەوتنەوەی پراکتیکیدا لە ژێر چاودێری مامۆستا و سەرپەرشتیاری پسپۆڕدان(Zhaw, ٢٠١٢: p٧٥).

- حمدان (١٩٩٧) دەڵێ:

خوێندکارانی کۆلیژە پەروەردە یا پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دوای تەواوکردنی پێداویستیەکانی پیشەی فێرکردن دەبێت بە مامۆستایەکی فەرمی، بە پەرۆشەوە بەشداری لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی نەوەکانی نەتەوەکەیدا دەکات(حمدان،١٩٩٧: ل٢٨).

- پێناسەی ڕێکاری

خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتن، کە بۆ ماوەیەک لە سەر وانەوتنەوە و پرۆسەی فێرکردن لە یەکێک لە قوتابخانەکان ڕاهێنان دەکەن، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووی کارامەیە پەروەردە و فێرکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی هۆکارە فێرکارییەکان و بەرێوەبردنی پۆل و متمانە بە خۆبوون و ئامادکردن بۆ پیشەی مامۆستایی.

## ٥.٥.١ قۆناغی بینین (المشاهدة)

- زلوم(٢٠٢٠) پێناسەی کردوە:

بوار بە خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ بینینی پرۆسەی وانەوتنەو و کار و چالاکییەکانی پۆل، لەشوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا لە ناو قوتابخانە و پۆلدا، ئەو بینینەی کە مەبەستە ئەو بینینەیە کە ئامانجدار و رەخنەگرانەیە؛ بەجۆرێک گفتوگۆی خوێندکار-مامۆستا دەکرێت لە لایەن مامۆستا و بەڕێوبەری قوتابخانەوە گفتوگۆی بەو هەڵوێستانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی پۆلدا بینیوێتی(زلوم، ٢٠٢٠: ل٣١).

- قەرەچەتانی(٢٠١٤) دەڵێ:

ئەم پرۆسەیە بریتیە لە وەی کە هەفتانە ڕۆژێک، خوێندکاران بۆ یەکێک لە قوتابخانەکان دەبردرێن و دەچنە ناو پۆل و لە نزیکەوە سەرنجی ئەو مامۆستایە دەدەن کە وانە دەڵێتەوە، دوای تەواو بوونی وانەکە لە ڕێگەی فۆرم وپێوەری تایبەتیەوە هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ وانەوتنەوەی ئەو مامۆستا بەڕێزە دەکەن، بۆئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە(قەرەچەتانی،٢٠١٤: ٢٤٤).

- عطية و الهاشمي(٢٠٠٨) پێناسەی دەکەن:

مەبەست لە بینین ئەو ئامانجەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو ئاڕاستەی ئامانجە پێشوەختە دیاریکراوەکان دەکرێت، ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پەرەپێدانی ڕەوتە ئیجابییەکان بەرە و هونەری فێرکردن و ڕۆڵی خۆی لە پەرەپێدانی کارامەیی و لێهاتووی پێویست بۆ پیشەی مامۆستایی دەگێڕێت(عطية و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢١٥).

- نصرالله(٢٠٠٨) پێناسەی کردوە:

بریتیە لە هەنگاوێک کە زەمینە خۆش دەکات بۆ بەکارهێنانی دۆخی ڕاستەقینەی فێرکردن، و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خوێندکارانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی پەروەردەییەکان، کە لە ڕێگەیەوە زۆر شت دەربارەی زانست و هونەری فێرکردن فێردەبن (نصرالله،٢٠٠٨: ل٣٦).

- شبلی(٢٠٠٠) پێناسەی کردوە:

لەم قۆناغەدا خوێندکاران ڕاسپێردراون بۆ چاودێریکردنی ڕاهێنانی مامۆستایان لە پول و قوتابخانە جیاوازەکاندا و داوا لە خوێندکاران دەکرێت کە تێبینی چالاکییەکانی مامۆستایان بکەن لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی فێرکردن وەک بەشێک لە بەرنامەی ئامادەکردنیان بۆ پیشەی پەروەردە(شبلی، ٢٠٠٠: ١٣٢).

- پێناسەی ڕێکاری

یەکەم قۆناغە خوێندکار-مامۆستا تێبینی کارئەنجامدانی( أداء) مامۆستا و هەموو هەڵوێستە فێرکارییەکان لە قوتابخانە دەکات، پاشان گفتوگۆی لایەنی باشی و خراپیەکانی لەماوەی ئامادەبوونی لە پۆلدا بینیوێتی دەکات.

## ٦.٥.١ پراکتیزەکردن( التطبيق)

- الضیفی(٢٠٢١) پێناسەی کردوە:

ئەمە قۆناغی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی تەواوەتییە بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە، کە خوێندکار-مامۆستا ئەرکی پەروەردەی مامۆستای بنەڕەتی لە گشت بوارەکانی پۆلدا دەگریتە ئەستۆ و دەرفەتی تەواوی بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆسەی فێرکردن بۆ دەڕەخسێت( الضیفی، ٢٠٢١: ل٤٢٩).

- قەرەچەتانی(٢٠١٤) پێناسەی کردوە:

مەبەست لە پراکتیزەکردن ئەوەیە کە خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردە بۆ ماوەیەک (٥٠-٦٠) ڕۆژ دەچن بۆ قوتابخانەکان و وەک مامۆستا وانە دەڵێنەوەو لە ماوەی پراکتیزەکردن خوێندکار

لە کۆلێژ ئامادە نابێت و وەک خوێندکارێکی مامۆستا لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی یان ئامادەیی وانە دەڵێتەوە لە ئەو کاتەدا مامەڵەی مامۆستای ڕەسەنی لەگەڵ دەکرێت و هەموو یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی بەسەردا دەسەپێت(قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ل٢٥٢).

- التميمي و الطائي(٢٠٠٧) پێناسەیان کردوە:

پراکتیزە یەکێکە لە قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی، کە چەندین چالاکی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، کە لە ڕێگەیەوە خوێندکار وردە وردە فێری هەموو بوارەکانی پرۆسەی خوێندن دەبێت دوای بینیندەست بە وانەوتنەوەی ڕاستەقینە و ڕاپەراندنی ئەرکەکانی بکات(التميمي و الطائي ، ٢٠٠٧: ل ١٨٤).

- سالم و الحليبي(١٩٩٨) پێناسەی دەکەن:

قۆناغی پراکتیزەکردن کۆتا قۆناغی پەروەردەی پراکتیکیە، کە تێیدا خوێندکار-مامۆستا هەڵدەستێت بە ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی دۆخی پەروەردەیی بە تەواوەتی، بە چاودێری و ئاڕاستەکردنی هەریەک لە سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان( سالم و الحليبى،١٩٩٨: ١٧٧).

- پێناسەی ڕێکاری:

پراکتیزەکردن دوا قۆناغی پەروەردەی پراکتیکیە، کە دەرفەتی تەواو لە بەردەم خویندکار-مامۆستادا بۆ پراکتیزەکردنی زانست و زانیارییەکان لە وانەوتنەوەدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی پراکتیزەکردنەوە خوێندکار-مامۆستا فێری ئەزموونی وانەوتنەوە و لە داهاتودا ئامادەی پیشەی مامۆستاییە دەبێت.

## ٧.٥.١ مامۆستای سەرپەرشتیار:

- الياسري(٢٠١٩) پێناسەی دەکات:

وەک مامۆستا کرداری پەروەردەیی لە پسپۆری خۆیدا ئەنجام دەدات ، توانای ئەوەی هەیە گۆڕانکاری لەو کەسانەدا بکات، کە سەرپەرشتییان دەکات، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی پلانی کارێکی مەبەستدار بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی خوازراو( الياسري، ٢٠١٩: ل٢٥٩).

- عسكر والفتحلي(٢٠١٠) پێناسەی دەکەن:

یەکێکە لە ئەندامانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، کە لە لایەن بەشەوە ڕاسپێردراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی خوێندکارانی پەروەردەی پراکتیکی لە بواری پسپۆری خۆیدا و لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکی بە دواداچونیان بۆ دەکات و لە پۆلدا سەردانیان دەکات، هەروەها لە

کۆتایی پەروەردەی پراکتیکیدا هەڵسەنگاندیان بۆ دەکات و نمرەیان بۆ دادەنێت(عسکر و الفتحلي، ٢٠١٠: ل٥).

- سعد(٢٠٠٧) پێناسەی کردوە:

یەکێکە لە ئەندامانی فاکەڵتی لە کۆلێژ، کە هەڵدەستێت بەوتنەوەی خوول و شێوازی وانەوتنەوەی بابەتە جیاوازەکان، یان سەرپەرشتیاریی پەروەردەی لە بوارەکەدا، و بەرپرسە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەی پیشەی خوێندکار-مامۆستا بە درێژایی ماوەی پەروەردەی پراکتیکی(سعد،٢٠٠٧: ل٤٨).

- حمد (٢٠٠١) پێناسەی کردوە:

ئەو کەسەیە کە لە ماوەی دیاریکراوی پەروەردەیی پراکتیکی سەرپەرشتی خوێندکار-مامۆستا دەکات  لە پێناو بەرەو پێشبردنی لیهاتوورییەکانی وانەوتنەوە، کە تایبەتە بە پسپۆریی لەو بابەتەی کە سەرپەرشتی دەکات، ئەمە جگە لە بوونی لێهاتوویی سەرپەرشتیاری پێوست(حمد، ٢٠٠٧: ل٧).

- پێناسەی ڕێکاری:

یەکێکە لە ئەندامانی  پسپۆڕی زانستی یا پەروەردەی کۆلیژی پەروەردە لە لایەن بەشەوە ڕادەسپێردرێت، بۆ  چاودێری و سەرپەرشتیکردنی  خوێندکار-مامۆستا بە درێژای ماوەی پەروەردەی پراکتیکی، هەروەها ئاڕاستەیان دەکات بۆ چۆنێتی وانەوتنەو لە پۆلدا، و لە کۆتایدا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات و نمرەیان پێدەدات.

### ٨.٥.١ بەڕێوبەری قوتابخانە:

- ابوجیش(٢٠١٦) پێناسەی کردوە:

بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەموو ستافی قوتابخانەیە و بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە بە دیهێنانی ئامانجەکانی قوتابخانەکەیە و هەروەها ئەرکی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانەیەلە ئەستۆدایە(ابوجیش، ٢٠١٦ : ل٩).

- معاني(٢٠١٥) پێناسەی کردوە:

ئەو کەسەیە کە بە فەرمی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە وەک بەرێوبەری قوتابخانە دەستنیشانکراوە بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکانی کارکردن لە قوتابخانەکەیدا بەرپرسیار بێت، بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی باشتری پەروەردەیی، کار دەکات بۆ ڕەخساندنی ئەگەر و مەرجەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەی پێشبینی کراون(معاني، ٢٠١٥: ل٩).

- عثمان (٢٠١٠) پێناسەی کردوە:

ئەو کەسەیە کە بەفەرمی بۆ قوتابخانە دانراوە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی هەموو بوارەکانی کاری کارگێری و تەکنیکی و کۆمەلآیەتی لە ناو قوتابخانەدا لە ئەستۆ بگرێت، و بەرپرسی یەکەمە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی قوتابخانە(عثمان، ٢٠١٠: ل١٠).

- القاسم (٢٠١٠) پێناسەی کردوە:

ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی کارگێری قوتابخانە دەکات، هەروەها هەڵدەسێت بەکاری ئاڕاستەکردن و بەدواداچوونی چالاکییەکانی قوتابخانە و سەرپەرشتیکردنی (القسم،٢٠١٠: ل١٢).

- Muthondu(٢٠٠٧) دەڵی:

بەڕێوبەری قوتابخانە پلاندانەر و بەڕێوبەری ئەزموونە پەروەردەییەکانی قوتابیانەیە کە بەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی زانست و کارامەیی سیفەتە کەسیەکان لای قوتابیان و خووی بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵوێستی دروست بەرامبەر بە خۆیان و ئەوانی دیکە وەک ئامادەکاری بۆ گەیشتن و بە دیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان(Muthondu, ٢٠٠٧: p٧٥)

- پێناسەی ڕێکاری:

ئەو کەسەیە کە بە فەرمی ڕاسپێردراوە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە، تاوەکو هەوڵی ڕێکخراو بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێرکاری و پەروەردەییەکان.

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو

## ١.٢ چوارچێوەی تیۆریی

### ١.١.٢ تێڕوانینی مێژوویی بۆ پەروەردەیی پراکتیکی

### ٢.١.٢ چەمکی پەروەردەی پراکتیکی

### ٣.١.٢ ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی

### ٤.١.٢ گرنگی پەروەردەی پراکتیکی

### ٥.١.٢ بنەماکانی پەروەردەی پراکتیکی

### ٦.١.٢ قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی

### ٧.١.٢ پەروەردەی پراکتیکی لە هەندی وڵاتان

## ٢.٢ توێژینەوەکانی پێشوو

### ١.٢.٢ خستەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢.٢.٢ لێکچوون و جیاوازی لە نێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٣.٢.٢ سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆریی وتوێژینەوەکانی پێشوو

### ١.٢ چوار چێوەی تیۆریی:

چوارچێوەی تیۆریی کۆی ئەو بابەت وچەمک و بنەما و ڕێسا و تیۆرییانە دەگرێتەوە، کە لایەنی زانستی تیۆریی بۆ تویژینەوە لە لێکۆڵینەوەی کێشەی توێژینەوە و چارەسەرکردنیدا پێکدەهێنن، توێژەر پشتیان پێدەبەستێت، هەروەها دەبێتە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری کارکردنی توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە

### ١.١.٢ تێروانینی مێژووی بۆ پەروەردەی پراکتیکی:

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کەسانی پەیوەندیدار باسیان لێوەکردوە لە مێژووی پەروەردەدا، وا دەردەکەوێت کە زۆرێک لە نەتەوەکان پشتیان بە شێوازی تایبەتی لە پەروەردەی پراکتکیدا بەستوە لە ئامادەکردنی هاوڵاتیاندا بۆ پیشە و فرمانەکان کە بە شێوازی (خۆپیشەوەرکردن) دەناسرێت، واتە؛ خۆ ئامادەکردن بۆ پیشە(عطیە و الهاشمی،٢٠٠٨: ل٢٠٦)، پەروەردە وەک چالاکیەکی کۆنی مرۆڤ و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە هەمانکاتدا بە ئامرازیک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەربەست و ئاستەگەکانی ژیان و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی ژینگە مادی و کۆمەڵایەتیە گۆڕاوەکاندا ئەژماردەکرێت(جامل، ٢٠٠٠: ل١٤)، کەواتە ڕاهێنان وەک هەر چالاکیەکی مرۆیی بە خاڵێکی زەمەنی و کاتی دەستی پێکردوە، بە دریژایی قۆناغەکانی میژوو پەرەی سەندووە، گەلانی جیاواز لە ماوەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی خۆیاندا ڕاهێنانیان وەک ئامرازێک بۆ بەرەو پێشبردنی کادرەکانی خۆیان بەکارهێناوە بە شێوازی پراکتیکی هەمەجۆر، کە لەگەڵ سروشتی سەردەمەکەی خۆیان و ئەو کارامەییانەدا کە هەوڵیان بۆ بە دیهێنانی داوە بگونجێت (حمدان،١٩٩١: ل٢٢)

لە میسری کۆندا سیستەمی شاگردی پیشەیی بۆ ئامادەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ کاری گشتی پەیڕەو دەکرا، بە جۆرێک لەو کاتەدا میسر گەیشتبووە پلەیەک، کە مێژوونووسانی هاوچەرخ زۆر شانازی بە گەورەیی شارستانییەتی میسریەوە دەکەن(سعد،٢٠٠٧: ل١٨)

بەو پێیەی لە ئەغریق هەر شارێک بۆ خۆی دەوڵەتێک بووە، بۆیە سیستەمی پەروەردەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بۆ نموونە لە (سپارتا) لە سەر بنەمایی ڕاهێنانی جەستەیی(ڕاکردن- بازدان- یاری هێز- مەشقی سەربازی و کاری کوشتاری- بەکارهێنانی ئامرازی جەنگ- سروودی

نەتەوەیی- چیرۆکی پاڵەوانیتی و ڕێپیوانە سەربازییەکان پەیڕەو دەکرا(مرسی،١٩٩٢:ل١٠٧)، بەڵام لە (ئەثینا) پەروەردە بە دوو ڕێگا بووە، کە ڕێگای بە کارهێنانی شانۆی پەروەردەیی و ڕێگای گفتوگۆ بووە( سعد، ٢٠٠٧: ل١٩)، هەروەها ڕۆمانەکان گرنگیان بە سیستەمی پەروەردەی جۆراو جۆر دەدا، یەکێک لە وانە ماڵەکان بوو کە وەک ڕێگایەک بۆ پەروەردە و فێرکردن بە کاریان دەهێنا کە دایکەکان لە ماڵەوە مناڵەکانیان فێری ئەو شتە دەکرد کە مەبەستیانە، باوکەکانیش مناڵەکانیان لەگەڵ خۆیان  بۆ شوێنی کارەکەیان دەبرد و مناڵەکان سەیریان دەکرد و لاساییان دەرکردەوە، هەروەها فێری لەبەرکردنی دروشمە دینیەکان، سرودی نەتەوەیی و یاساکان دەبوون، (ڕۆمانەکان) بڕوایان بە ڕێگایی لاسایکردنەوە هەبوو وەک ڕێگایەک لە ڕێگاکانی پەروەردە(سعد، ٢٠٠٧: ل١٨)، هەروەها پەروەردە لە ڕابردوودا لای (ئێرانیەکان) وەک هیرودۆت باسی کردوە، دەڵێ (ئێرانیەکان) مناڵەکانیان فێری ئەسپسواری و وەشاندنی ڕم و ڕاستی وتن دەکرد(سعید و عبدالخالق، ج١، ٢٠٠١: ل٦٥)، بەڵام پەروەردە لە ئیسلامدا مامۆستا، زانایە یا شاعیرە کە فیری پیشەکەی لە ڕێگەی لکاندن بە خاوەن ئیشەکەیەوە بووە، چ لە قورئاندا یان زانستی ئایینی یان زمان...هتد(عطیة و الهاشمی،٢٠٠٨: ل٢٠٦)

یەکەم ئاماژەی ڕاستەقینە بۆ خودی پەروەردەی پراکتیکی لە چەمکی فەرمی و پەروەردەییەکەیدا، کە ئەمرۆ باوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیی (١٣)، کاتێک یەکێک لە پێداویستیە زۆرەملییەکانی دەرچوونی مامۆستایان و دۆکۆمێنتەکانیان بۆ پیشەی فێرکردن لە زانکۆی پاریسی فەرەنسا لە ساڵی ( ١٢٧٩)دا ئەوە بوو، کە چەند وانەیەک لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا بە قوتابیەکانی بڵێتەوە و پاشان گفتوگۆ لە سەر توێژینەوەیەک یان وتارێک لە بواری خوێندنەکەی خۆی بکات، بۆ یەکەم جار لە سەدەیی (١٧)دا لە فەرەنسا یەکەم دامەزراوەیی پەروەردەیی دامەزرا، پاشان لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمریکا و دواتریش لە چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوادا.

دامەزراوە پەروەردەییەکان لە جیهانی عەرەبیدا دواکەوت، سەرەتا پەیمانگای مامۆستایانی سەرەتایی و دواتر ناوەندیی و پاشان کۆلیژی ناوەندی و دواتریش کۆلیژەکانی زانکۆ دەرکەوتن، کە ماوەی خوێندن تێیدا (٤) ساڵە، دواتر پرۆگرامی خوێندنی باڵا لە کۆلێژە پەروەردەییەکان بۆ بەخشینی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، کە پەروەردەی پراکتیکی یەکێک بوو لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بەرنامەی پەروەردە و ئامادەکردنی مامۆستایان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان(عیاد،٢٠١٣:ل١٢-٢٣)، لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان لە ڕۆڵی مامۆستای قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ پەیمانگایی ئامادەکردنی مامۆستایان و فاکەڵتیەکانی پەروەردە، ئەمانە چەمکی پەروەردەی پراکتیکیان بەرجەستەکرد و

بەرنامەی جۆراوجۆری تایبەتیان بۆ ئامادەکرد بەپێی پسپۆری خوێندکارانی پەیوەندیدار(عطیە والهاشمی،٢٠٠٨: ل٢٠٧)

کۆمەڵگە جیاوەزەکانی مرۆڤایەتی بە پێی فەلسەفە و باوەڕی خۆیان لە خەمی پەروەردەکردنی مامۆستایاندا بوون، بە جۆرێک وڵاتان گرنگیان بە پەروەردەیی مامۆستایان داوە، کە پەیمانگا و کۆلێژەکانیان دامەزراندوە بۆ ئەو مەبەستە، وردە وردە پەیمانگای مامۆستایانیان کردوەتە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، هەر بۆیە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەو پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییانە مەرجە بۆ پیشەی پەروەردە و فێرکردن لە زۆربەی وڵاتانی جیهان(عبداللە، ٢٠٠٤: ل٤٧).

## ٢.١.٢ چەمکی پەروەردەی پراکتیکی:

هەمیشە شوێنێک بۆ پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێژە پەروەردەییەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت هەیە، چونکە نوێنەرایەتی هەموو ئەو ئەزموون و شارەزاییانە دەکات کە خوێندکار-مامۆستا لە کاتی جێبەجی کردنی پەروەردەی پراکتیکی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا جێبەجێی دەکات و پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانی دۆخی فێربوونەوە هەیە.

پەروەردەی پراکتیکی لەو دەرفەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خوێندکار-مامۆستا هەنگاو بەرەو قۆناغێکی نوێ دەنێت، تێیدا لە یەکێک لە قوتابخانەکان پەروەردەی پراکتیکی جێبەجێی دەکەن و لە ڕێگەیانەوە ئەو زاست و لێهاتوویی و بەهاو و ڕەوتانەی، کە لە خولەکانی پەروەردەیی و دەروونی و ئەکادیمی بە شێوەی تیۆری بە دەستیان هێناوە بە شێوەی پراکتیکی لە ناو قوتابخانە و پۆلدا پراکتیزەیان دەکەن، پەروەردەی پراکتیکی دەرفەت بە خوێندکار- مامۆستا دەدات کە لە پیشەکەیدا گەشە بکات، هەروەها لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە و فێرکردنی بچوک و ڕێنوێنی تاکەکەسی و کۆبونەوە و چاوپێکەوتنی تاک و بە کۆمەڵ و بڵاوکراوەی پەروەردەیی و خەمی پەروەردەیی لە ڕێگەی کاردانەوەیەکی ئامانجدارەوە بە یارمەتی مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیاری پەروەردەی پەیدا دەکەن، شارەزایی لە بواری فێرکردن و چۆنێتی سەرپەرشتی کردنی فێرکردن وەردەگرن و توانایی ڕاهێنانیان پێدەدات لە ئەرک و ڕۆڵی فێرکردن لە پیشەی وانەوتنەوەدا بە پلەی بەرزی کارایی و کاریگەر، سەرەڕایی پێشکەوتنی بەرچاو لە سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەت و پراکتیزەکردنەکانی پەروەردە و فێرکردن، بواری پەروەردەی پراکتیکی( ڕاهێنانی مەیدانی) هێشتا پێویستی بە پێداچوونەوەی زیاتر و پەرەپێدان و پێشکەوتن هەیە(الخریشا، ئەوانیتر،٢٠١٠: ل٥).

پەروەردەی پراکتیکی قۆناغی ئامادەکردنی زانستی خوێندکارانە وەک بەرپرسیاریێتی خۆی لە ناو قوتابخانەدا، پەیوەستە بە بەرپرسیاریێتی پراکتیزەکردن، لە لایەکی تریشەوە دەرفەتیکی دەگمەنە بۆ ئەوەی سوود لە هەڵەکانی وەربگرێت، کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بەرپرسیار نین، ئەوەندەی ئاڕاستەی چۆنێتی مامەڵەی ئاشتیانەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەم هەڵانە هەندی جار پەیوەندیان بە زانست و پسپۆری تایبەتەوە هەیە و هەندێ جاریش بە لایەنی تەکنیکی فێرکردنەوە وەک پرۆسەی پراکتیکی و خۆگونجاندن بە پرۆسەی فێرکردن بە گشتی، خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی ڕاهێنانی مەیدانیەوە شارەزایی پەیدا دەکات و فێری هەڵوێستە فێرکاری و کەلێنە ئاڵوز و ساکارەکان دەبێت، هەروەها ڕاهێنان یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی زانیاری و  تیۆری زانستی و پەروەردەی خۆی بگەڕێنیتەوە و لە نزیکەوە فێری تایبەتمەندیەکانی گەشەی قوتابی و گرفتەکانی ببێت و سروشتی کارگێڕی قوتابخانە دەزانێت و ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لە گرنگی دۆزینەوەی پەیوەندی مرۆیی نێوان خۆی و سەرجەم ستافی قوتابخانە و نێوان خۆی و قوتابی تێدەگات(ابو ضبيعات، ٢٠٠٩: ل ٢٨٠).

پەروەردەی پراکتیکی: یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان، ئەگەر کۆی فاکتەرەکان نەبێت، بەڕاستی یەکێکە لە بە پیتترین ماوەکانی ژیانی مامۆستای داهاتوو، نوێنەرایەتی پەیوەندییەکی توند و تۆڵی نێوان کۆلێژەکانی پەروەردە و خوێندکار-مامۆستا و کاری ئەکادیمی و  قوتابخانە و کارەپراکتیکیەکانی دەکات، تێیدا خوێندکاری ئەمڕۆ و مامۆستای (سبەی)بەیانی گرنگترین پێداویستەکانی پیشەی فێرکردن فێردەبێت، هەروەها بیرۆکەی گشتی لە تایبەتمەندیەکانی خوێندنی سەرکەوتوو و  دیارترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە و بەکارهێنانی چەند هۆکارێکی فێرکاری و چۆنێتی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دۆخە ڕاستەقینانەی، کە لە کاتی کارکردن لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە پەیدا دەکات(راشد، ١٩٩٦: ل١٩١)

پەروەردەی پراکتیکی بوارێکە، کە ڕەوتە ئارەزومەندەکانی پیشەی فێرکردن و کارامەیی تێدا دروست دەبێت، کە یارمەتیدەرە بۆ فێرکردن و ناساندنی گرنگترین گرفتەکان و چۆنیتی چارەسەرکردنیان، هەروەها کارلێککردن لەگەل ستافی قوتابخانە و ئەو پەیوەندییەی کە تێیدایە(صابو،١٩٨٨:ل ٣٢١).

(الحلبي و سالم) پێیان وایە، پەروەردەی پراکتیکی" هەموو ئەو ئامراز و شێواز و چالاکییە ستراتیژیانە دەگریتەوە، کە لە لایەن سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکارەوە وەرگیراون بە مەبەستی پێدانی لایەنی مەعریفی و سۆزداریی پرۆسەی فێرکردن بە خوێندکار-مامۆستا، ڕێگە بە خوێندکار-مامۆستا دەدات وردە وردە فێری هەموو بوارەکانی زانستی پەروەردەی ببێت بۆ

ئەوەی دەست بکات بە بینین وسەیرکردن و پاشان دەست بکات بە دانانی ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن مامۆستاوە ئەنجام دەدرێت، تا دواجار دەگاتە پراکتیکی تەواوی کاری مامۆستایی(الحلبي و سالم،٢٠٠٤: ل٨٦)

پەوەردەی پراکتیکی لە جیهاندا لە زۆرێک لە کۆلیژە پەروەردەییەکان بە یەکێک لەو بەرنامە بڕیار لێدراوەکانی پەروەردەی مامۆستایان ناو دەبرێت، کە دەرفەت  بە خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کرداریی لە قوتابخانەیەکدا وانە بڵێتەوە، هەر چەندە خوێندکارانی کۆلیژ یا پەیمانگاکان، جگە لە وانەوتنەوە بە چەندین  ئەزموونداتێدەپەڕن، بەڵام ڕێگەدان بە وەستان لە بەردەم قوتابیان و سەرکردایەتی پرۆسەی فێرکردن، خەمی ئەو کەسانەیە کە بەرپرسن لە  پرۆسەی پەروەردەی پراکتیکی، پێدەچێت ئەم دەستەواژەیە تا دوای دەرکەوتنی پەیمانگا و کۆلیژە پەروەردەییەکان لە ڕۆژئاوا بەو مانایە ئیستا بەکار نەهاتبێت (عبدالله، ٢٠٠٤: ل ٨٠).

پەروەردەی پراکتیکی رەگەزێکی سەرەکی و یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ناو پرۆگرامی پرۆسەی ئامادە کردنی مامۆستایان، هەروەها یەکێکە لە پێداویستییە بنەڕەتی و سەپێنراوەکان کە بەبێ ئەو خوێندکار-مامۆستا ناتوانیت ڕێکارەکانی بوون بە مامۆستا تەواو بکات، ئەو دەرفەتەی پێدەبەخشێت کە ئەو شتانەی لە تیۆریدا فێربووە لە کۆلێژ و خولە جۆرا و جۆرەکانی پەروەردەی گشتی  و پسپۆری تایبەتی لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیاری زانستی و پەروەردەیی، وردە وردە جێبەجێی بکات(دليل التربية العمليه بجامعه الملك فيصل ١٩٩٦: ل٤٤).

پەروەردەی پراکتیکی کە لە پۆلەکانی خوێندندا ئەنجام دەدرێت، بەشێکە لە پەروەردەی جێبەجێکردن، بواری پەروەردەی پراکتیکی  بۆ خوێندکار-مامۆستا گشتگیر و گشتیرتر دەکات بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی بە سەرپەرشتی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و مامۆستای هاوکار، بۆ ئەوەی خوێندکار-مامۆستا ئەو شارەزاییانە پەیدا بکات کە لە بوارەکەدا هەڵقولاوە، وانەوتنەوەی پراکتیکی سنوردار نیە بۆ ئەو ماوەیەی کە خوێندنە تیۆرییەکان لە قوتابخانەکاندا بە شێوەی پراکتیکی پەیرەو دەکرێت، بەڵکو ئەو ماوەی فێرکردنەیە کە تێیدا خوێندکار-مامۆستا ئەو مەودا تیۆرییە پەروەردەییانەی کە لە کۆلێژەکان فێرکراون لە لایەن مامۆستایانەوە جێبەجێ دەکرێن و لە نزیکەوە شارەزایی ژینگەی قوتابخانە دەبێت(حسن،٢٠٠٩: ل١١).

لە سەرەوە ڕوونکرایەوە کە کۆی بابەتەکانی پێشوو بە دەوری یەک چەمکدا دەخولێنەوە، کە دەکرێت لەم پێناسەیەدا کورتبکرێتەوە ئەویش: بەرنامەیەکە کە لە لایەن کۆلێژ و فاکەڵتیەکانی پەروەردەوە ڕێکخراوە و  سەرپەرشتی دەکرێت بە ئامانجی ڕێگەدان بە خوێندکار-مامۆستا بۆ

فێربوونی دۆخی پراکتیکی پرۆسەی خوێندن و پراکتیزەکردنی بە پیادەکردنی ئەو شتانەی کە لە بیردۆز و تیۆرییە پەروەردەییەکان بە پراکتیکی جێبەجێدەکرێن.

## ٣.١.٢ ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی.

دەکرێت بەوە دەست پێبکات کە مرۆڤ ئەوەی دەیبیستێت لە بیری دەکات و ئەوەی دەیبینێت بیری دەکەوێتەوە، هەروەها فێری ئەوە دەبێت کە دەیکات و ئەنجامی دەدات، جەخت لە گرنگی ئەنجامدانی شتەکان دەکاتەوە بۆ سەقامگیریان لە یادی مرۆڤەکاندا، کە ئەم ڕێگەیە باشترە لەوەی کە گوێیان لێدەگرێت یان بیانبینێت، بۆیە گرنگی ڕاهێنانی مەیدانی لە گرنگی پیشەکە و پێویستی مەشقپێکردندایە پیش ئەوەی لە ڕاستیدا پراکتیزەیان بکات، چونکە پیشەی وانەوتنەوە لاسایی عەقڵ و کەسایەتی تاکەکان دەکاتەوە، بەو مانایەی کە ئایندەیان لە دەست مامۆستاکانیاندایە، بۆیە گرنگی پەروەردەی پراکتیکی دەخاتەڕوو(حزبون، ٢٠٠٨: ل١١)

پەرورەدەی پراکتیکی ئامانجی ڕێگەدانە بە خوێندکار-مامۆستا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تەواوی بارودۆخی پەروەردەیی و سروشتی خۆی ببێتەوە، بۆ پەرەپێدانی توانایی بەرپرسیارێتیەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی گونجاو، چونکە پەروەردەی پراکتیکی ڕەوتە ڕەوشتییە خوازراوەکانی خوێندکار-مامۆستا بەرەو پیشەی فێرکردن دەبات(حمد،٢٠٠٧: ل١٥).

## ١.٣.١.٢ گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی.

١. پیادەکردنی هەموو ئەزموونە پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان، کە خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی خوێندن و کۆمەڵگەوە لە بواری پراکتیکیدا بە دەستی هێناوە.

٢. برەودان بە هەستی خوێندکار-مامۆستا بۆ گرنگی و پیرۆزی پیشەیی فێرکردن و بە دەست هێنانی هەموو ئەو لێهاتووە گشتی و تایبەتیانەی کە پێویستە بۆ پیشەی مامۆستایی(البغدادی و البغدادی، ٢٠٠٥:ل١٤٠-١٤١).

٣. دەستکەوتن و پەرەپێدانی لێهاتوویی پیشەیی لای خوێندکار-مامۆستا، کە یارمەتی دەدات کاری پیشەی خۆی بە سەرکەوتووی ئەنجام بدات

٤. بەستنەوەی لایەنی تیۆری و پراکتیکی بە دانانی ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە فێری بووە بۆ بواری پراکتیکی(دنیا، ١٩٨٢: ل١٤).

٥. دیاریکردنی ئەو بنەما پەروەردەیی و دەروونییانەی کە تێیدا مامۆستا پەروەردە ڕێکدەخات.

٦. ناسینەوەی تایبەتمەندی و خواست و پێداویستیەکانی قوتابیان بە مەبەستی ڕەچاوکردنیان لە کاتی ڕێکخستنی فێربوون بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەکردنی لایەنی فێربوون.

٧. بە دەستهێنانی لێهاتووی پەروەردەیی و فێرکاری پێویست لە کارەکەیدا وەک مامۆستا و پەروەردەکار(مرعی و مصطفی، ٢٠١٤ : ل٩).

٨. خوێندکار- مامۆستا لەسەر ئامادەکردن و شێوازێکی باشی وانەوتنەوە ڕادەهێنێت.

٩. خوێندکار- مامۆستا شارەزایی دەبێت لەو بابەتەکانی خوێندن کە قوتابیان لە قوتابخانەکان دەیخوێنن (جرادات واخرون، ٢٠٠٨: ل١٥).

١٠. ڕاهێنانکردنی خوێندکار-مامۆستا لە سەر شێوازی فێرکردن بە شێوەیەکی پراکتیکی.

١١. دەستبەرداربوون لە پراکتیزە نەرێنیەکان و جێگرتنەوەیان بە پراکتیزە ئەرێنیەکان.

١٢. متمانە لای خوێندکار-مامۆستا دروست دەکات، لە ڕێگەی هاوسەنگی ئەو کارامەییانەی کە لە بەرنامە پراکتیکیەکانەوە بینیوێتی.

١٣. ڕاهینانکردنی خوێندکار-مامۆستا لە سەر ڕێکخستنی کات و ڕێزگرتنی.(سعد،٢٠٠٧: ل٢٨)

١٤. خوێندکار-مامۆستا زانیاری لە بارەی ژینگەی قوتابخانە، یاساکانی کارکردن و ئەو کێشانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ڕوودبدات پەیدا دەکات و چۆنێتی چارەسەرکردنیان فێردەبێت.

١٥. خوێندکار-مامۆستا دەبێت مامەڵە لەگەڵ مامۆستایان و کارگێری قوتابخانە بکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە پێویستیەکان بە دەست بهێنێت.

١٦. خوێندکار-مامۆستا پەرە بە تواناکانی بدات بۆ بەڕێوەبردنی پۆل.

١٧. خوێندکار-مامۆستا ڕادەهێنێت کە گرنگی بە ڕووکەش و لەشجوانی خۆی بدات(عطية و الهاشمی،٢٠٠٨: ل٢١٠-٢١٢).

١٨. متمانە بە خۆبوون و زاڵبوون بەسەر ئەو ترسانەی کە ڕەنگە هەستی پێبکات لە کاتی ڕووبەڕوبونەوەی بارودۆخی نوێی پیشەیی(الموسوی، ٢٠٠٥: ل٣١٣).

١٩. زانینی بەها ڕەوشتیەکان کە پەیوەستە بە پیشەی پەروەردە و فێرکردن کە پراکتیزەی دەکات(دمعة، ١٩٨٧: ل١١١)

٢٠. کاردەکات بۆ ڕەخساندنی هەلی ڕاستەوخۆ و واقعی، تاوەکو خوێندکار-مامۆستا توانای چاودێری کردنی قوتابیانی لە قوتابخانە هەبێت، هەروەها زانینی دۆخی خۆیان لە ڕووی

دەروونی و هەڵسوکەوتی پەروەردەییەوە، ئەم زانینە یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات شێواز و هەڵسوکەوتی گونجاو پەرەپێبدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیاندا، دواتر کیشەکان چارەسەر بکات(نصرالله، ٢٠٠٨: ل٣١).

الأغا(٢٠٠٠) ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی دابەش کردوە بەسەر (٣) سێ جۆردا ئەوانیش:

❖ ئامانجی مەعریفی

أ- ئاشنا بوون بە سروشتی ژینگەی قوتابخانە و یاسا و بنەماکانی کارکردن تییدا.
ب-کارکردن بۆ پێدانی زانیاری لە بارەی بەڕێوەبرنی پول و قوتابخانە.
ت-ئاشنا بوون بە ئەرکی و بەرپرسیارێتیەکانی بەرێوەبەر و مامۆستا و ستافی قوتابخانە.
ث-ناسینی ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە کە زاڵن لە قوتابخانە و کارکردن بۆ نوێکردنەوە و پەرەپێدانی.

❖ ئامانجی لێهاتووی ( کارامەییە دەروونی و جووڵەیی و کۆمەڵایەتی)

أ- گەشەکردنی لێهاتووی تێبینیکردن و چاودێری کردنی وورد لای خوێندکار-مامۆستا.
ب-پەرەدان بە شارەزایی بە کارهێنان و کارکردن بە هۆکارەکانی فێرکردن.
ت-پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی وەک ڕێزگرتن لە سیستەم و پابەندبوون و هاوکاریکردنی ئەوانی تر.
ث-پەرەپێدان بە لێهاتووی وانەوتنەوە وەک کارامەیی ئامادەکردن و داڕشتنی ئامانجەکان.

❖ ئامانجی سۆزداری

أ- پەرەپێدانی ڕەوتە پۆزەتیڤەکان بەرەو پیشەی فێرکردن.
ب-بەهێزکردنی هەستی ئینتیما بۆ پیشەی فێرکردن.
ت-قبوڵکردنی ڕەخنە و پێشنیار لە کەسانی بە ئەزموون وەک (بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و هتد). ( الأغا، ٢٠٠٠: ل٤٤-٤٥)

حزبون(٢٠٠٨) پێی وایە ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی دابەش دەبیت بە سەر چەند بوارێکدا لەوانە:

❖ ئامانجی مەعریفی

ڕەهەندەکانی پرۆسەی فێرکردن دەگریتەوە، وەک فێربوونی مەیل و ڕەوتەکانی قوتابی قۆناغی پەروەردەی کە کاری لەگەڵ دەکات، هەروەها زانیاری لە سەر ژینگەی قوتابخانە و یاسا و کێشە و گرفتەکانی بە دەست دەهێنێت و ڕۆڵی بەڕێوەبەر و مامۆستا و ستافی قوتابخانە و

ناوەروەکی فێرکردن و خشتەیکاری قوتابخانە دەزانێت، ئەمە جگە لە ڕێگاو شیوازی تایبەت بە فێرکردن.

❖ ئامانجی کارامەیی

دابەش دەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا:

یەکەم: کارامەیی دەرونی، کە بە ووردی چاودێری و وەسف و شیکاری و داڕشتنی ئامانجەکان و پلاندانان و هەڵبژاردنی شێواز و ئامرازی گونجاو و شارەزایی پرسیارکردن لە خۆدەگرێت، دووەم: کارامەیی جوڵەیی(دینامیکی) وەک نوسینێکی باش و میانڕەویی و هەمەجۆری جوڵان و دەنگ و چۆنێتی بەکارهێنانی هۆکارە فێرکاریەکان، هەروەها کارامەیی کۆمەڵایەتی، وەک گیانی هاوکاری و ڕێزگرتن و پابەند بوون.

❖ ئامانجی سۆزداری و بەهاکان

کە بریتین لە پەرەدان بە ڕەوتە پۆزەتیڤەکان و بە هێزکردنی هەستی ئینتیما و جەختکردنەوە لە سەر چالاکی و ڕێزگرتن، جگە لە پێدانی چەند ڕەوتێکی زانستی وەک ڕاست و دروستی و خۆشەویستی و ناسینەوەیان(حزبون، ٢٠٠٨: ل١٢)

### ٢.٣.١.٢ ئەو هۆکارانەی کار لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی دەکەن:

کۆمەڵێک هۆکار کە سەرکەوتنی پەروەردەی پراکتیکی لەسەر وەستاوە گرنگترینیان.

- سەرپەرشتیار و ڕادەیەی شارەزایی و ئەو لێهاتوویەی کە هەیەتی بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی.
- خوێندکار-مامۆستا و ڕادەی ئامادەکارییە تیۆری و دەروونیەکانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی فێرکردن.
- قوتابخانە ئەو قوتابخانەی کە پراکتیزەی تێدا دەکات، تا ئە و ڕادەیە توانایی هەیە کە خوێندکار-مامۆستا سوودی لێوەربگرێت(حمد، ٢٠٠٧: ل١٦)

یاسین(٢٠٠٢)ئەم هۆکارانەی خستوەتەڕوو:

- هەڵبژاردنی پەیمانگا و کۆلێژەکان لەلایەن خوێندکار-مامۆستا بۆ ئەوەی لە نەخۆشی دەروونی(النفسیة) و ژیری(عقلیة) دوور بێت، کە ناوبانگی باش و گونجا لە ڕابەریکردنی قوتابیانی هەبێت.

- هەڵبژاردنی قوتابخانە بۆ پەروەردەی پراکتیکی نابێت لە سەر بنەمایی هەڕەمەکی بێت، دەبێت لەسەر بنەمایی پەروەردەی هەلبژێردرێت، لە ڕووی ئاسانکاری و ئامراز و کەرەستەی گونجا و ئامادەبوونی مامۆستای کاریگەر و لێهاتووی مامۆستایان و بوونی مرۆڤایەتی لە نێو ستافەکانی قوتابخانە.
- خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی تەکنیکی پەروەردەی پراکتیکیەوە کارامەیی و لێهاتووی و زانیاری پەیوەندیدار بە وانەوتنەوە نیشان دەدات لە هەندێک چالاکیدا وەک پلاندانان، جیبەجێکردن، هەڵسەنگاندن.
- خوێندکار-مامۆستا دەبێت پلان دابڕێژێت و چاودێری بکات، بزانێت چی دەزانێت تێبینی چی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئامادەکاری بۆ وانەکە بکات و بەسەر کێشە و ئاستەنگەکاندا زاڵ بێت کە لە کاتی وانەوتنەوەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە(یاسین،٢٠٠٢: ل ٤٣)

## ٤.١.٢ گرنگی پەروەردەی پراکتیکی:

چەندین لێکۆلینەوە و توێژینەوەی زانستی جەختیان لەسەر گرنگی پەروەردەی پراکتیکی و کاریگەرییەکانی لە سەر ئامادەکردن و پێگەیاندن و کارامەیی و لێهاتووی خوێندکار-مامۆستا بۆ پیشەی فێرکاری لە ڕووی پراکتیکی و دەروونی و هونەرییەوە کردوەتەوە.

شارەزایانی بواری پەروەردە کۆکن لەسەر ئەوەی پەروەردەی پراکتیکی بڕبڕەی پشتی پرۆگرامەکانی کۆلێژە پەروەردەییەکانە و بەردی بناغەیە لە ئامادەکردن و لێهاتوویی مامۆستایاندا، و بنەمایە بۆ پەروەردەکردنی خوێندکار-مامۆستا، گرنگی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدایە، تا ڕادەی خۆگونجاندن لەگەل ڕەوتە پەروەردەییە هاوچەرخەکان لە ئامادەکردن و لێهاتووی مامۆستایاندا(علي، ٢٠٠٩: ل١٤)

احمد واخرون (٢٠٠٨) دەڵێن: گرنگی پەروەردەی پراکتیکی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو ئامانجانەی کە بە دوای بە دیهێنانیدایە، هەروەها هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان تیۆری و پراکتیکی دەدات، جگە لەوەی کە لە ئامادەکردن و ڕاهینانی مامۆستایاندا لەگەڵ ڕەوتە پەروەردەییە هاوچەرخەکان بگونجیت، بە تایبەت ناسینی چەمک و بنەما و تیۆرییە پەروەردەییەکان لە لایەن خوێندکار-مامۆستاوە، هەر چەندە نیشانەیەکی پێویست نیە کە لە ڕێگەیەوە بڕیار لە سەرکەوتنی خوێندکار-مامۆستا بدەین، بەڵکو پێویستە دڵنیابین کە توانای جێبەجێکردنی ئەم زانین و چەمک و پرەنسیپ و تیۆرانە بە شیوەیەکی زانستی دروست و شێوازی کارامەیی باش پیادە بکات، بۆیە دەکرێت بوترێت خوێندکار-مامۆستا ئەو شارەزایی

وانەوتنەوەی  یان لێهاتوییە کارایەی بە دەست هێناوە کە توانای ئەوەی پێدەدات کە کارەکەی بە تەواوی ئەنجام بدات(أحمد و واخرون، ۲۰۰۸: ل۲۳۳).

جرادات و اخرون(۲۰۰۸) پێیان وایە: (کە گرنگی پەروەردەی پراکتیکی لە ڕێگەی ئەو ئامانجانەیە کە بە دوای بە دیهێنانیدا دەگەڕێت، دەکرێت بووترێت گرنگی پەروەردەی پراکتیکی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆشایی نێوان تیۆری و پراکتیکی لادەبات، هەر بۆیە گرنگی پەروەردەی پراکتیکی ڕوون و دیارە، چونکە یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی وردە وردە بە شێوەیەکی سیستەماتیک شارەزایی فێرکاری پەیدا بکات، ئەمەش وا دەکات بۆ خوێندکار-مامۆستا بۆ بەدەستهینانیان ئاسانتر بێت، هەروەها بوونی سەرپەرشتیاری پەروەردەی کە یارمەتی دەربێت بۆ ئەوەی باشتر لەم شارەزایی و کارامەییانە تێبگات)(جرادات واخرون، ۲۰۰۸: ل۱٦-۱۷).

(ابوجابر و بعارة،۱۹۹۹) ئاماژە بە گرنگی پەروەردەی پراکتیکی دەکەن:

- ئاشنا بوونی خوێندکار-مامۆستا بە بوارەکانی پرۆسەی خوێندن لە ناو قوتابخانە و پۆلدا.
- خوێندکار-مامۆستا دەرفەتی ئەوەی بۆ ئەرەخسێت بۆ وەرگێڕانی زانیاری تیۆری و پرەنسیپ و بیرۆکەی پەروەردەی بۆ شێوەی فێرکردنی ڕاستەقینەی.
- یارمەتدەرە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی پەروەردەیی و لابردنی وردە وردە زۆرێک لەو ترسانەی کە لە سەرەتایی مەشق و راهێناندا توشی بووە.
- دەرفەتی پراکتیکی و ڕاهێنانی بۆ دابین دەکات کە ئاڕاستەکراوە بۆ پەرەپێدان بە لێهاتووی و فێرکردن و یارمەتیدانی بۆ دروست بوونی هەڵوێست و مەیلێکی ئەرێنی بۆ ئەو پیشەیەی کە خۆی بۆ ئامادە دەکات (ابوجابر و بعارة، ۱۹۹۹:ل۳۰) .
- گوزارشت لە پەیوەندییەکی نزیکی نێوان کۆلیژەکانی پەروەردە دەکات لە لێهاتووی کاری ئەکادیمی سەرکەوتوو، هەروەها قوتابجانە و کارە پراکتیکیەکانیان کە تێیدا خوێندکاری ئەمڕۆ و مامۆستایی سبەی تێیدا فێری پێداویستیەکانی پیشەی وانەوتنەوە دەبن.
- خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەیەوە شارەزایی پرۆگرامی خوێندن دەبێت، هەست بە لایەنی بەهێز و لاوازی دەکات و پێشنیاری چارەسەریش دەکات.
- خوێندکار-مامۆستا بە هێز دەبێت لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کارگێری قوتابخانە و کۆلیژ و قوتابیان و دایک و باوکان و  چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵیان(علي، ۲۰۲۰: ل۱٤-۱٥).

- دەرفەت بە خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ بە دەستهێنانی کۆمەڵێک زانیاری و لێهاتووی ڕەوتە درێژخایەنەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرێت لە پیشەی فێرکردندا، هەروەها ڕێنیشاندەربێت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان.
- دەرفەتی پراکتیکی ڕاستەوخۆ بە خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ پیادەکردنی ئەو بنەما و چەمکە پەروەردەییانەی کە لە ڕێگەی ئامادەکردنی پیشەکەی کە لە پەیمانگا یان کۆلێژەکان فێری بووە، بەم شێوەیە دەتوانێت کارامەیی و ئاڕاستە و زانیاریەکان بە پرۆسەی پراکتیکیەوە ببەستیتەوە، کە یەکەم دیداری ڕاستەوخۆی لەگەڵ قوتابیان لە دۆخی جێبەجێکردنی کرداری لەڕێگەی پراکتیزەکردنی کاریگەرەوە دەبێت لە قوتابخانەکان(زكرياء و لخضر،٢٠٢٠: ل٣٣).
- لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکیدا خوێندکار-مامۆستا ڕادەی ئارەزووی ڕاستەقینە و مەیلی دڵسۆزانەی بۆ پیشەی فێرکردن و پێکهێنانی ئاڕاستە ئەرێنیەکان ئاشکرا دەبێت.
- خوێندکار-مامۆستا شیاودەکات بۆ بەدەستهێنانی کارامەییە سەرەکییەکانی فێرکردن، وەک ئامادەکردنی وانەکان و چۆنێتی پێشکەشکردنی بابەتەکان و چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، هەروەها کۆمەڵێک شارەزایی پێویست بۆ مامۆستای سەرکەوتوو(دليل التربية العملية، ل٥).
- خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی پەروەردەی پراکتیکیەوە پەیوەندی ئەو بابەتە تیۆرییانەی کە لە زانکۆ خوێندویەتی بە توانای جێبەجێکردن کرداری لە قوتابخانە و پۆلدا دەبینێت، هەروەها بڕوای بە خۆی هەیە، کە هەموو تەواوکاریی کارئەنجامدانی لە سەر بنەمایی تیۆرییە، بەو شێوەیە خوێندکار-مامۆستا لە سوودی خوێندنی تیۆری لە زانکۆ دڵنیا دەبێت، هەروەها بڕوای تەواوی دەبێت بە گرنگی خوێندنی تیۆری و قبوڵیان دەکات، زەمینەی پرسیار و گفتوگۆکانی ئەنجامی تیۆری بوون لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکەی.
- پەروەردەی پراکتیکی یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی شێوازی تایبەتی خۆی لە وانەوتنەوەدا هەبێت، هەروەها یارمەتی بدات لە ڕێکخستنی کات و ڕێزی بگرێت و کێشەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە، هەروەها وێنەیەکی ڕوون لە ڕۆڵی مامۆستا و شوێنەکەی لە پرۆسەی پەروەردە دروست بکات و فاکتەر و هەلومەرجێک پێکبێنێت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان و قوتابیان بەڕێوەببات(سعد،٢٠٠٧: ل٢٦-٢٧)

سەرەرای ئەوە پەروەردەی پراکتیکی بەشدارە لە پێدانی تایبەتمەندی سەرکردایەتی بە خوێندکار-مامۆستا و سەرپەرشتی و ڕێنمایکاری قوتابیان و کۆنترۆڵکرنی رەفتارەکانیان و

توانای بەرێوەبردنی پۆل، هەروەها بەشداره له لابردنی ترسی له ڕووبەڕوبونەوەی بارودۆخی پەروەردەیی.

خوێندکار-مامۆستا له ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەخۆ و کارلێککردن له دۆخی پەروەردەیی هاوبەشدا له نێوان خۆی و قوتابیەکانی و هەلومەرجی ژینگەیی و ڕێگاکانی وانەوتنەوه ئەزموونی زیندو و واقیعی و بەرجەسته له پیشەکەیدا پەیدا دەکات، که یارمەتی دەدات له کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا ڕووبەڕووی هەندێ لەو کێشه لەناکاوانه ببێتەوه، سەرباری ئەوەش ئەزموونەکانی خۆی دەپاڵێوێت و کەسایەتی خۆی دروست دەکات و بەها کۆمەڵایەتیەکان بنیاد دەنێت و له هەلومەرجه جیاوازەکان باش هەڵسوکەوت دەکات(الأغا و عبدالمنعم، ١٩٨٩: ل٢٧).

بوارێک گونجا که خوێندکار-مامۆستا له ڕێگەیەوه شارەزایی پەیدا بکات بۆ ئەو بابەتەی که پسپۆریەتی، هەر وەک یاریزانێک شارەزایی پەیدا دەکات لەو یارییەی که بەباشی و بەردەوام ڕاهێنانی تێدا دەکات، هەر چۆن دکتۆری نەشتەرگەری شارەزایی پەیدا دەکات له نەشتەرگەری جۆراوجۆر له ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام و باش له پیشەکەی خۆیدا، بۆیه خوێندکار-مامۆستا بنچینه و ڕێساکانی پیشەی وانەوتنەوه به دەست دەهێنێت له ماوەی پەروەردەی پراکتیکی لەڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام و باش و سەختەوە، هەر بۆ ئەوەی خوێندکار-مامۆستا بتوانن ڕووبەڕووی ئەو کێشانه ببنەوه، که ڕەنگه له ژیانی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی ببێتەوه(تقرير مشترك بين وزارة التربية و وزارة التعليم العالى، ١٩٩٨: ل٦٤).

## ٥.١.٢ بنەماکانی پەروەردەی پراکتیکی:

پەروەردەی پراکتیکی بۆ ئەوەی هەڵسێت به ڕۆلی کارایی خۆی له سەرکەوتن و ئامادەکردنی خوێندکار-مامۆستا، دەبێت بنەما بنەڕەتیەکان پەیرەو بکرێت" که گرنگترینیان ئەوەیه که پێویسته پەروەردەی پراکتیکی به شێکی دانەبڕاوی پرۆگرامی ئامادەکردنی مامۆستایان بێت، چونکه پێویستەبوار به خوێندکار-مامۆستا بدرێت بۆ ئاشنابوون به قوتابی له بابەتی پەروەردەی پراکتیکی و بابەتەکانی تریش، هەروەها پێکهاتەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان هەمووی تەواوکەر و بەرزکەردنەوەی ئەو ڕۆڵەیه که پەروەردەی پراکتیکی گێڕاویێتی، سەرەڕای ئەوەش پێویسته سەرپەرشتیاری سەرەکی پەروەردەی پراکتیکی ئەو مامۆستایانه بن که له پەیمانگا یان کۆلێژەکان وانەدەڵێنەوه، ئەوه هەڵەیه کەسەرپەرشتیاری بۆ مامۆستایانی هاوکار جیبهێڵرێت، هەرچەنده پێویسته هەموو بەشداربووان، بەشداری له پلانی پەروەردەی پراکتیکیدا بکەن(عبدالله، ١٩٧٩: ل٩٨).

(عطية والهاشمي، ٢٠٠٧) گرنگترین بنەماکانیان دیاری کردوە کە ئەمانەن:

- پەروەردەی پراکتیکی بە شێکی دانەبڕاو و کاریگەرە لە بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان، کە کاریگەری بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی هەیە.
- پەروەردەی پراکتیکی سیستەمێکە کە تێکڕای پرۆسە و دەرهاویشتە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و هەر کەموکورییەک لە پێکهاتەکانی ئەم سیستەمەدا کاردەکاتە سەر ئەنجامەکانی پەروەردەی پراکتیکی، چونکە پێکهاتەکانی ئەم سیستەمە تەواو تێکەڵن لە نێوان خۆیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان.
- پەروەردەی پراکتیکی پێویستی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی مرۆیی و کەرەستە و ئامڕازی مادی هەیە، ئەگەرنا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەکاتە سەر ئەنجامەکان.
- سەرکەوتنی پەروەردەی پراکتیکی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەستە بە وردی پلان و ڕێکخستنی بەرنامەیەکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی.
- پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی پێویستی بەوەیە کە بەرپرسیارێتی هەموو لایەنە بەشداربووەکان سنوردار بکات و ڕۆڵەکانیان بناسرێت(عطيه و الهاشمي، ٢٠٠٧: ل٢٠٧-٢٠٩).
- ڕوونکردنەوەی هەموو بەرپرسیارێتیەکانی پەروەردەی پراکتیکی بۆ خوێندکار-مامۆستا، کە مەرجی پێویستە بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکان.
- دانانی پلانی پێشوەختەی کاریگەر بۆ پەروەردەی پراکتیکی لە لایەن بەرپرسان و سەرپەرشتیاران و دیاریکردنی قوتابخانەی جێبەجێکار و هاوبەش و تێگەیشتن لە ڕۆڵی پەروەردەی پراکتیکی لە بواری ئامادەکردنی مامۆستادا.
- ئامادەکردنی خوێندکار-مامۆستا لە ڕووی هزری و دەروونییەوە لە لایەن سەرپەرشتیارەوە پێش ئەوەی بچێتە ناو ئەزموونی پەروەردەی پراکتیکیەوە، لە سەرپەرشتیارەوە فێری گرنگی و ئامانج و قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی و چۆنێتی سەرکەوتن ئەم ئەزموونە دەبێت.
- بینین و چاودێری کردنی دۆخی وانەکان بۆ ئەوەی توانای تێبینیکردنی ڕێکخرا و مەبەستدار لای خوێندکار-مامۆستا پەرە پێبدات (أحمد،٢٠٠٥: ل١٤٣-١٤٤).
- گشتگیری بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی بۆ پەرەپێدانی هەموو لایەنەکانی لێهاتووی وانەوتنەوەی خوێندکار-مامۆستا چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی پۆل بێت بە کارلێککردن لەگەڵ چالاکیەکانی قوتابخانە و وەڵامدانەوەی داواکاریەکانی کارگێری قوتابخانە.

- دابینکردنی توانا مرۆیی و مادییەکان وەک سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و بەرپرسانی کۆلێژ و قوتابخانە و پاداشتی دارایی گونجا و هەموو داواکارییەکانی پەروەردەی پراکتیکی بۆ بە دیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان(راشد، ١٩٩٦: ل ٩٩).
- پرۆسەیەکی پلان بۆ دارێژراوی رێکخراوە لە سەر بنەمای لێهاتووی و تواناکان، بە پرۆگرامێک بەرێوەدەبرێت لە کاتی ئامادەکردن یان جێبەجێکردن یان هەڵسەنگاندنیدا، هەر یەک لە قۆناغەکان ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە تێیدا لایەنی زانستی و ویژدانی و کارامەیی دیاریدەکات(عبدالهادي، ٢٠٢٠: ل٧-٨)
- پەروەردەی پراکتیکی بەشێکی سەرەکیە لە پێکهاتەی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان، هەروەها توانای خۆی تاقیدەکاتەوە بۆ وانەوتنەوە و هەڵدەستێت بە رۆڵە جیاوەزەکانی مامۆستا.
- پرۆسەی هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا کۆڵەکەیەکی بنەرەتیە لە پەروەردەی پراکتیکدا، بۆ ئەوەی هەلسەنگاندنەکە هەموو ئەو لایەنانە بگرێتەوە، کە خوێندکار-مامۆستا لە چوارچێوەی دامەزراوەی خانەخوێیدا دەیکات، هەتاکو سوود لە هێز و لاوازیەکانی وەربگرێت بۆ باشترکردنی توانای خۆی(رابح، ٢٠١٨: ل٧٩).

## ٦.١.٢ قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی (مراحل التربية العملية)

پەروەردەی پراکتیکی یەکەم بلۆکی(خشت) دروستکردنە لە ژیانی خوێندکار-مامۆستا، بەوەی بتوانێت ئەو بنەما و چەمک و تیۆرییە پەروەردەییەی بە دەستی هێناوە، لە ژیانی داهاتوویدا بناغەیەکی پەروەردەیی هەبێت، کە لە رێگەیەوە وردە وردە هەنگاو هەبێت تا کەسایەتیەکەی وەک مامۆستایەکی داهاتوو بە شێوازی فێرکردن و فەلسەفەی پەروەردەی تایبەت بە خۆی هەبێت(سعد، ٢٠٠٧: ل٥٩).

بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان پەرەی سەندوە بۆ هاوسەنگ بێت لەگەڵ پێشکەوتن و گۆرانکارییە خێراکان، بەو پێیەی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان سەرنجی لە سەر لایەنی زانیاری پرۆسەی ئامادەکردنی مامۆستایان بوو، ئەم جۆرە ئاراستەیە رەخنەی زۆری لێگیرا، چونکە زانیاری بە مانای هەبوونی لێهاتووی وانەوتنەوە نیە، دەرکەوتنی ئەو بەرنامەیەی کە سەرنج دەخاتە سەر سروشتی فێرخواز کە لایەنی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە، ئەم ئاراستەیەی کە تیشک دەخاتە سەر دابینکرنی ئەو لێهاتوویانەی کە مامۆستا دەتوانێت یارمەتی تاکی فێرخواز بدات بۆ پەرەپێدانی پێداویستە مەعریفی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان(أبو دقة و اللؤلؤ،٢٠٠٧: ل٤٦٧).

لایەنی پراکتیکی لە قوتابخانەکان کارامەییەکی سەرەکی و ئالۆز و زۆر گرنگە، چونکە ڕۆڵی کاریگەری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکیدا هەیە کە دواتر سوود بە خوێندکار-مامۆستا و سیستەمی پەروەردەیی دەگەیەنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بۆیە پێویستە خوێندکار-مامۆستا لەم قۆناغەدا بخرێتە بەردەم پەروەردەی پراکتیکی تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت سوودی لێوەربگرێت(حزبون، ٢٠٠٨: ل١٧)

کاتێک خوێندکار-مامۆستا دەست بە پەروەردەی پراکتیکی دەکات دەچێتە ناو دنیایەکی ترەوە، کە تێیدا توشی ترس و دڵەراوکی و سەرلێشێواوی دەبێت، سەرەڕای ماوەی خۆ ئامادەکردنی ئەکادیمی ئەو ڕەفتارەی کە خوێندکار پێیدا تێدەپەڕێت لە کۆلێژ، هەر کە خوێندکار-مامۆستا یەکەم هەنگاو دەنێت لە لە پەروەردەی پراکتیکی بە شێک لەو ترسەی لا دەبات و هەست بە متمانە و دڵنیایی دەکات لە کاتێکدا بەردەوام ڕووبەڕووی دۆخی پەروەردەی جیاواز دەبێتەوە(سعد، ٢٠٠٧: ل٥٩).

- پەروەردەی پراکتیکی چەند قۆناغێک لە خۆ دەگرێت ئەوانیش:

(راشد،١٩٩٦) ئاماژەی بە قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی کردوە، بە قۆناغی ئامادەکاری زانستی بۆ خوێندکار-مامۆستا دەستپێدەکات، پاشان قۆناغی فێرکردنی بچوککراوە دێت، بەدوایدا قۆناغی بینین (تەماشاکردن)ی ڕاستەوخۆ لە قوتابخانە، لە دوای ئەم قۆناغە قۆناغی بەشداری کردنی وانەوتنەوە لەگەڵ مامۆستایی بنەڕەتی پۆلەکە دێت و دواتریش قۆناغی وانەوتنەوەی پراکتیکی، لە پاشان ئەم قۆناغە قۆناغی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی بنیادنەرانە دێت، و کۆتا قۆناغیش قۆناغی هەڵسەنگاندنی گشتگیرە بۆ پەروەردەی پراکتیکی (راشد،١٩٩٦: ل١٠٠-١٢٣).

(سالم و الحليبي) پێیانوایە کە پەروەردەی پراکتیکی شەش قۆناغی هەیە، بە قۆناغی ئامادەکاری پسپۆریی پیشەی دەست پێدەکات، و قۆناغی دەستپێک، و قۆناغی بینین(تەماشاکردن)، پاشان قۆناغی ڕەخنە(پەروەردەی پراکتیکی جیا)، دواتر قۆناغی بەشداریکردن و کۆتا قۆناغ کە قۆناغی جێبەجێکردنی پراکتیکیە(سالم و الحليبي، ١٩٩٨: ل١٥٣).

خطيب(١٩٩٤) دەڵێت پەروەردەی پراکتیکی بە چوار قۆناغ تێدەپەڕێت ئەوانیش، قۆناغی تێبنیکردن(چاودیریکردن) و فێرکردنی سنوردار، پاشان بەرپرسیارێتی وانەوتنەوەی تەواو پاشان بە ئەرکە چەندبارە و چڕەکان کۆتایی دێت(خطيب، ١٩٩٤: ل٣١٧).

(أحمد، ٢٠٠٥)دەڵێت پەروەردەی پراکتیکی چوار قۆناغی هەیە، قۆناغی ئامادەسازی لە دەزگایی ئامادەکردن، و قۆناغی بینینی زیندوو لە ناو قوتابخانە و قۆناغی جیبەجێکردنی وانەکان و پاشان قۆناغی فێرکردن بە تەنیا(أحمد، ٢٠٠٥: ل١٥٠).

(عطیه و الهاشمي،٢٠٠٨) قۆناغەکان پەروەردەی پراکتیکی دابەش دەکەن بەم جۆرە:

- قۆناغی تیبینی (مرحلة ملاحظة)
- قۆناغی بینین (مرحلة المشاهدة)
- قۆناغی بەشداریکردن (مرحلة المشاركة)
- قۆناغی ڕاهێنان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی (مرحلة الممارسة و تحمل المسؤلية) (عطیه و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢١٥)
- قۆناغی هەڵسەنگاندن (مرحلة التقويم)

پەروەردەی پراکتیکی چەند قۆناغێک لە خۆ دەگرێت کە خوێندکار-مامۆستا لە کاتی ڕاهێنان و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی فێرکردندا پێیدا تێدەپەڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

## ١.٦.١.٢ قۆناغی بینین (مرحلة المشاهدة)

ئەدایی فێرکردن پێویستی زۆری بە لێهاتووی هەیە، لێهاتووی بە وەسف و زانیاری زارەکی بە دەست ناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە تێروانین و ڕاهینان هەیە، هەر بۆیە بینین یەکەم هەنگاوە بۆ بە دەستهێنانی لێهاتووی فێرکاری لە دوای ئەوەی خوێندکار-مامۆستا زانیاری تیۆری دەربارەی چالاکی و کارامەیی فێرکردن بە دەستهێناوە(عطية و الهاشمی،٢٠٠٨ :ل٢١٥).

قۆناغی یەکەم کە خوێندکار-مامۆستا توشی دەبێت لە قوتابخانە قۆناغی دەستپێکە کە پێی دەوترێت بینین" یەکێکە لە قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی کە خوێندکار-مامۆستا تێیدا زانیاری ورد بە دەست دەهێنێت، جگە لەوەی بە چەندین دۆخی فێرکاری ئاشنا دەبێت کە لەلایەن مامۆستای بنەڕەتیەوە ئەنجام دەدرێت، بە سەیرکردن و تۆمارکردن و شیکردنەوە و بە ستنەوەی بە مادە تیۆریەکانەوە(حزبون، ٢٠٠٨: ل١٧).

لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا لەگەڵ سەرپەرشتیارەکانیان سەردانی هەموو قوتابخانە دەبینێت، بۆ سەیرکردنی توانا و کارامەیی مامۆستا و وەرگرتنی تێبینیەکانیان لە سەرەتاوە تاکە کۆتایی وانەکە، پاش کۆبونەوەی سەرپەرشتیار و خوێندکار-مامۆستا تاووتوێ و گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە بینیویانە یان تێبینیان کردوە، هەروەها پێویستە بینینی وانەکان پێش چاوپێکەوتن بێت لەگەڵ سەرپەرشتیارەکان، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیار خوێندکار-مامۆستا ئاڕاستە بکات بۆ گرنگترین خاڵەکان، بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر بینینی وانەکان بێت(الفرا و جامل،٢٠٠٣: ل١٦).

کە تێیدا خوێندکار-مامۆستا ڕاسپێردراون بۆ بینین و تێروانینی ڕاهێنانی مامۆستایان لە پۆل و قوتابخانە جیاوازەکان و داوایان لێکراوە کە سەرنجی چالاکی و کاریگەرییەکانی مامۆستایان بدەن لە هەر قۆناغێکی خوێندندا، وەک بە شێک لە پرۆگرامی ئامادەکردنیان بۆ پیشەی وانەوتنەوە(شلبی، ٢٠٠٠: ل١٣٢)

بینین تەواوکەری ئەو پرۆگرامە تیۆرییەی کە ماوەی چوارساڵ خوێندکار لە زانکۆ دەیخوێنێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە دەروازەیەک بۆ پرۆسەیەکی گرنگتر ئەویش ڕاهێنانی خوێندکارەکانە لە سەر پیشەی مامۆستایەتی(قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ل٢٤٤)

## ١.١.٦.١.٢ قۆناغەکانی بینین

(سعد، ٢٠٠٧) ئاماژەی پێدەکات و دابەشی کردوە بە سەر سێ(٣) قۆناغدا:

- بینینی پۆل و قوتابخانە بە گشتی.
- بینینی پۆلی تایبەتمەند.
- ئەزموونی سەرەتایی دەست پێکردنی ساڵی خوێندن(سعد،٢٠٠٧: ل٦٠)

(عطية و الهاشمی، ٢٠٠٨) قۆناغەکانی بینین بەم جۆرە دابەش دەکەن:

١- بینینی(سەیرکردن) هەڵوێستە دەستکردەکان:

لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا سەیری وانەیەکی دروستکراو(نمایشی) دەکەن کە لە لایەن مامۆستای کۆلێژەوە دەوترێتەوە، کەواتا لایەنەکانی کۆلێژ وەک مامۆستایان و خوێندکار-مامۆستا لە هەمانکاتدا خوێندکار و بینەرن، ئەم شێوازە زۆرجار هاوکات لەگەڵ چوارچێوەی تیۆری بۆ پەروەردەی پراکتیکی ئەنجام دەدرێت، بەو پێیەی چوارچێوەی تیۆری دەخاتەڕوو و لەگەڵ تەواو بوونی پێشکەشکردنیدا، مامۆستا دۆخێکی لەو شێوەیە دەخاتەڕوو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری مامۆستا لە بارودۆخە پەروەردەییەکان کە پەیوەندیان بەو چوارچێوەیە هەیە کە لەلایەن ئەوەوە پێشکەشکراوە، ئەم قۆناغە ئامانجیەتی خوێندکار-مامۆستا لە پێشکەشکردنی وەسفیەوە بگوازێتەوە بۆ پیشکەشکردنی نواندنی.

٢- سەیرکردنی ڤیدۆیەک کە گوزارشت لە دۆخی ڕاستەقینەی وانەوتنەوەی فێرکار بکات:

ئامانج لەم قۆناغە جوڵاندنی خوێندکارە لە کەش و هەوایی وەسفی و نواندنی نمایشی کارەکانی مامۆستا بۆ چاودێری کردنی کارامەیی ڕاستەقینە، کە وێناکراوە بە مەبەستی بەستنەوەی کارامەیی ڕاستەقینە بەو شتەی کە لە تیۆریدا فێربوون، لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا

سەیری ڤیدۆیەکی وانەوتنەوەی پەروەردەیی ڕاستەقینە دەکەن کە لەلایەن مامۆستایەکەوە ئەنجام دەدرێت کە بە لێهاتووی خۆیان ناسراوە، کە بەشێکە لە دۆخی وانەیەکی ڕاستەقینە دوای خستەڕووی چوارچێوەی تیۆری بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و سەقامگیرکردنی زانیارییە تیۆریەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمجۆرە نمایشە بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە و جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەفتاری دروست و ڕەفتاری هەڵە بە مەبەستی زاڵبوون بە سەریدا بەکاردەهێنرێت.

٣- سەیرکردنی وانەیەکی ڕاستەقینە لە هۆڵی خوێندندا

ئەمیش دوو جۆرە

أ- کۆلێژەکە میوانداری بەشێک لە خوێندکارانی قۆناغەکە دەکات کە پەیوەندییان بە بینین (المشاهدة) هەیە، ژمارەیەک مامۆستای پسپۆرە جیاوازەکان، دوای ڕێکەوتن لەگەڵ کارگێری قوتابخانەکان و مامۆستایان دەربارەی ئەو وانانەی پێشکەشی دەکەن و بەزۆری وەک خۆیانن لە خشتەی قوتابخانەکاندا، وانەوتنەوە لە لایەن ئەو مامۆستایانەوە لە ناو هۆڵێکی کۆلێژ ئەنجام دەدرێت کە خوێندکار-مامۆستا دەیبینن.

ب- ئەمجۆرە بینینە لە ناو قوتابخانە لە هۆڵی وانەی تایبەت بە قوتابیانی قوتابخانەکە دەبێت ، بە جۆرێک خوێندکار-مامۆستا ڕاستەوخۆ سەیری ئەو شتانە دەکەن کە لە ناو پۆلدا ڕوودەدەن، ئەم شێوازە لە چاودێریکردنی مەیدانیدا باو و ئاساییە، سەیرکردنی وانەی ڕاستەقینە بە بێ گوێدانە میتۆدەکەی، خوێندکار-مامۆستا دەتوانن چاودێری جوڵەکانی مامۆستا و کارلێککردن و شێوازی ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی پۆل بکەن وپەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابیان و ئەو کێشانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕوی ببێتەوە و ڕێگاکانی بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو کێشانە ببینن.

٤-خوێندکار-مامۆستا وەک هاوپۆلێک وانەیەک لە قوتابخانە پێشکەش دەکەن:

لەم قۆناغەی بینیندا خوێندکار-مامۆستا لە سەیرکردن و بینینی وانەی مامۆستایی قوتابخانەکەوە دەڕۆن بۆ بینینی ئەو وانانەی کە لە لایەن هاوپۆلەکانیانەوە دەوترێتەوە بە ئامادە بوونی مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی قوتابخانەکە و خوێندکار-مامۆستا، مەبەست لەم بینینە هەڵسەنگاندنی توانا و ئەدایی هاوپۆلەکانیانە لە شتە ستانداردەکانی فێری بوون، مەبەست لێی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنە(عطیه و الهاشمی، ٢٠٠٨: ٢١٨-٢١٩)

### ٢.١.٦.١.٢ بنەماکانی پرۆسەی بینین:

١- پێویستە پێش کاتی بینین ئامادەباشی بکرێت و مامۆستای وانەی بینین پێوەر و چۆنێتی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی بینین بە خوێندکارەکان بدات.

٢- خوێندکاری بینەر( الطالب المشاهد)  بە هیچ شێوەیەک نابێت هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە ناو پۆل بکات بە سەرنج و تێبینیەکانی خۆی، بەڵکو پێویستە سەرنج و تێبینیەکانی تۆمار بکات پاش گەڕانەوە بۆ کۆلیژ لە گەڵ مامۆستای بینین و هاورێکانی گفتوگۆی بکات.

٣- خوێندکاری بینەر( الطالب المشاهد) بە هیچ شێوەیەک نابێت لە ناو پۆل قسەو دەنگە دەنگ بکات و لەگەڵ هاوڕێکانی یان قوتابیانی قوتابخانەکە کە سەردانیان کردووە.

٤- پێویستە خوێندکارانی بینەر( الطالب المشاهد) لە ڕیزی دواوەی پۆل دابنیشن و نەبنە سەرچاوەی بێزاری و پچڕاندنی بیر و بە ئاگایی قوتابیەکانی ناو پۆل( قەرەچەتانی،٢٠١٤: ل٢٤٦-٢٤٨).

٥- سنوردار کردنی تێروانین یان سەرنجدان لە سەر فاکتەرێک یان کارامەییەکی سنوردار.

٦- دیاریکردنی ئامرازەکان و چۆنیتی چاودێریکردن، کە ئایا کەسیە یان تۆمارکردن یان نوسین لە سەر کاغەزە.

٧- وەرگرتنی تێبینی و تێروانینەکان بە ووردی و بابەتیانە بەبێ هیچ دەستێوەردان و کاریگەریی و مەیلی کەسی(حمدان، ١٩٩٨: ل٢٥٨).

٨- پێویستە لە پرۆسەی بینیندا سوود لە داتایی تەکنیکی پەروەردەیی وەربگیرێت، وەک بەکارهێنانی تۆماری دەنگی یان تۆماری ڤیدۆی.

٩- نابێت خوێندکار-مامۆستا هەست بکات کە ئەرکی لە ڕوانگەی ئەتەکێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی مامۆستایە، یان سنوردارە لە ڕەخنەگرتن، بەڵکو ئەو لە پێگەیەکی پەروەردەیی فێرکاریدایە(جرادات و اخرون، ٢٠٠٨: ل٢٢).

### ٣.١.٦.١.٢ ئامانجەکانی پرۆسەی بینین:

١. بۆ ئەوەی خوێندکار-مامۆستا هەڵوێستی فێرکاری ڕاستەقینە ببینن.

٢. خوێندکار-مامۆستا بزانن چۆن ئەدایی هەندێک لێهاتووی وانەوتنەوە ئەنجام بدەن، بە سەیرکردن و بینینی توانایی لێهاتووی مامۆستا لە ناو ژووری فێرکردندا.

٣. خوێندکار-مامۆستا لەو توخمانە تێبگەن کە بارودۆخی پەروەردەیی پێکدێنن.

٤. خوێندکار-مامۆستا دەکەونە ژێر کاریگەی هەندێک ئاراستەی ئەرێنی و لێهاتووی مامۆستاوە، وەک بابەتییەتی و خۆڕاگری و دانایی لە مامەڵەکردن لە گەڵ قوتابیان ئەمە جگە لە دڵسۆزی و قوربانیدان(الفقعاوي،٢٠١١: ل٤٤).

٥. دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی کە ڕەنگە لە ماوەی کارکردندا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

٦. شارەزابوون لەسەر دەستەی فێرکاری و ڕێکخستنی کارگێری دامەزراوەکان(عمر و عبدالحكيم، ٢٠٠٨: ل٢٧٤).

٧. خوێندکار-مامۆستا کارامەیی گفتوگۆ پەیدا دەکات.

٨. خوێندکار-مامۆستا توانایی ڕەخنەگرتن و هەلسەنگاندن بە دەست دەهێنێت.

٩. فێری شیوازەکانی کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل دەبێت.

١٠.خوێندکار-مامۆستا دەزانێت چۆن پرەنسیپە تیۆرییەکانی پەروەردەیی لە پراکتیکدا جیبەجێ بکات(عطيه والهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢١٦-٢١٧).

(شلبي، ٢٠٠٠) دەڵێ: پرۆسەی بینین بۆ ئەوەی کاریگەر و مانادار بێت، پێویستە ئامانجی بینین بۆ هەموو لایەنە بەشداربوەکانی پەروەردەی پراکتیکی بە تایبەت خوێندکار-مامۆستا ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی بە باشی پلانی بۆ دابنرێت و ماوەی کاتەکەی دیاری بکات، هەروەها دیاریکردنی رۆڵی بەشداربووان لە پرۆسەی بینین، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکار-مامۆستا چەندین دۆخی پەروەردەی جیاواز دەبینێت بە جیاوازی بابەت و مامۆستا و پۆل، بەڵکو پێویستە پرۆسەی پەروەردە بەردەوام بێت، باشتر وایە ئەو مامۆستایەی کە خوێندکار-مامۆستا دەبینن بتوانن شارەزایی چۆنێتی وانەوتنەوەی بکەن(شبلي، ٢٠٠٠: ل١٣٤).

بینین پرۆسەیەکی مەبەستدار و بە ئامانجە کە بە دروستی ئاڕاستەی لایەنە جیاوازەکانی کاری مامۆستا لەگەڵ خوێندکاراندا دەکات، لە هەمانکاتدا ئامرازێکی سەرکەوتوو پێویستە بۆ بەرەو پێشبردنی تێروانینە ئەرێنی و ستایشکراوەکان بەرەو هونەری فێرکردن و پەرەپێدانی کارامەیی و لێهاتووی پێویست، تیڕوانێکی تر ئەوەیە کە پرۆسەی بینین بەردەوام بێت بە درێژای ساڵانی خوێندنی تیۆری کە لە لایەن خوێندکارانەوە لە کۆلێژ و پەیمانگاکاندا خوێندراوە(نصرالله، ٢٠٠٦: ل٣٦).

لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا ئاشنای پۆل دەبێت و ترسی لە پرۆسەی وانەوتنەوە نامێنێت کە لە سەرەتادا تۆشی مامۆستا دەبێت، هەروەها رێگە بە خوێندکار-مامۆستا دەدات کە بە متمانە و بوێرییەوە ڕووبەڕووی قوتابیان ببێتەوە، چونکە دەرفەتیان هەیە کە فێری کوالێتی وانەوتنەوەی باش بن لە مامۆستا بە ئەزموونەکانەوە، لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا

مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەدۆزێتەوە کە دەیکاتە ڕێبەر و پێشەنگ و سوود  لە ئەزموون و شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی دەبینێت(الفرا و جامل، ٢٠٠٣: ل١٧).

## ٢.٦.١.٢ قۆناغی تێبینی فێرکاری:

خوێندکار-مامۆستا لەم قۆناغەدا ئامادەیی ژمارەیەک قوتابخانە دەبن، بە پێی تایبەتمەندی پسپۆریەکەیان دابەش دەکرێن بۆ چەند گروپێک، کە هەر گروپێک لە نێوان (٤-٦) خوێندکار لە خۆ دەگرێت کە هەریەکەیان لە لایەن  مامۆستای هاوکارەوە سەرپەرشتی دەکرێت، زۆرجار ئەم گروپانە لە هەفتەیەدا یەک جار سەردانی قوتابخانەکە دەکەن، لەو ڕۆژەدا دەرفەتی وانەوتنەوە بە یەکتری دەدەن، کاتێک یەکێک لە ئەندامانی گروپ وانە دەڵێتەوە هاوکارەکانی چاودێریەکی ووردی دەکەن، مامۆستای هاوکار و ئەندامانی گروپەکەش بەشداری لە هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانە دەکەن کە وانە دەڵێنەوە(عبدالله،٢٠٠٤: ل١٠٦).

ڕەنگە گروپەکان ژمارەیان (١٥-٢٠) خوێندکار بێت، وا باشترە لەگەڵ پرۆفیسۆرێک بن کە تایبەتمەندە بە پەروەردەی پراکتیکی یان تایبەتمەندە بە بنەماکانی فێرکردنی ئەو بابەتەی کە پسپۆری خوێندکارەکانە(الموسوي، ٢٠٠٥: ل٢٤١).

**قۆناغی تێبینی فێرکاری ئەم چالاکی و کارە گرنگانە دەگرێتەوە:**

١. ئامادەکردنی بابەتی وانەکە لە لایەن خوێندکار-مامۆستا بە هەماهەنگی لەگەل مامۆستایی هاوکار دەبینرێت.
٢. دیاریکردن و ناسینەوەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و شێوازی ڕەفتاری کە بە وردی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار چاودێری بکرێت.
٣. دابەشکردنی کارتی تێبینەکانی وانەکانی پۆل.
٤. خوێندکار-مامۆستا تێبینی وانەکان لە پۆلدا یان لە ڕێگەی کاسێتی ڤیدۆیی دەکات.
٥. خوێندکار-مامۆستا هەڵدەستێت بە  تۆمارکردنی تێبینیەکان لە ڕێگەی کارتی تێبینیەوە.
٦. خوێندکار-مامۆستا ڕاپۆرتێک لە سەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی وانەکە ئامادەدەکات (دندش، ٢٠٠٣: ل٢٧٤-٢٧٥).

## ٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردن

قۆناغی بەشداریکردن یەکێکە لە قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی، کە تێیدا خوێندکار-مامۆستا بە سەر بەربەستی ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕووبەڕووبونەی قوتابی زاڵ دەبێت لە ڕێگەی یارمەتی

و بەشداریکردنی لەگەڵ مامۆستای هاوکار کە لە چەندین ئەرک ورۆڵدا هاوکاری دەکات، ئەم قۆناغە بە قۆناغی فێرکردنی سنوردار ناودەبەن، دوای ئەوەی خوێندکار-مامۆستا لە قۆناغی بینین ڕێنمایی گونجاو و چەند بەرپرسیارێتیەکی سنورداری پەیوەست بە فێرکردن وەردەگرێت (حمد، ٢٠٠٧: ل١٩).

قۆناغی بەشداریکردن یەکەم هەنگاوە لە جێبەجێکردنی ئەو زانیارییە تیۆرییانەی کە خوێندکار-مامۆستا لە چوارچێوەی تیۆریدا بە شێوەیەکی کاریگەر لە بواری وانەوتنەوەدا وەریانگرتووە، قۆناغی بەشداریکردن واتە ئەو قۆناغەی کە خوێندکار-مامۆستا هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگەکانی پەروەردەیی یان بە شێوەی کار ئەنجامدانی کرداری، واتە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی دەگریتە ئەستۆ(عطية و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٣١).

بوارەکانی بەشداریکردن زۆرن، لەوانەیە بەشداری بکات لە کۆبوونەوەی ئەندامانی دەستەی فیرکردن، یان لەو لیژنانەی کە لە قوتابخانە پێکدەهێنرین یان لە چالاکیەکانی قوتابخانە یان سەرپەرشتی تاقیگە و کتێبخانە(مرعي و مصطفى، ٢٠٠٤).

## ١.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردن دوو ئاستی هەیە:

یەکەم: بەشداریکردنی بەشەکی لێرەدا باسی دەکەین.

دووەم: بەشداریکردنی تەواو یان قۆناغی جێبەجێکرن کە دواتر باسی دەکەین.

## ١.١.٣.٦.١.٢ بەشداریکردنی بەشەکی(المشاركه الجزئية)

بەشداری بەشەکی واتە خوێندکار-مامۆستا بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فێرکردندا دەکات یان بەشداری هەندێک بەشی دەکات، بەو مانایەی کە بەرپرسیارێتی تەواوی جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و ڕەوشەی لە ئەستۆدا نیە، چونکە ئەداکەی لە ژێر چاودێری مامۆستای زانکۆدایە کە دەتوانێت دەستوەردان بکات بۆ پاراستن و ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەوشە(عطية و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٣١).

بەشداریکردنی بەشەکی جۆرێکە لە کارکردنی دیاریکراو کە لەلایەن مامۆستاوە لە ناو پۆل یا دەرەوەی پۆل ئەنجام دەدرێت، بە بەشداری کردنی مامۆستای وانە بە شێوەی سەربەخۆ و بە سەرپەرشتی یان بە هاوکاری مامۆستای خانەخوێ(مرعي و مصطفى، ٢٠٠٤: ل ١٣).

پێش ئەوەی خوێندکار-مامۆستا لە فێرکردنی ڕاستەقینەی قوتابیاندا دەست بە فێرکردن بکات و ئەرکی وانەیەکی تەواو پەروەردەی بگرێتە ئەستۆ، دەکرێت هەندێ لەو ئەرکانە بە بەشداری

مامۆستای بنەڕەتی جێبەجێ بکات، ئەمەش کەمتر بێزاری دەکات تا ئەو کاتەی ڕادێت لە بەرپرسیارێتی ئامادەکردن و دەرهێنانی وانەکە(مزروع و اخرون،٢٠١٦ : ل١٧٠ ).

خوێندکار-مامۆستا لەم قۆناغە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی پێگەیەکی پەروەردەیی دیاریکراو کە پێشتر داڕێژراوە، کە خوێندکار-مامۆستا تێیدا باری پەروەردەی لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستای هاوکار یان سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی جێبەجێ دەکات، بۆ ئەوەی خوێندکار-مامۆستا بەشێک لە وانەکە تەواو بکات و ئەوەی تریش لە لایەن مامۆستا هاوکارە تەواو بکرێت(الخطايبة،٢٠٠٢ :ل٩٥).

خوێندکار-مامۆستا لەم قۆناغەدا پێگەیەکی پەروەردەی دیاریکراو جێبەجێ دەکات کە لە پێشدا پلانی بۆ دانراوە چ لە ناو پۆل یان دەرەوەی پۆل، بەشداریکردن لە وانەیە بریتی بێت لە دانانی ئەرکی خۆئامادەکردنی قوتابیەکان بۆ وەرگرتنی وانەیەکی نوێ، یان پرسیارکردنی بابەتێکی دیاریکراوی پۆل یان هەڵسەنگاندنی کۆتایی، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئەرکانەی خوێندکار-مامۆستا لەم قۆناغەدا ئەنجامی دەدات نوێنەرایەتی کۆی ئەرکە پەروەردەیەکان ناکات، بەڵکو بەشێک لە دۆخی پەروەردەی دەگرێتەوە(عطية و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٣٢).

## ٢.١.٣.٦.١.٢ میکانیزمی جێبەجێکردنی قۆناغی بەشداریکردنی بەشەکی:

١. پێویستە خوێندکار-مامۆستا نامەیەکی فەرمی لە کۆلێژەوە وەربگرێت کە ئاڕاستەی قوتابخانەکە کراوە، لە نامەکەدا ئاماژە بە بەشداری خوێندکار-مامۆستا بدرێت بە مەبەستی ڕێکەوتن لە گەڵی لە سەر کات و بابەت و پۆل و هۆبە و ئامادەکردنی شوێنی پێویست.

٢. خوێندکار-مامۆستا پلانەکەی پێشکەش بە مامۆستای زانکۆ دەکات بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە و تێبینیەکانی لە بارەیەوە دەرببڕێت.

٣. دوای ڕازیبونی مامۆستای زانکۆ بە پلانەکە، خوێندکار-مامۆستا زیاتر لە جارێک دەیخوێنێتەوە تاکو لە مێشکیدا بمێنیتەوە لە کاتی جێبەجێکردن هیچیان لە بیر نەکات.

٤. خوێندکار-مامۆستا و مامۆستای زانکۆ بە لایەنی کەمەوە نیوکاتژمێر پێش دەست پێکردنی وانەکان لە قوتابخانە ئامادە دەبن.

٥. مامۆستایی زانکۆ دڵنیایی وەردەگرێت لە مامۆستای قوتابخانە کە ژمارەی کورسیەکانی هۆڵی خوێندن بەسە بۆ قوتابیەکانی قوتابخانە و خوێندکارانی زانکۆ سەیری دەکەن.

٦. خوێندکارانی زانکۆ پێش خوێندکارانی قوتابخانە دەڕۆنە ناو هۆڵەکە لە دواوەی هۆڵەکە دائەنیشن و هێڵەکانی پێشەوە بۆ قوتابیانی قوتابخانەکە جێدەهێڵن.

٧. مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی قوتابخانە لە شوینە تایبەتەکانی خۆیان لە پشت قوتابیانی قوتابخانەکە دائەنیشن

٨. خوێندکار-مامۆستا جێبەجێکردنی وانەکە بە سڵاو کردن دەست پێدەکات و پاشان درێژە بە وانەکە دەدات(عطية والهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٣٣-٢٣٤).

## ٣.١.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکردنی بەشەکی ئەم چالاکی و کارە گرنگانە دەگرێتەوە:

١. ئامادەکردنی وانەکە لە نامیلکەی ئامادەکردنی تایبەت بە خۆی.

٢. ئامادەکردنی چەند ئامرازێکی پەروەردەی گونجاو بۆ وانەکە.

٣. بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی ئامرازە پەروەردەییەکانی وانەکە(المشهراني، ١٩٩٤: ل١٨).

٤. یارمەتیدەری مامۆستایە بۆ ڕێکخستنی پۆل.

٥. یارمەتی مامۆستایان دەدات لە گۆرەپانی قوتابخانە لە کاتی کارکردن و چالاکیەکاندا.

٦. ئامادەکرنی ئامڕازەکان و ڕوونکردنەوەی بەشداریکردن لە دەوڵەمەند کردنی گفتوگۆی پۆل و یارمەتیدانی فێرکردنی لە سەرخۆ.

٧. ئامادەکردنی لیستێک لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان و سەرچاوە بەردەستەکان لە کتێبخانە(الهاشل، ١٩٩٠: ل٢٩).

بۆ ئەوەی قۆناغی بەشداریکردنی بەشێک بە ئامانجەکانی بگات دەبێت هاوکات بێت لەگەل چوارچێوەی تیۆری گونجاو، بۆیە خوێندکار-مامۆستا دەزانێت بۆچی بەشداری دەکات، و چۆن بەشداری دەبێت و دوای بەشداریکردن کاری چی بکات، بۆیە پێویستە کاردانەوەی داڕێژراوی ئامانجدار نیشان بدات و بیداتە ئەوانەی کە مەبەستیانە (سەرپەرشتیار و مامۆستایی هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە) بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کارەی کردوویانە و لەڕێگەی کاردانەوەکانیانەوە، دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەی بەشداریکردندا ڕێک ئەوە دیاری بکەن کە خوێندکار-مامۆستا پێویستە چی بکات، ئەگەر نا ناتوانێت شارەزایی خۆی پەرەپێبدات و ئاراستەکانی چەمک وبیرۆکەکانی ریکبخات(نصرالله، ٢٠٠٨: ل٤٣).

## ٢.٣.٦.١.٢ قۆناغی بەشداریکرنی تەواو یان قۆناغی جێبەجێکردن (المشاركة الكلية)

قۆناغی بەشداریکردنی تەواو دوای ئەوەی خوێندکار-مامۆستا قۆناغەکانی بینین و بەشداریکردنی بەشی تەواو کردوە، توانا و کارامەیی تەواوی بە دەست هێناوە بۆ ئەوەی بە تەنیا پرۆسەی فێرکردن بگرێتە ئەستۆ، بە بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مامۆستایی هاوکار و سەرپەرشتیار پەیوەندیدار، ئەم قۆناغە چەند هەفتەیەک دەخایەنێت بە پێی بەرنامەیەک کە پێشتر دانراوە(سعد، ٢٠٠٧: ل٩١).

ئەم قۆناغە قۆناغی فێرکردنی ڕاستەقینەیە کە لەلایەن خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانە ئەنجام دەدرێت لە ژێر چاودێری و بە دواداچوونی مامۆستای زانکۆ و مامۆستای قوتابخانە و بەڕێوەبەر و ڕێنماییەکانیان، ئەمەش بەو مانایە دێت کە خوێندکار-مامۆستا بە شێوەیەکی کاتی بە فەرمانێکی فەرمی زانکۆیی بە ڕەزامەندی بەشی پەروەردە لە یەکێک لە قوتابخانەکان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی شەش هەفتە بە شێوەی کاتی دادەمەزرێت(عطيه و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٣٧) لەم قۆناغەدا دەرفەتی تەواو بۆ خوێندکار-مامۆستا هەیە، کە بەشداری پرۆسەی فێرکردن بکات، لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە شارەزایی و ئەزموون پەیدا دەکەن و دەزانن چۆن یارمەتیان بدەن بۆ جێبەجیکردنی ئەرکەکانیان لە داهاتوودا(حمادنه، ٢٠٠١: ل٢٣)، هەروەها ڕۆژانە چەند بەشە وانەیەک دەڵێتەوە، کە خوێندکار-مامۆستا بە کردار شوێنی مامۆستای هاوکار دەگرێتەوە لەو وانانەی کە دەیڵێتەوە، بەڵام لە ژێر چاودێری مامۆستای هاوکاردا(عبدالله، ٢٠٠٤: ل١٠٧).

ئەم قۆناغە دواین قۆناغی پەروەردەی پراکتیکیە لە ئامادەکردنی مامۆستایانی داهاتوو، کە ئاڵۆزترین قۆناغە نوێنەرایەتی خستەنەڕووی دەرئەنجامی قۆناغەکانی پێشوو و بەرنامەی ئامادەکردن دەکات، پێویستە خوێندکار- مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە ناو ئەم قۆناغەوە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات.

١. پێداچوونەوە بە ناوەڕوەکی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی بکات کە لە کۆلێژ بۆی دانراوە، وەک ڕەوشتەکانی فێرکردن، سیفەتەکانی مامۆستایی سەرکەوتوو، خەسلەتەکانی کەسایەتی مامۆستا و بە پەرۆشەوە پابەندیان بێت و بیانکاتە بەشێک لە ڕەفتارەکانی.

٢. بینینی هەندێ لە ڕێنماییە فەرمیەکان و سیستەمی ئەو قوتابخانەیەی کە تێیدا پراکتیزە دەکات.

٣. بزانێت ڕەوشت و بەرپرسیاریەتیەکانی ئەم قۆناغە بە شێوەیەک جێبەجی بکات کە ستانداردی نواندنی پەسەندی تێدابێت و کارگێڕی و مامۆستایانی قوتابخانە و مامۆستایانی کۆلێژ ڕازی بکات.

٤. چاوخشاندنەوە بە چۆنێتی پێکهاتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان و دارشتنەوە و شێواز و ئاستی پێوانە کردنیان وەک ڕێنوێنیەک بۆ بە دەست هێنانی پرۆسەی فێرکردن.

٥. وەرگرتنی کۆرس بۆ ئەو بابەتانەی کە دەتوانێت بیخوێنێت و بیبینێت هەروەها ئامادەکردنی سەرچاوە(عطية والهاشمي، ٢٠٠٨: ٢٣٨).

٦. خوێندکار-مامۆستا نابێت وانە بڵێتەوە هەتاکو ئەو کاتەی وانەکەی بە باشی ئامادە کردوە، ئینجا دەست بە وانەوتنەوە بکات.

٧. پێویستە پرۆسەی فێرکردن بە سەرپەرشتی مامۆستای سەرپەرشتیار یان مامۆستای هاوکار ئەنجام بدرێت( حسن و الاخرون،٢٠٠٨: ل ٢٤٠ )

٨. ئامادەکردنی خوێندکار پێش دەست پێکردنی وانەکە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها ئامادەکردنی جەستەیی و دەروونیی و ژیری .

٩. شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ وانەکە هەڵبژێرێت کە پەیوەست بێت بە بابەتی وانەکەوە، هەروەها دەرخستنی زانیاری ڕاست کە سەرنجی خوێندکاران ڕابکێشێت و گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و ئەزموونی قوتابی(عوض،٢٠٠٦: ل٢٧)

### ١.٢.٣.٦.١.٢ ئامانجەکانی قۆناغی بەشداریکردنی تەواو:

- خوێندکار-مامۆستا بە شێوەیەکی کاریگەر تێکەڵی پرۆسەی فیربوون دەکات بۆ ئەوەی خۆی ئەرکی پێویست بگرێتە ئەستۆ کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە باری پەروەردەیی جیبەجێ بکات.
- پەرەپێدانی ڕەوتە ئەرێنیەکان بەرەو پرۆسەی پەروەردەیی و پێکهاتە هەمەجۆرەکانی.
- پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو ئەزموونانەی لە قۆناغەکانی پێشوودا بۆی دروست بووە( سعد، ٢٠٠٧: ل٩٢).
- پەرەپێدانی متمانە بە خۆبوون لای خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی هەست کردن بە ئەزموون و کردارەکانی.
- توانا بە خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ ئەو شارەزایی و لێهاتوویانەی کە پێویستن بۆ ئەدایی مامۆستا لە فێرکردندا.
- دەرفەت بە خوێندکار-مامۆستا بدرێت بۆ ڕاهێنانی ڕەوشتی فیرکردن(عطيه والهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٣٨).

- زانینی بەها ڕەوشتیەکانی پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردە.
- گواستنەوەی خوێندکار-مامۆستا لە پەروەردەی تیۆرییەوە بۆ پەروەردەی پراکتیکی(الموسوي، ٢٠٠٥: ل٢٤٥).

## ٤.٦.١.٢ قۆناغی هەڵسەنگاندنی پەروەردەی پراکتیکی:

ئەم قۆناغە گرنگ و پێویستە (شحاتة، ٢٠٠٣) پێی وایە کە هەڵسەنگاندن ڕۆڵی دیاریکردن و چارەسەرکردن بە ئاڕاستەکردنی پرۆسەی خوێندن و زیادکردنی کاریگەریەکانی بۆ بەرەوپێشبردن و بە دیهێنانی مەبەست و ئامانجە خوازراوەکانە، پێوانەکانی قوتابی و خوێندکاران کۆڵەکەیەکی سەرەکین بەلایەنی هەڵسەنگاندنەکەوە، بە بێ پێوانەکردن و دەست نیشانکردن و چارەسەرکردن بریاری ئاستی کارایی نادرێت(شحاتة:٢٠٠٣، ل٢٧).

دوای ئەوەی خوێندکار-مامۆستا بە قۆناغەکانی پێشوودا تێدەپەڕێت گەیشتوەتە ئەو قۆناغەی کە بە تەنیا شیاوی ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردن بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستی بە کەسێک هەیە کە سەرنج بداتە کارەکەی و سەرپەرشتی بکات، ئەو لەم قۆناغەدا لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار وانە دەڵێتەوە، هەروەها هەندێک جار بەڕێوەبەری قوتابخانە دەست وەردان دەکات لە هەڵسەنگاندن، چونکە هەڵسەنگاندن لە پەروەردەی پراکتیکیدا پرۆسەیەکی هاوبەش و هەمەلایەنەیە، کە تێیدا سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە بەشدارن، بۆیە هەڵسەنگاندن کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی پەروەردەی پراکتیکییە، بەو پێیەی خوێندکار-مامۆستا بەشداری چەندین چالاکی دەکات، بۆیە هەڵسەنگاندن کۆی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە خوێندکار-مامۆستا دەیکات(عبدالله، ١٩٩٧: ل٤١).

پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی لە سەر بنەمایی چەمکی هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەیە، کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا تەنیا هەڵسەنگاندنی چۆنێتی کاراییە بۆ پێزانینی جۆریی یان چۆنیەتی، بۆیە هەڵسەنگاندن لێرەدا هەڵسەنگاندنی هەواڵی نیە بۆ بریاردانی کۆتایی لەسەر خوێندکار-مامۆستا، بەڵکو هەڵسەنگاندنی پەروەردەییە بە مەبەستی پەرەدان بە کارایی و دەوڵەمەند کردنی خوێندکار-مامۆستای پراکتیکی، بۆ ئەم مەبەستە تێروانینی پێشنیار کراو بۆ گەشەپێدانی پەروەردەی پراکتیکی بە میکانیزم و پێکهاتەی هەڵسەنگاندن بەردەوام دەبێت(عبدالهادي، ٢٠٠٢: ٢٩)

ئەم قۆناغە هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا لە خۆ دەگرێت و قۆناغێکی گرنگ و پێویستە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێگایی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی، هەڵسەنگاندن پرۆسەی کۆتایی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکە بە ئامانجی ئاڕاستە کردنی کارایی پەروەردەیی بەرەو باشتر، بۆیە پێویستە

پرۆسەی هەڵسەنگاندن دوور بێت لە هەموو ئەوەی کە خوێندکار-مامۆستا نیگەران بکات یان هەستی ترسی لا دروست بکات(رابح، ٢٠١٨: ل٨٧-٨٨).

## ١.٤.٦.١.٢ ئامانجی پرۆسەی هەڵسەنگاندن:

- پەرەپێدانی لێهاتووی وتوانایی وانەوتنەوە و کەسێتی خوێندکار-مامۆستا.
- ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ بەرەوپێشبردنی کارایی فێرکردن.
- پیشەی وانەوتنەوە چێژبەخش و نوێ دەکاتەوە بە پێشخستنی کارایی و پەرەپێدانی پراکتیزە کردنی فێرکردن لای خوێندکار-مامۆستا(عمر و عبدالحكيم،٢٠٠٨: ل٢٨٤).
- دەستنیشانکردنی ئاسەوارە بەهێز و لاوازەکانی کارایی و ڕاهێنانی خوێندکار-مامۆستا، لە پێناو بەهێزترکردنی لایەنە بەهێزەکان و بەهێزکردنی لایەنە لاوازەکانی.
- زانینی بڕی چۆنێتی گەشەی پیشەی و کەسێتی لای خوێندکار-مامۆستا و جیاوازی کردنی نێوانیان لە هەڵسەنگاندندا.
- ڕێنمایکردنی کارایی خوێندکار-مامۆستا لە پلاندانان و جێبەجێکردن و هەمەجۆری بە دواداچوون(رابح، ٢٠١٨: ل٨٨).

## ٥.٦.١.٢ بەرپرسیارێتی لایەنە بەشدار بووەکانی پەروەردەی پراکتیکی:

پەروەردەی پراکتیکی چەندین لایەن تێیدا بەشدارن لە ژێر میکانزمێک بەڕێوە دەچێت، کە هەرلایەنێکی پەروەردەی پراکتیکی بەرپرسیارێتی و ئەرکی هەیە پێویستە جیبەجێی بکات، هەروەها مافی هەیە پێویستە بە دەستی بهێنێت. بەرپرسیارێتیەکان لە پەروەردەی پراکتیکیدا پێکەوە یەکدەخرێن لە سەر ڕێگایی بەدیهێنانی ئامانجە ئاماژە پێکراوەکانی پەروەردەی پراکتیکی ، هەروەها بەرپرسیاریتیەکان بە شێوەیەکی گشتی دابەشدەکرێن لە نێوان دامەزراوەکانی ئامادەکاری لە کۆلێژ و پەیمانگاکان یان لە نێوان کارگێری پەروەردەیی کە کارگێری قوتابخانە و سەرپەرشتیار و مامۆستایانی قوتابخانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، چونکە سروشتی ئامادەکردنی مامۆستایی داهاتوو لە سەر بنەمایی هەماهەنگیە(عطيه و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٣٩)

خوێندکار-مامۆستا تەوەری سەرەکی و ئامانجی کۆتاییە بۆ هەر پرۆسەیەکی پەروەردەیی لەم بوارەدا، کە کۆی هەوڵ و چالاکیەکانی بۆ گەشە و پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی بۆ ئاڕاستە دەکرێت، گرنگە خوێندکار-مامۆستا ئاگاداری ئەو ڕۆڵە بێت کە لێی چاوەڕوان دەکرێت، ئەم ئاگایی و زانینە لە ماف و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی زۆرجار سوودی هەیە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی جۆراوجۆر و جێبەجێکردنی(سعد، ٢٠٠٧: ل٤٥)

پەروەردەی پراکتیکی پێنج توخمی هەیە ئەوانیش(خویندکار- مامۆستای سەرپەرشتیار- مامۆستای هاوکار- کارگێری قوتابخانە- قوتابخانەی هاوکار(هەر یەک لەمانە ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە کاراکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکیدا(السبحي، ١٩٩٨: ل٢٤)

هەروەها سلیمیش(٢٠١٩) لایەنەکانی پەروەردەی پراکتیکی دابەشکردوە بەمجۆرە: یەکەی پەروەردەی پراکتیکی، سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی، بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستای هاوکار، خوێندکار-مامۆستا(سلیم، ٢٠١٩: ل٦).

(عطیە و الهاشمي) لایەنەکانی پەروەردەی پراکتیکییان بەم جۆرە دیاری کردوە:

١. لیژنەی جێبەجێکردن لە کۆلێژ،
٢. مامۆستایانی پەروەردەی پراکتیکی.
٣. خوێندکار-مامۆستا.
٤. بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە.
٥. کارگێری قوتابخانەکان کە پەروەردەی پراکتیکی تێدا ئەنجامدەدرێت.
٦. مامۆستایی هاوکار(عطیة و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٤٠)

### ١.٥.٦.١.٢ یەکەم: یەکەی(نوسینگە) پەروەردەی پراکتیکی:

سەرکەوتنی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەر، کە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی؛ یەکێکە لە گرنگترین ئاستەکان، چونکە دەستەی سەرپەرشتیاری بەرنامەکە بریتییە لە پلاندان و ڕێکخستن و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی، کە کار دەکات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی بەردەوامبوونی گەشەی پیشەیی لای خوێندکار-مامۆستا لە میانەی بەرنامەی ئامادەکردن و ڕاهێنانیاندا، هەروەها ئەو پلانسازییە ڕێکخراوەی کە پرۆسەیەکە بەرەو بە دیهێنانی ئامانجی پەروەردەی دیاریکراو و ڕوون بۆ هەموو لایەنەکانی پەروەردەی پراکتیکی دەبات(سعد، ٢٠٠٧: ل٤٦).

### ١.١.٥.٦.١.٢ ئەرک وبەرپرسیارێتیەکانی یەکەی(نوسینگە) پەروەردەی پراکتیکی:

- دیاریکردنی ماوەی تۆمارکردن بۆ پەروەردەی پراکتیکی.
- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ دیاریکردنی ئەو قوتابخانانەی دەستنیشانکراون بۆ پرۆسەی پەروەردەی پراکتیکی بە شێوەی فەرمی.

- دابەشکردنی خوێندکار-مامۆستا بە سەر سەرپەرشتیاراندا(دلیل التربية العملية و التدريب،٢٠٠٣: ل١٦)
- کارکردن لە سەر دۆزینەوەی پەرتووک و توێژینەوەی پەروەردەیی و ئەزموونی تایبەت بە پەروەردەی پراکتیکی و دەوڵەمەند کردنی خوێندکار-مامۆستا بە پەرتووکی پێویست بە شێوەی سیستەماتیک.
- سوود وەرگرتن لەو میتۆدە پەروەردەییانەی کە لە لایەن خوێندکار-مامۆستاوە جێبەجێ دەکرێت لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکی، لە ڕێگەی کۆکردنەوە و پێشکەشکردنیان بە پێشانگایەک لە ناو کۆلێژ(دندش و عبدالحفيظ، ٢٠٠٣: ل٢٩٠).
- دیاریکردنی کاتی دەست پێکردن و کۆتایی پەروەردەی پراکتیکی بە هەماهەنگی بەشی ئەکادیمی کۆلێژ(سليم، ٢٠١٩: ل٥).
- پێشنیارکردنی سیاسەتی تایبەت بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەی پراکتیکی، پێشکەشکردنی بە شی پرۆگرامی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئەنجومەنی کارگێری کۆلێژ.
- بەدواداچوون بۆ پرۆسەی پەروەردەیی پراکتیکی و دڵنیا بوون لە کارایی و کاریگەری و وتوانایی کارامەیی(دليل التربية العملية، ل١٠).
- ڕوونکردنەوەی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی بۆ سەرپەرشتیارانی نوێ و ئاگادارکرنەوەیان لە ئەرکەکانیان بەرامبەر بە خوێندکار-مامۆستا و قوتابخانەی هاوکار و فەرمانگەی پەروەردەی پراکتیکی.
- ئاڕاستەکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پراکتیکی بۆ پێویستی جێبەجێکردنی شێوازی فێرکردنی هاوچەرخ لە قوتابخانەی هاوکار و نەهێشتنی لاسایی کردنەوەی کوێرانە، هەروەها پێویستە فەرمانگەی پەروەردەی پراکتیکی وەڵامیکی بە هێزی هەبێت بۆ دابینکردنی سەرچاوەی فێربوون کە یارمەتیدەر بێت بۆ دەگیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی(عبدالله، ٢٠٠٤: ل١٠٩-١١٠).
- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە چ لەگەڵ سەرپەرشتیار یا مامۆستا یا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە سەرپەرشتیارانی فەرمانگەی پەروەردەی پراکتیکی لە کێشە و گرفتەکان ئاگادار بکرینەوە، هەروەها دەکرێت خوێندکار-مامۆستا بۆ ئاسانکاری پەیوەندی کردن بە فەرمانگەی پەروەردەی پراکتیکیەوە کەسێک بکەن بە نوێنەر، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی گەیاندنی کێشە و گرفتەکان بە بێت پێش هەموو شتێک.

- سەرپەرشتیاری پرۆسەی هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا دەکەن و چاودێریکردنی نمرەکانیان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و زامنکردنی دادپەروەری و هەڵسەنگاندنی وورد، چونکە بەرپرسیارە لە ڕوونکردنەوەی سروشتی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی.
- دیاریکردن و سەرپەرشتی کردنی لیژنەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی.
- ئامادەکردنی پلان بۆ بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی.
- هێشتنەوە و پاراستنی تۆماری هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکی(سعد، ٢٠٠٧: ل٤٧).
- دانانی ئامانجەکانی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی ئامادەکردن و دابەشکردنی لە نێوان مامۆستایانی پەروەردەی پراکتیکی و سەرۆک بەشەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی مامۆستایانی قۆناغی کۆتایی و مامۆستایانی کۆلیژ.
- دروستکردنی فۆرمی چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ پەروەردەی پراکتیکی لە هەموو قۆناغەکاندا، کە ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم فۆڕمانە بۆ مامۆستای پەروەردەی پراکتیکییە تاکو زانیاری زیاتریان هەبێ لە بارەی ئەو توخمانەی کە دەبێت لەم فۆڕمەدا هەبێت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە سەرەتایی ساڵ بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی و ڕۆڵی لە پێگەیاندنی مامۆستایانی داهاتوو، هەروەها ڕۆڵی کارگێری قوتابخانەکان و ئەرک و مافی خوێندکار-مامۆستا و مامۆستای سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار(عطيه و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٤١-٢٤٢).
- نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی لە سەر پەروەردەی پراکتیکی لە لایەن فەرمانگەی پەروەردەی پراکتیکی لە کۆتایی وەرزی دووەمدا و پێشکەشکردنی بە ڕاگری کۆلیژ(دندش، ٢٠٠٣: ل٢٩٠).

### ٢.٥.٦.١.٢ دووەم: سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی:

یەکیکە لە ئەندامانی ستافی کۆلێژ یان سەرپەرشتیار پەروەردەییە لە بوارەکەدا، کە بەرپرسیارن لە دروستکردنی دەرفەت بۆ گەشەی پیشەی خوێندکار-مامۆستا بە درێژایی ماوەی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی، کە بەدواداچوون دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پلان بۆ داڕێژراوەکانی بەرنامەکە، هەروەها تیشک خستنە سەر ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکانەی کە بۆ ئەندامانی ستافی وانەوتنەوە یان سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە بوارەکەدا دانراون(سعد، ٢٠٠٧: ل٤٧).

یەکێکە لە ئەندامانی ستافی وانەوتنەوەی تایبەت بە بوارێکی ئەکادیمی دیاریکراو، کە پسپۆری هەیە لە بابەتەکانی زمانی عەرەبی یان زیندەوەرزانی یان فیزیا یان مێژوو یان کیمیا یان لە هەر بابەتێکی تردا، یان یەکیکە لە ئەندامانی ستافی وانەوتنەوە کە پسپۆری تایبەتی یان گشتی هەیە لەبواری پەروەردەیی یان ڕێگاکانی وانەوتنەوە(عطیه والهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٤٣-٢٤٥).

سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی لە لایەن کۆلیژەوە داوای لێکراوە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەکادیمی خوێندکار-مامۆستا، یەکێکە لە ئەندامە سەرەکی و گرنگەکانی پەروەردەی پراکتیکی، بە هۆی ئەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیە زۆرەی کە لە قۆناغەکانی پەروەردەی پراکتیکیدا بەرامبەر بە خوێندکار-مامۆستا هەیەتی، کە هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و هاندان و ناساندنی بە ماف و ئەرکەکانی لە سەرەتایی چوونی بۆ ڕاهێنانکردن لە قوتابخانە، جگە لە بەدواداچوون و دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەڵسەنگاندنی کارایی خوێندکار-مامۆستا، و زانینی ڕادەی بە دەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان بە هەماهەنگی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە(علي، ٢٠٢٠: ل٢٤).

### ١.٢.٥.٦.١.٢ جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی:

١. سەرپەرشتیاری پسپۆری: یەکیکە لە ئەندامی ستافی وانەوتنەوەی ئەکادیمی کۆلیژ لەگەڵ بوونی ئەزموون و ئامادەکردن لە بواری پەروەردە، بە گشتی لە کاتی پەروەردەی پراکتیکی سەرپەرشتی ئەو خوێندکارانە دەکات کە سەر بە پسپۆریەکەی خۆیەتی.

٢. سەرپەرشتیاری گشتی: جۆرێکی ترە لە سەرپەرشتیار کە کەسێکی پەروەردەیی لێهاتووە لە ئامادەکردنی مامۆستایان وسەرپەرشتی کردنیان بە چاوپۆشیکردن لە پسپۆریەکانیان.

٣. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی نیمچە پسپۆری: ئەمجۆرە بە سوودترین و بە خشندەترین دەوڵەمەندە بۆ ئەزموونی پەروەردەیی پراکتیکی و مەشق و ڕاهێنان کردن بە خوێندکار-مامۆستا، ئەم سەرپەرشتیارە گشتگیرە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس یان ماستەرە لە دیسپلینێکی ئەکادیمی دیاریکراو، پاشان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یا دکتۆرایە لە پەروەردەدا و بە تایبەت پەیوەستە بە ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان(عیاد، ٢٠١٣: ل٣٩).

### ٢.٢.٥.٦.١.٢ سیفەتەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی:

**یەکەم: سیفەتی کەسایەتی و پیشەیی (صفات الشخصية و المهنية)**

- پابەند بوونی تەواوی ڕەوشتی و نموونەی باشی لە ڕواڵەتی دەرەوەیدا.
- هاوسەنگی دەروونی و بە هێزی کەسێتی.
- بوونی هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە پیشەی مامۆستایی(علي،٢٠٢٠: ل٢٤).
- ڕەوشتەکانی پیشەی فێرکردن و تایبەتمەندییەکانی مامۆستایی سەرکەوتووی تێدا بێت.
- وورد بین و بابەتی و توانایی چاودێری و ڕەفتاری باشی هەبێت لە هەلومەرجی قەیراناویدا.
- پەرۆشی ڕاستگۆیی و فروان بین بێت(رابح، ٢٠١٨: ل٩٧).
- گرنگیدان بە بەژن و باڵا و پاکوخاوێنی کەسایەتی.
- پابەندبوون بە کاتی دەوامی ڕۆژانەوە(اسماعيل،٢٠١٦: ل١١).

**دووەم: سیفەتی کارمەندێتی (صفات الوظيفية)**

- مامەڵەکردنی لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا وەک کەسێکی هۆشیار و خاوەن ماف و ئەرک، هەروەها کەسێک بێت کە تونایی بەخشین و بە دیهێنانی ئامانجەکانی هەبێت.
- بیرکردنەوە لە سەرکەوتنی پەروەردەی پراکتیکی و بەرزکردنەوەی ئەنجامەکانی و پشتگوێ خستنی هەر ڕەفتار و پێشنیارێک کە ببێتە ڕێگر لە بەردەمیدا.
- ڕێز لە ڕاو ڕۆڵی مامۆستای هاوکار و کارگێڕی قوتابخانە بگرێت، بە بێ هیچ هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ماف و بەرپرسیارێتیەکانیان و دەست وەردان لە کاروبارياندا(علي،٢٠٢٠: ل٢٤).
- خۆ بە دوور گرتن لە داواکردنی هەر شتێکی کەسی لە خوێندکار-مامۆستا.
- لە داواکاری ورێنماییەکانیدا گونجاو و بابەتی بێت، نابێت سازش لە ڕێنمایی و داواکاریەکانی بکات و جیاوازی لە نێوان خوێندکار-مامۆستادا بکات.
- لە ڕەفتار وبەها و شێوازەکانی مەمەڵەکردنیدا جێگیر بن و دوور لە هەڵچوون یان گۆڕانی هەڕەمەکی (حمد،٢٠٠٧: ل٣٨).

- لێبوردە بێت ودوور بێت لە هەڵەشەی مامەڵەکردن لە گەڵ خوێندکار-مامۆستا بە تایبەت و لایەنەکانی پەروەردەی پراکتیکی بە گشتی.
- پێویستە ئاگایان لە ووردی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی و ڕێوشوێن و میکانیزمەکانی بێت(عطية و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٤٥).

## ٣.٢.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیاریتیەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی:

- کۆبوونەوە لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا بەر لە دابەشکردنیان بە سەر قوتابخانەکاندا، و دیاریکردنی ئەو شتانەی کە لێیان دەکرێت، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئامانجی ئەم قۆناغە گرنگەی ئامادەکاری پیشەیی خۆیان(العجمي،٢٠٠٢: ل٢٤٩).
- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە دۆخی قوتابخانەی هاوکار و تایبەتمەندی و سروشتی دەوام و سیستەمەکانی.
- پێشکەشکردنی خوێندکار-مامۆستا بە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکان(عطية و الهاشمي:٢٠٠٨, ل٢٤٦).
- ئاگادارکرنەوەی خوێندکار-مامۆستا لە ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی و ئەو کێشانەی کە لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.
- بەشداریکردنی مامۆستای هاوکار و خوێندکار-مامۆستا لە ڕێکخستن و دابەشکرنی خشتەی وانەکان.
- بەدواداچوونی کاری خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕێکوپێک لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام بە قوتابخانەکانەوە بە تایبەت لە کاتی راهێنان و پراکتیزەکردن.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لە سەر پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لە لایەن سەرپەرشتیارەوە.
- ئاگادارکردنەوەی سەرپەرشتیاری گشتی لە هەر گرفت و تێبینیەکی پەیوەست بە ڕاهێنان و پراکتیزەکردن و پرۆگرامەکەوە( رابح،٢٠١٨: ل٩٦).
- هەماهەنگی کردن لە گەڵ مامۆستای هاوکار لە سەر هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە پرۆسەی پەروەردەوە، لە ڕووی پلاندانان و دیاریکردنی ئامانج و جێبەجێکردنی وانەکەوە، بۆ خولادان لەو جیاوازیانەی خوێندکار-مامۆستا لەوانەیە لە شێوازی ڕێنماییدا هەیبێت.

- زانینی کێشە و گرفتەکانی پەروەردەی پراکتیکی لە قوتابخانەکاندا، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان هەتاکو ئەو ڕادەیەیی دەتوانێت چارەیان بکات، و بەش و بەرپرسی پەروەردەی پراکتیکی لەو بارەیەوە ئاگاداربکاتەوە(الخوالي،١٩٩٠: ل١١٥-١١٦).
- چاودێری بەردەوامی پەڕاوی ئامادەکردنی خوێندکار-مامۆستا دەکات.
- ئامادەیی ژمارەیەک لەو وانانە دەبێت کە لەلایەن خوێندکار-مامۆستاوە دەوترێتەوە، هەروەها ڕاو بۆچوونی لەسەر دەردەبڕێت(سعد،٢٠٠٧: ل٤٨).
- سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی ئەلقەی پەیوەندیی نیوان کۆلێژی پەروەردە لە لایەک و کارگێری قوتابخانە و مامۆستایانی هاوکار لە لایەکی ترەوە، بۆیە هاوکارییەکانی لەگەڵ ئەم دوو لایەنە هۆکارێکی بەرچاوە لە سەرکەوتنی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکیدا.
- ناساندنی تایبەتمەندییەکانی قوتابیان بە خوێندکار-مامۆستا کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵیان، هەوڵدەدات لە هەر دۆخێکی فێرکردندا لایەنی ئەکادیمی و پەروەردەیی پێکەوە ببەستێتەوە(العتیبي، ٢٠١٨: ل٩).
- سەردانی کردنی خوێندکار-مامۆستا بەلایەنی کەمەوە دوو جار لە ماوەی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا، جاری یەکەم بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی بە شێوەیەکی دروست، جاری دووەم بەمەبەستی هەڵسەنگاندن(عطیة و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٤٧)
- هەڵسەنگاندنی کارایی خوێندکار-مامۆستا لە کۆتایی ماوەی راهێنان و پراکتیزەکردندا(سلیم، ٢٠١٩: ل٥).

### ٣.٥.٦.١.٢ سێیەم: بەڕێوبەری قوتابخانە:

بەڕیوەبەری قوتابخانە توخمێکی گرنگ و بنچینەیە لە بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکدا، بە هۆی ڕۆڵی کارایی لە پشتیوانی کردنی ڕێکخستنەکانی خوێندکار-مامۆستا لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا، هەروەها ڕێنمایکردن و پەرەپێدانی توانایی فێرکردن و ئاگادارکردنەوەیان لەو تۆمارانەی کە دەبێت لای مامۆستایان بهێڵرێنەوە و چۆنێتی ڕیکخستنی تۆمارەکان(عطیە و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٦٦)، بەڕێوەبەری قوتابخانە بە یەکێک لە بەرپرسە گرنگەکانی پرۆسەی ئاڕاستە کردن و ڕێنوێنی دادەنرێت لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکیدا، بەرپرسیارە لە کۆمەڵێک کەس و لایەن، بەرێوەبەر بۆ ئەوەی کارەکانی بە باشی ئەنجام بدات پێویستە ڕازی و پەرۆش بێت بۆ کارەکەی(المعایطة و الجغیمان،٢٠٠٥: ل١٧٨)،

بەڕێوەبەری قوتابخانەی هاوکار بەرپرسە لە دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی و ئەو ئاسانکاریانەی کە دەبێتە هۆی باشترکردنی ڕاهێنان و پراکتیزەکردن و کوالێت و زیادکردنی ڕۆحیەتی هاوکاری و خۆشەویستی، هەروەها سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە قوتابخانەکەیدا، کە کار دەکات بۆ گەشەیی پیشەیی خوێندکار-مامۆستا و ڕابەرایەتی پرۆسەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن و داهێنان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی( سعد،٢٠٠٧: ل٤٩)

سەرپەرشتیاری پەروەدەییە لە قوتابخانەکەی خۆی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بەڕێوەبردن و سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە، هەروەها پشتیوانی لە گۆڕانکارییە ئەرێنیەکان دەکات و بەرپرسیارە لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئەرێنی و تەندروست کە کار دەکات لەسەر گەشەپیدانی پیشەیی مامۆستایی و پەرەپێدانی پرۆگرام و باشترکردنی و رەخساندنی کات بۆ دانانی پلانی هاوبەشی نێوان مامۆستایان، هەروەها هاندانیان بۆ سەردانی کردنی پۆل لە نێوانیاندا و پەرەپێدانی ووزە و تواناکانیان و بە شداریکردنیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی قوتابخانە، هەروەها بەرپرسە لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ستاف و قوتابیانی قوتابخانە دەبێتەوە، جگە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی قوتابخانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان(حمدان،٢٠٠١: ل١٥)

هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان پێیان وایە کە ئەرکەکانیان سنوردارە بۆ ڕێکخستنی کار لە قوتابخانە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، ئەم بۆچوونە پێچەوانەی ئەرکی بنەڕەتی بەڕێوەبەرە، کە بریتیە لە پەرەپێدانی بەرنامەی پەروەردە و سەردانیکردنی مامۆستایان لە پۆلدا و چاودێری کارایی و چۆنێتی هەڵسوکەوت و مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو کێشانە کە لە پۆلدا ڕوودەدەن، بەمجۆرە بەرێوەبەر ئاشنا دەبێت بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە مامۆستاوە هەیە، چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانە بازنەی پەیوەندییە لە نێوان لایەنەکانی پەروەردە و فێرکردن و سەرکردەی بنیادنان و سەرکەوتنی دامەزراوەی پەروەردەییە(عطوی،٢٠٠١: ٢٥٨)

بەڕێوەبەری قوتابخانە بە یەکێک لە لایەنە گرنگ و چالاکەکانی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی دادەنرێت، کە ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتن و پێشوازی کردن لە خوێندکار- مامۆستا و هاندانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی( العتيبي، ٢٠١٩: ل١٠)

سەرکەوتن لە پەروەردەی پراکتیکیدا پشت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەبەستیت، لە ڕێگەی ئاسانکارییەکانی بۆ خوێندکار-مامۆستا و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پەروەردەیی پراکتیکی، ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبەر ڕێنماییکردنی خویندکار-مامۆستایە لە ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا(محمود، ٢٠١١: ل٢٦)، بۆ ئەمەش دەبێت ئاستی مامۆستایان باشتر بکات لە ڕێگەی چالاکییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی فێربوون لە

قوتابخانەکان، هەروەها بتوانێت ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی وەک بەڕێوبەری پەروەردە، سەرکردەی پەروەردە، سەرپەرشتیاری پەروەردە ئەنجام بدات( Mardhatillah ,et al, ٢٠١٩: p ٢٠).

## ١.٣.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە:

- نیشاندانی ڕەزامەندی لە دانانی خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانەکەیدا و دەستنیشانکردنی باشترین مامۆستاکانی بۆ ئەوەی هاوکاری خوێندکار-مامۆستا بن و ڕاوێژیان لەگەڵ بکەن و یارمەتیان بدەن لە پێشکەشکرنی هەڵوێستی زانستی بۆ پەروەردەیەکی کاریگەر لە کاتی پەروەردەی پراکتیکیدا.
- لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بە خێرهاتنی خوێندکار-مامۆستا دەکات و گفتوگۆ لە سەر فەلسەفە و کۆمەڵگەی قوتابخانە و ئەرکە گرنگەکانی دەکات(صلاح،٢٠٠٤: ل٥٠).
- دیاریکردنی ئەو پۆلانەی کە سەرەتا خوێندکار-مامۆستا یەکەم جار پرۆسەیی بینینی تییدا ئەنجام دەدات و پاشان وانەوتنەوە.
- یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات لە بەدەستهێنانی پەرتووک و ئەو بەڵگانەی کە پێویستیانە(علي، ٢٠٢٠: ل٢٨)
- ناساندنی سەرپەرشتاری پەروەردەیی بە سروستی قوتابخانە و شێوازی دەوامکردن تێیدا.
- دابینکردنی شوێنی تایبەت لە کاتیی سەردانیکردنی مامۆستایی سەرپەرشتار بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا کۆبێتەوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخیان و ڕێنمایی پێویستیان پێبدات(عطيه و الهاشمي، ٢٠٠٨: ل٢٦٦).
- ناساندنی سیستەمی قوتابخانە و تۆمار و میکانیزمی کارکردن تێیدا بە خوێندکار-مامۆستا.
- بەدواداچوون بۆ پابەندبوونی خوێندکار-مامۆستا بە دەوامی قوتابخانەوە لە ڕێگەی تۆماری ئامادەبوون و نەهاتنی تایبەتەوە، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی مانگانە بە مامۆستای سەرپەرشتیار.
- گرێدانی کۆبوونەوە ئاسایی لە گەڵ خوێندکار-مامۆستا بە ئامادەبوونی مامۆستای سەرپەرشتیار(سعد، ٢٠٠٧: ل٥٠).
- کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئاستەنگانە دەکات کە ڕووبەڕووی پەروەردەی پراکتیکی دەبێتەوە بە هۆی لاوازی خوێندکار-مامۆستایان لە ڕوانگەی ئەکادیمی و پەروەردەیی و لاوازی کەسایەتیانەوە.

- ئاشناکردنی خوێندکار-مامۆستا بە قوتابخانەکە لە هەندی ڕووەوە( چاودێری کردن، چالاکیەکان، کتێبخانە، تاقیگە، پۆلەکان، یاساو ڕێسای کارگێری قوتابخانە)(اللقاني و الجمل، ٢٠٠٣: ل٣١٥).
- ئاشناکردنی خوێندکار-مامۆستا بە سەرچاوە دیاریکراوەکان وەک(بەڕیوەبەری کتیبخانە، بەڕیوەبەری ئامرازو هۆکارە فێرکاریەکان، ڕابەری پۆلەکان، ئەندامانی ستافی وانەوتنەوەی خاوەن ئەزموون(الهاشل، ١٩٩٠: ل٢٧)
- هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوەی چۆنێتی کارکردن لە بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی و چۆنێتی سەرخستنی ئەم بەرنامەیە.
- هاوکاری کردنی سەرپەرشتیار لە پێشنیار و پلاندانانی پێکهاتەی پەروەردەی پراکتیکی و چالاکیە ناوەکی و دەرەکییەکان( الكرداني و الكرداني،٢٠٠٢ : ل٧٦)
- بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی خویندکار-مامۆستا(سليم، ٢٠١٩: ل٦)

## ٤.٥.٦.١.٢ چوارەم: مامۆستای هاوکار:

مامۆستای هاوکار: مامۆستایی بنەڕەتییە و ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە لە یەکێک لە قوتابخانەکان، لە لایەن کارگێری قوتابخانەوە ڕاسپێردراوە کە هاوکاری خوێندکار-مامۆستا بکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فێرکردن لە قوتابخانە و سەرپەرشتی و ڕێنوێنی و هەڵسەنگاندا(الضيفي، ٢٠٢١: ل١٤)

مامۆستای هاوکار ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکیدا، بەو پێیەی بەرپرسیاری ڕاستەخۆی ئاڕاستەکردن و جێبەجێکردنی بەشە گرنگەکانی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی لە بوارە ڕاستەقینەکەیدا، هەروەها پەیوەندیەکی نزیکی هەیە بە خوێندکار-مامۆستاوە کە توانایی هەیە هەست بە کێشەکانی بکات و لایەنەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنەکانی هەڵبسەنگێنێت، سەرکەوتنی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی مامۆستای هاوکار و خوێندکار-مامۆستا، هەر بۆیە پێویستە پەیوەندی نیوانیان لە سەر بنەمایی ڕێز و خۆشەویستی هاوبەش بێت(سعد،٢٠٠٧: ل٥١)

مامۆستایی هاوکار لە قوتابخانەکە ڕۆژانە یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ بە دەستهێنانی شارەزایی فێرکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ تەواوی پرۆسەی خوێندندا، وەک مامۆستای هاوکار هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە لە ڕێگەی هەماهەنگی و نێوان بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، پێگەیەکی گرنگ و تەوەرەیی هەیە

لە بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکیدا، کە کار دەکاتە سەر گەشەکردنی کارامەیی خوێندکار-مامۆستا و ئەزموونی فێرکردن(علي،٢٠٢٠: ل٢٩)

## ١.٤.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی مامۆستای هاوکار:

- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە ژینگەی قوتابخانە.
- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە ستافی وانەوتنەوە و کارگێڕی قوتابخانە.
- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە قوتابیانی قوتابخانە و ئەو پۆلانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و هانیان دەدات کە هاوکاری بکەن(سعد،٢٠٠٧: ل٥١).
- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا لە دانانی پلانی رۆژانە و چۆنێتی جێبەجێکرن و هەڵسەنگاندنی.
- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا بۆ دابەشکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە سەرڕۆژ و هەفتە و مانگەکانی خوێندندا(العتيبي،٢-١٨: ل٣٩٢)
- یارمەتی خوێندکار-مامۆستا دەدات لە چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی پۆل.
- کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا.
- پێشکەشکردنی چەند وانەیەکی نموونەی لە بەردەم خوێندکار-مامۆستا بە تایبەت لە سەرەتایی دەستپێکردنی کاری پراکتیزەکردندا(سليم،٢٠١٩: ل٢٢٨).
- ئامادەیی چەند وانەیەکی خوێندکار-مامۆستا دەبێت و گرنگترین تێبنیەکانی دەنوسێت و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەخاتەڕوو.
- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا بۆ گونجاندنی دەروونی لەگەڵ دۆخی نوێ و ژینگە نوێیەکەی و هەستکردن بە دڵنیایی، چونکە قبوڵ کردن گرنگە بۆ ئەم گونجاندنە، ئەمەش بە بوونی پەیوەندی مرۆڤانەیی نێوان خوێندکار-مامۆستا و مامۆستای هاوکار لە سەر بنەمایی هاوڕێیەتی ومتمانە دەبێت.
- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا بۆ زانینی ناوەڕوەکی پرۆگرامی خوێندن و ناوەڕوەکی ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنێت(راشد، ٢٠٠٢: ل١٢٩-١٣٠)٠
- هانی خوێندکار-مامۆستا بدات بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و فێرکاری نوێ بۆ فێرکردن.

- ئامۆژگاری پێویست پیشکەش بە خوێندکار-مامۆستا بکات بە شێوەی بەردەوام بۆ باشترکردنی کارایی لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا (زامل،٢٠١٨: ل١٨).
- کۆبوونەوە لە گەڵ سەرپەرشتیار بۆ خستنەڕووی سەرنج وبۆچوونەکانی لە بارەی هەر خوێندکار-مامۆستایەک و پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە بە خوێندکار-مامۆستا سەبارەت بە پرۆسەی فێرکردن لە ماوەی پراکتیزەکردندا.
- بەشداریکرن لە گەڵ سەرپەرشتیار لە هەڵسەنگاندنی کۆتایی وکارایی هەر خوێندکار-مامۆستایەک (رابح،٢٠١٨: ل١٠١).

## ٥.٥.٦.١.٢ پێنجەم: خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم):

خوێندکار-مامۆستا کە زۆربەی بابەتی ئەکادیمی وپەروەردەیی لە کۆلیژی پەروەردە تەواو کردوە، لە لایەن بەشی پەروەردەی پراکتیکیەوە داوای لێکراوە دەست بکات بە ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی پیشەی فێرکردن لە یەکێک لە قوتابخانەکان بە پێی پلانێکی کاتی دیاریکراو بۆ بە دەستهێنانی لێهاتووی فێرکردن و ئامادەکردنی بۆ پیشەی وانەوتنەوە لە دوای دەرچوونی لە کۆلێژ (الضيفي، ٢٠٢١: ل٤٢٩)

خوێندکار-مامۆستا بە ئامانجگیراو و مەبەستدارە لە پەروەردەیی پراکتیکیدا و تەوەری سەرکییە بەرنامەکەیە، کە هەموو هەوڵەکان لە پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی بەرەو پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی وانەوتنەوە و بەدەستهێنانی کارایی پێویست ئاراستەی دەکەن بۆ پیشەی فێرکردن (عطية و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٥٢)

ئامانجی پەروەردەی پراکتیکی ئەوەیە کە یارمەتی خوێندکار-مامۆستا بدات بۆ ئەوەی توانایی پەروەردەی و جێبەجێکردنی ئەرکە پەروەردەییەکانی هەبێت، بەرپرسیارێتی پەروەردەیی کارا و کاریگەر و سەرکەوتنی پەروەردەی پراکتیکی پەیوەستە بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە خوێندکار-مامۆستا پابەندە بە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی کە سروشتی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی سەپاندویەتی، هەروەها باوەڕی تەواوی بە گرنگی ڕۆڵی خۆی لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیدا هەیە بەو پەڕی بەرپرسیارێتی و خۆنەویستیەوە(سعد،٢٠٠٧: ل٥٢)

خوێندکار-مامۆستا بە یەکێک لە توخمە ناوەندییەکانی بەرنامەی پەروەردەی پراکتیکی دادەنرێت، کە هەوڵ دەدرێت بۆ گەیشتن بە لێهاتووی شیاویی خۆی بۆ پیشەی فێرکردن لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەزموونی پەروەردەی پراکتیکیدا،

### ١.٥.٥.٦.١.٢ کۆمەڵێک هۆکار هەیە بۆ سەرکەوتنی خوێندکار-مامۆستا لەم ئەزموونە گرنگەدا گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

أ- بەرنامەی ئامادەکردنی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بۆ خوێندکار-مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە بواری ڕاهێنانی پەروەردەی پراکتیکیەوە.

ب- ژینگەی قوتابخانە کە خوێندکار-مامۆستا کاری ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی تییدا ئەنجام دەدات.

ت- ئاست و توانایی دەروونی و هزری و ژیری خوێندکار-مامۆستا، هەروەها ئاستی پێگەیشتنی کەسێتی و کۆمەڵایەتی و ئارەزووی بۆ ڕاهێنان و پراکتیزەکردن.

ث- ستافی سەرپەرشتاری خوێندکار-مامۆستا کە پێکدێت لە نوێنەری کۆلیژ و مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە.

ج- ڕێنمایی و ڕێسا کارگێری و یاساکانی ڕێگەدان بە خوێندکار-مامۆستا بۆ ڕاهێنان و پراکتیزەکردن(رزق، ٢٠٠٥: ل٢٠٣).

### ٢.٥.٥.٦.١.٢ هەنگاوەکانی ڕۆژانی یەکەمی پەروەردەی پراکتیکی کە خوێندکار-مامۆستا ئەنجامی دەدات:

**ڕۆژی یەکەم:**

أ- ناساندنی خۆی بە کارگێری قوتابخانە و پێدانی فەرمانی فەرمی دامەزراندنی بە شێوەی کاتی.

ب-زانینی کاتی دەوامکردن لە قوتابخانە.

ت-زانینی ئەو پولانەی کە وانەیان پێدەڵێتەوە و ئەو بابەتانەی کە دەخوێنرێت و چۆنیتی دابەشکردنی خشتەی وانەکان و ئەو مامۆستایانەی کە کاریان لەگەڵ دەکات.

ث-زانینی شوێنی ئامێر و هۆکارەکانی فێرکردن کە بە کاریان دێنیت لە کاتی وانەوتنەوەدا.

**ڕۆژی دووەم و سێیەم:**

أ- زانینی ناوی ئەو قوتابیانەی کە وانەیان پێدەڵێتەوە، و تۆمارکردنی لە تۆمارێکی تایبەت بە خۆی.

ب-زانینی تایبەتمەندێتی قوتابیەکان.

ت- بینینی ئەو وانانەی کە لایەن مامۆستای هاوکارەوە پێشکەش دەکرێت(عطیة و الهاشمی،٢٠٠٨: ل٢٥٦).

### ٣.٥.٥.٦.١.٢ مافەکانی خوێندکار-مامۆستا لە پەروەردەی پراکتیکیدا:

١- ڕێگەدان بە خوێندکار-مامۆستا کە لە قوتابخانەیەکی نزیک شوێنی نیشەجیبوونی کاری ڕاهێنان و پراکتیزەکردن ئەنجام بدات.

٢- مافی پەیوەندی کردنی هەیە بە بەشی پەروەردەی پراکتیکی- سەرپەرشتیار- مامۆستای هاوکار- بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کاتی پێویستدا.

٣- مافی بەشداریکردنی هەیە لە چالاکیەکانی قوتابخانە بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای هاوکار.

٤- بینینی فۆرمی هەڵسەنگاندن، هەروەها مافی تاوتوێکردنی بڕگەکانی هەیە لەگەڵ سەرپەرشتیار و خستەڕووی تێبینیەکانی بۆ بەشی پەروەردەی پراکتیکی(حلس، ٢٠٠٩: ل٢١).

٥- دەبێت مامەڵەیەکی بابەتی و دادپەوەرانە لە گەڵ خویندکار-مامۆستا بکرێت( الغربیی و السبیعی،٢٠١٢: ل٦).

٦- پێویستە سەرپەرشتیار خوێندکار-مامۆستا ئاگادار بکاتەوە کە چی لێدەویت و مافی ئەوەی هەیە هەموو ئاراستە و ڕێنوێنییەک بکرێت بە مەبەستی سەرکەوتنی پرۆسەکە.

٧- ناساندنی مامۆستایان و ستافی قوتابخانە بە خوێندکار-مامۆستا و ئاگادارکردنەوەی لە سروشت و سیستەمی کارکردنی قوتابخانە.

٨- پیشاندانی بابەت و بەشە وانەکانی و دابەشکردنی بە سەر ڕۆژەکانی هەفتەدا، پێش ڕاگەیاندنی خشتەی دابەشکردنی وانەکان، هەروەها ڕێکخستنی کۆبوونەوە لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە و خوێندکار-مامۆستا بە مەبەستی شیکردنەوەی بنەماکانی پەیوەندی نێوانیان.

٩- پێویستە مامۆستای هاوکار کورتەیەک لە تایبەتمەندییەکانی قوتابیان لە ڕووی مەعریفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ خویندکار-مامۆستا بخاتەڕوو، هەروەها ناوی قوتابیە بەهرەمەند و دواکەوتوو و هاروهاجەکان و ڕێگاکانی مامەڵەکردن لە گەڵیان بخاتەڕوو(عطیە و الهاشمی،٢٠٠٨: ل٢٥٣-٢٥٤).

### ٤.٥.٥.٦.١.٢ ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی خوێندکار-مامۆستا:

زۆرێک لە نووسەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردە ئەرک و بەرپرسیارێتی خوێندکار-مامۆستایان لە پەروەردەی پراکتیکی و ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت دیاری کردوە ، لە ڕێگەی جێبەجێکرنی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیەوە خوێندکار-مامۆستا گرەنتی پێکهاتەیەکی باشی پراکتیکی و تیۆری دەکات و بەم شێوەیە ئامانجەکانی پەروەردەی پراکتیکی بەدەست دەهێنێت(رابح، ٢٠١٨: ل٩٣)

### ١.٤.٥.٥.٦.١.٢ یەکەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر بە خودی خۆی:

**أ-** گرنگیدان بە سیما و کەسێتی و پاک وخاوێنی جل و بەرگ.

**ب-**پابەند بوونی ڕەوشتی تەواو لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بە جوڵە و وشە و چاوپێکەوتن و ئەو کردەوانەی کە قوتابیەکان پێی ڕاهاتوون و فێری دەبن.

**ت-**وازهێنان لە هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی نا پەسەند.

**ث-**پابەندبوون بە ڕەوشت و ئاکارەکانی پیشەی فێرکردن(دلیل التربية العملية، ل١٣)

**ج-** بوون بە نموونە و پێشەنگ بۆ قوتابیەکانی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا.

**ح-** مامەڵەکردن لە گەڵ قوتابیەکان لە سەر بنەمایی ڕێز و خۆشەویستی(حمد ٢٠٠٧: ل٢١).

### ٢.٤.٥.٥.٦.١.٢ دووەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر کۆلێژ:

- پشت بەستن بە یەکەی پەروەردەی پراکتیکی وەک مەرجەعی کۆتایی بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە چالاکیەکانی پەروەردەیی پراکتیکیەوە.
- ڕێزگرتن لە بنەما و ڕێساکانی کارکردن، کە لە لایەن یەکەی پەروەرەی پراکتیکیەوە دەرچووە( دليل التربية العملية، ل١٣)
- پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕێسا و یاسا کارپێکراوەکانی ئەو قوتابخانەیەی کە دانراوە تێیدا بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی پەروەردەی پراکتیکی.
- پابەندبوون بە کاتی دەوامی فەرمی دیاریکراو لە لایەن کۆلیژەوە.
- ناردنی ڕاپۆرت لە سەر ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی کە لە کاتی ڕاهێناندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە(الخطايبة،٢٠٠٢: ل٢٣).
- پارێزگاری لە ناوبانگی کۆلێژ وپەیوەست بوون بە ڕەفتاری رێکخراو و گونجاو.

- دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو زانیارییانەی فێربووە لە کۆلێژ لە بواری فێرکردن(عطية والهاشمي, ٢٠٠٨: ل٢٥٧)

### ٣.٤.٥.٥.٦.١.٢ سییەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی:

١. پابەندبوون بە ڕێنمایی و ئاڕاستەکانی سەرپەرشتیار پەروەردەی پراکتیکی.

٢. رازیبوون و سوودبینین لە تێبینیەکانی سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٣. ئاگادارکردنەوەی سەرپەرشتیار لە هەر کێشە و ئاستەنگێک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا(سعد،٢٠٠٧: ل٥٢-٥٣).

٤. بوونی پەیوەندی مرۆڤانە و باش لە سەر بنەمایی ڕێز لە نیوان سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٥. پرسیارکردن لە سەرپەرشتیار دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە بەرنامەی پەروەردەیی پراکتیکیەوە هەیە(دليل التربية العملية، ل١٣)

٦. وەرگرتنی پێشنیار و بۆچوونەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی(عطية و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٥٧).

### ٤.٤.٥.٥.٦.١.٢ چوارەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر مامۆستای هاوکار:

١. نیشاندانی دەستپێکی هاوکاری لەگەڵ مامۆستای هاوکار.

٢. ڕێزگرتنی بۆچوونەکانی مامۆستای هاوکار و هەماهەنگی لە گەڵیدا لە سەر ئەو چالاکیانەی کە پەیوەستن بە فێرکردنی بابەتەکەوە(سعد، ٢٠٠٧: ل٥٣).

٣. بینینی(تەماشاکردن) مامۆستای هاوکار لە کاتی وتنەوە و جیبەجێکردنی وانەیەکی نمونەیی(سليم، ٢٠١٩: ل٢٢٩).

٤. هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای هاوکار بۆ دارشتن و دانانی پلانێکی ورد و تاوتوێکردنی ئەو پلانە.

٥. ڕێککاری نەکردن بۆ سیستەمی پۆلەکە یان گۆڕینی شوێنی دانیشتنی قوتابیەکان بە بێ ڕاوێژ و ڕەزامەندی مامۆستای هاوکار.

٦. پەیڕەوکردنی هەمان شێوازی مامۆستای هاوکار، کە پەیوەستە بە تاقیکردنەوە یان نیشانەکردنی سیستەمەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی هاندەدات ببێتە کەسایەتیەکی دیار لە شێوازی فێرکردندا(علي،٢٠٢٠: ل٢٢-٢٣).

٧. گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستای هاوکار لە بارەی ناوەڕوەکی وانەکان و پرسیارکردن لە ستراتیژی گونجاوی فێرکردن و ئامرازە بەکارهاتووەکانی فێرکردندا(دليل التربية العملية، ل١٤).

## ٥.٤.٥.٥.٦.١.٢ پێنجەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر قوتابخانە و بەڕێوەبەری قوتابخانە:

١. ئامادەبوونی لە قوتابخانە پێش دەستپێکردنی دەوام بە (١٥)خولەک.

٢. چوونە ژوورەوە بۆ پول و دەرنەچوونی تاکو کاتی دیاریکراو.

٣. پێشکەشکردنی پلانی وانەوتنەوەی هەفتانەی بە بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەوەی واژووی لەسەر بکات(عطيه و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٥٦-٢٥٧).

٤. ڕێزگرتنی هاوپیشەکانی لە ستافی وانەوتنەوە و کارمەندان و دەستەی کارگێری قوتابخانە(سعد،٢٠٠٧:ل٥٣).

٥. ڕێزگرتن لە بنەما و یاساکانی قوتابخانە و وەڵامدانەوەی ڕێنماییەکانی کارگێری قوتابخانە.

٦. بەشداریکردن لەگەڵ کۆی هەڤاڵانی لە چالاکیە بە کۆمەڵەکانی قوتابخانە(الشارف والاخرون، ١٩٩٤: ل٨٦)

٧. سوود لە هەلی ئامادەبوون لە قوتابخانە وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و لێهاتووی پەروەردەی.

٨. ریزگرتن لە دایک وباوک و کەس وکاری قوتابیان کە سەردانی قوتابخانە دەکەن، پێویستە بە گرنگییەوە سەرنج و تێبینیەکانیان لێوەربگرێت( رابح،٢٠١٨: ل٩٤).

## ٦.٤.٥.٥.٦.١.٢ شەشەم: ئەرکی خوێندکار-مامۆستا بەرامبەر قوتابی(خوێندکار):

١. پایەندبوونی تەواو بە خشتەی وانەکانی هەفتە و گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانی ئەو قوتابیانەی کە وانەیان پێدەڵێتەوە، پێویستە مامەڵەیەکی پەروەردەییان لەگەڵ بکات و پەیوەست بێت بەو چەمک و بیردۆزە پەروەردەییانەی کە لە زانکۆ خوێندویەتی.

٢. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەروونی و جەستەیی.

٣. پێشکەشکردنی ئاشکرای نمرەکانی قوتابیان لە تۆمارێکی تایبەت و دیاریکردنی ژمارەی دەرچووان و کەوتووان و ڕێژەی سەرکەوتن بە واژووی خۆیەوە(عطية و الهاشمي،٢٠٠٨: ل٢٥٧-٢٥٨).

٤. مامەڵەکردن لە گەڵ قوتابیان لە سەر بنەمای ڕێز و میهرەبانی بێت و بیروڕای قوتابیان قبوڵ بکات، هەروەها وەڵامدەرەوەی مەیل و ئاڕاستەکانیان بێت(دليل التربية العملية: ل١٤)

٥. گرنگیدان بە پێویستیەکانی قوتابیان و ئارەزو و تواناکانیان، هەروەها ڕێزگرتن لەو قوتابیانەی کە وانەیان پێدەڵێتەوە، هەتاکو چێژ لە ئاکارە پیشەییەکان وەربگرن.

٦. ڕەخساندنی هەلی خوێندنی باش لە ڕێگەی ئامادەکردنی پێویست و ڕەخساندنی هەلی چاودێری دەروونی و کۆمەلایەتی  بۆ قوتابیان لە ڕێگەی تێگەیشتنی خوێندکار-مامۆستا بۆ تایبەتمەندیەکانی تەمەنیانەوە(سعد،٢٠٠٧: ل٥٣).

٧. ئامادەکردنی ئەو وانانەی کە دەیلێتەوە ئامادەکردنیکی گونجاو بێت و ڕەچاوی بنەماکانی ئامادەکردنی پلاندانان بکات، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو بۆچوون و بنەما دروستانەی کە پێشتر فێری بووە (اسماعيل،٢٠١٦: ل٤٨٣).

٨. ئامادەکردنی وانەکان بە باشی لە ڕێگەی دانانی پلانی ڕۆژانە و هەفتانەوە و مانگانە و بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان و بەشداری پێکردنی قوتابیان(سليم،٢٠١٩: ل٢٢٩).

## ٧.١.٢ پەروەردەیی پراکتیکی لە هەندی وولاتان:

سیستەمەکانی پەروەردەی پراکتیکی جیاوازن بەپێی جیاوازی وڵاتان و فەلسەفە و پێویستەیەکانی ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی ئەو وڵاتە.

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (ئوردن):**

پەروەردەی پراکتیکی لە ئوردن جەخت لە سەر ستراتیژیەتی فێرکردن لە چوارچێوەی قوتابخانە و ناو پۆل دەکاتەوە، هەروەها ئەو چالاکیانەی لە لایەن مامۆستاوە بۆ ڕێکخستنی فێربوون و ژینگەی پەروەردەیی ئەنجامدەدرێت، لە پێناو کارامەیی پێویست بۆ مامۆستا بە مەبەستی پلاندانان و جێبەجێکردنی وانەکان و ڕێگایی هەڵسەنگاندنی، ئەمە جگە لە لێهاتووی و کارلێککردنی پول و کارگیری، هەموو ئەمانە لەپێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن و باشترکردن و پەرەپێدانی  پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هەروەها چوار(٤) کاتژمێر دیاریکراوە بۆ پەورەدەی پراکتیکی کە دابەشکراوە بەسەر دوو وەرزی خوێندندا، کە خوێندکار-

مامۆستا لە ماوەی دیاریکراودا لە کاتژمێر(٨) بەیانی تاکو (١٢) نیوەرۆ بە ڕێژەیی (٢بۆ٣) ڕۆژ لە هەفتەیەکدا ئامادە دەبێت لە قوتابخانە(أبو حلبية، ٢٠١١: ل٢٩).

- **پەروەدەی پراکتیکی لە شانشینی (سعوودیە):**

پەروەردەی پراکتیکی لە دوایین بەشی کاری خوێندکارانی زانکۆیە، هەرچۆنێک بێت ئەوە تەنیا بۆ خولی پەروەردەی پراکتیکی نیە، بەڵکو خوێندکار-مامۆستا، جگە لە خولی پەروەردەیی پراکتیکی پێویستی بە خولێکی تایبەت هەیە، هەرچەندە ڕێگەی پێدراوە ناوی خۆی تۆمار بکات دوای ئەوەی خوێندکار-مامۆستاکە هەموو پێداویستیە تیۆرییەکانی بۆ ئامادەکردنی پەروەردەی تەواو کردوە، ئەم پرۆسەیە لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر جیاوازە(السميح، ٢٠٠٦: ل١٥٤)

پەروەردەی پراکتیکی بۆ خوێندکارانی قۆناغی (سێیەم و چوارەم)ی کۆی پسپۆریەکانی کۆلێژە پەروەردەییەکان لە سەرەتایی هەفتەی (دووەم) دەست پێدەکات، هەتاکو هەفتەی (نۆیەم) درێژە دەکێشێت، بۆ خوێندکارانی قۆناغی (چوارەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- پێنج هەفتەی ڕاهێنانی ناوبەناو، بە ڕێژەی یەک ڕۆژ لە هەفتەیەکدا.
ب-سێ هەفتەی ڕاهێنان بە دوای یەکدا(صابر، ١٩٨٠:ل ٢٧٨).

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (سويد):**

پەورەدەی پراکتیکی بۆ مامۆستایانی بنەڕەتی بە چاودێریکردنی ناو پۆل دەست پێدەکات، ئەمە لە وەرزی یەکەمی خوێندندا، بەڵام لە وەرزی کۆتایی لە پەروەردەی پراکتیکی بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێت و داوا لە خوێندکار-مامۆستا دەکرێت دوو بابەت لە پسپۆری پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی لە هەر بابەتێک (٦٠) کاتژمێر وانە بلێتەوە، یان (٣) بابەت لە پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە دیاری بکات و بۆ هەر بابەتێک (٤٠) کاتژمێر وانە بڵێتەوە، بەمجۆرە بەشداری فێرکردنەکەی زیاد دەکات، تا ئەو کاتەی دەبێتە بەشدار لە خشتەیەکی خوێندنی تەواودا لە نزیک کۆتایی وەرزی خوێندن و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت و پاشان خوێندکار-مامۆستا لە هەفتەکانی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆ بۆ تەواو کردنی ئەو بابەتە تیۆریانەی کە ماوە بیخوێنێت(الموسوی، ٢٠٠٥: ل١٩).

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (بەریتانیا):**

جێبەجێکردنی پەروەردەی پراکتیکی لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە بەریتانیا بە شێوەی جۆراوجۆرە، بەو شێوەیە خوێندکار-مامۆستا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕاهێنان و پراکتیزەکردن لەو قوتابخانەیەی کە لە لایەن کۆلیژەوە بۆی دیاریکراوە، لە دوای ئەنجامدانی ڕاهێنان و پراکتیزەکردن گفتوگۆی وانەوتنەوەکە لە لایەن هاوڕێکانیەوە دەکرێت، کە ئامادەی وانەوتنەوەکە بوون، هەروەها لەلایەن مامۆستای پسپۆرەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەم پرۆسەیە نزیکەی (١٥) هەفتەی پێدەچێت(مقلید و لخضر،٢٠٢٠:ل٢٠).

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (یابان):**

یابان  بە یەکێک لەو وولاتە پیشەسازییە پێشکەوتووانە دادەنرێت، کە گرنگیەکی زۆر بە ڕاهێنانی مەیدانی دەدات  ئەمەش نهێنی پشت هێنانەکایەی تەکنەلۆژیایە لەم سەردەمەدا، مامۆستاکان بۆ هەموو قۆناغەکان لە پەیمانگاکانی ڕاهێنانی مامۆستایان یا زانکۆکانی یابان ئامادە دەکرێن، هەروەها وەزارەتیش سەرپەرشتی ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی پێویست بۆ ئەوە دەکات، خوێندکاری دەرچووی پەیمانگا دوو جۆر بڕوانامەی پێدەبەخشرێت:

جۆری یەکەم: مامۆستایی قۆناغی باڵا، دوای دەرچوونی لە زانکۆ (٤ساڵ) بڕوانامەی ماستەر وەردەگرێت و ڕێگەپێدراوە بۆ وانەوتنەوە.

جۆری دووەم: مامۆستای قۆناغەکانی تر، دوای دەرچوون لە زانکۆ(٤ساڵ) بەدەستهێنان لە جۆری دووەم،  مامۆستایی باخچەی ساوایان قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان دوای شەش مانگ بڕوانامەی ڕێگەپێدراویان پێدەبەخشرێت بۆ کارکردن لە پیشەی وانەوتنەوەدا، هەورەها پرۆگرامی ئامادەکردنی مامۆستایان پێکدیت لە (١٠٪) زانستی پەروەردەیی و (٩٠٪) زانستە پسپۆرییەکان(المفرج و الاخرون، ٢٠٠٦:ل١٠٧-١٠٨).

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا):**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گرنگیەکی زۆر بە پەروەردەی پراکتیکی دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی گرنگیدان بە پرۆگرامەکانی پەروەردەی پراکتیکی لە زانکۆکانی ئەمریکادا، بە جۆرێک داڕێژراوە کە خوێندکار-مامۆستا ورد ورد فێری پرۆسەکانی فێرکردن بن و پاشان وردە وردە لە ناوپۆلدا دەست بە وانەوتنەوەی ڕاستەقینە بکەن، هەربۆیە پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆکانی ئەمریکا جەخت لە پەروەردەی پراکتیکی دەکاتەوە، ئەزموونی پەروەردەی پراکتیکی گرنگترین و کاریگەرترین لایەنە لە ئامادەکردنی

پیشەیی خوێندکار-مامۆستا، هەروەها پرۆگرامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆکانی ئەمریکا ئەو تایبەتمەدیە بنچینەیەی هەیە کە خوێندکاران تەنیا دووساڵ دوای تەواو کردن لە کۆلێژە ئەکادیمیەکان قبوڵ دەکرێن، ئەوە ئەو شوێنەیە کە ئەکادیمیانە ئامادەیی دەکات پێش چوونی بۆ کۆلیژ، جێگایی سەرنجە کە تەنیا وەرگرتنی بڕوانامەی ئەکادیمی شیاوی وانەوتنەوە نیە، بەڵکو پێویستی بە مۆڵەتی فێرکردنە، بە تایبەت دوای تاقیکردنەوە و مەرجی دیاریکراو بە دەست دەهێنرێت(أبو حلبية،٢٠١١:ل٢٩-٣٠).

- **پەروەردەیی پراکتیکی لە (کوەیت):**

خوێندنی پەروەردەی پراکتیکی لە زانکۆی کوەیت، لە ڕێگەی خولێکەوە پیشکەش دەکرێت بە ناوی خولی خوێندنی پراکتیکی (یەکەی خوێندن)، کە ڕۆژنامەکان ناویی دەرچووانی خوێندکار-مامۆستایان تۆمارکردوە لە سێ پرۆگرامی زانکۆدا: پرۆگرامی باخچەی ساوایان، پرۆگرامی سەرەتایی و پرۆگرامی ناوەندی، بەڵکو پێویستەخوێندکار-مامۆستا لە خوێندنگەکانی ڕاهێنان و پراکتیزەکردن لە هەفتەیەکدا(٥) ڕۆژ بۆ یەک وەرزی خوێندن ئامادە بن و لای بڕیاردەری پەروەردەی پراکتیکی دوای تەواوکردنی یەکەکانی خوێندن کە (٩٠) یەکەیە، ناویان تۆمار دەکرێت لە خولی پەروەردەی پراکتیکی(الجسار و تمار، ٢٠٠٤:ل ٧٢).

- **پەروەردەی پراکتیکی لە (هەرێمی کوردستان):**

لە هەرێمی کوردستان پەروەردەی پراکتیکی بەوە دەست پێدەکات، کە خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردە بۆ ماوەیەک(٥٠-٦٠) ڕۆژ دەچن بۆ قوتابخانەکان و وەک مامۆستا وانە دەڵێنەوە و لەم ماوەیەدا خوێندکار لە کۆلێژ ئامادە نابێت وەک خوێندکارێکی مامۆستا لە قوتابخانەی بنەڕەتی یا ئامادەیی وانە دەڵێتیەوە لەو کاتەدا مامەڵەی مامۆستای ڕەسەنی لەگەڵ دەکرێت و هەموو یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی بەسەردا دەسەپێت(قەرەچەتانی، ٢٠١٤: ل٢٥٢).

### ٢.٢ توێژینەوەكانی پێشوو:

بەشی دووەم جۆرێكە لە خستنەڕووی ئەو توێژینەوانەی كە پێشتر كراون لە بواری رێككردنەوە و خستەڕووی هەڵسەنگاندن و دۆخ و ئاستەنگ و بەربەست و كێشە و گرفتەكانی بەرنامە و پرۆگرامەكانی پەروەردەی پراكتیكی بۆ ئامادەكردنی خوێندكار بۆ پیشەی مامۆستایی.

### ١.٢.٢ خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو:

لەم بەشەدا گرنگترین ئەو توێژینەوانەی پیشوو كەلەم توێژینەوەیەوە نزیكن یا هاوشێوەن، بەمەبەستی شیكردنەوەی لایەنی هاوبەش و لێكچوون و جیاوازی ئاست و ڕادەی سوودبینین لێیان، لە پاڵ پیشاندانی شوێنی ئەم توێژینەوانە، لە توێژینەوەكانی تردا دەخەینەڕوو، ئەمانەش دهابەش دەبن بۆ ئەمانە كە لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو.

خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو:

خشتەی(١)

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ئەو ئاستەنگانەی كە ڕووبەڕووی خوێندكارانی پەروەردەی پراكتیكی دەبنەوە لە زانكۆی الهاشمیة و زانكۆی الإسراء تایبەت |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەكە | الخریشا و الشرعة و النعیمی<br>ساڵی ٢٠١٠ |
| ئامانجی توێژینەوە | -زانینی ئەو ئاستەنگەكانەیە كە ڕووبەڕووی خوێندكاری پەروەردەیی پراكتیكی دەبێتەوە لە كاتی ڕاهێنان و پراكتیزەكردندا.<br>-پیشكەشكردنی پیشنیار و ڕاسپاردە بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو ئاستەنگانەدا |
| نموونەی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە | نمونەی توێژینەوەكە پێكهاتبوو لە (١٣٣) خوێندكاری كوڕ و كچ دابەشكراوە بە سەر (٧٣) خوێندكار لە زانكۆی ( الهاشمیة) و (٦٠) خوێندكار لە زانكۆی ( الإسراء)ی تایبەت |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی شیكاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -گرنگترین ئاستەنگ و بەربەستەکانی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبنەوە قەرەباڵغی پۆلی خوێندن.<br>- زۆری ئەرکی خوێندن لە سەر شانی خوێندکار-مامۆستا.<br>- وە لە تەوەری قوتابخانەی هاوکار گرنگترین ئاستەنگ دووری شوێنی نیشتەجێ بوونی خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانەکانەوە.<br>- دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە جیاوازی گوزارشتکەر لە ئاستی ئاماژەی داتا ئامارییەکاندا هەیە، لە نێوان تێکرایی ئاستەنگەکانی پەروەردەیی پراکتیکی کە دەدرێتە پاڵ جۆری زانکۆکە و بە سوودی زانکۆکانی تر.<br>- هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە جیاوازی نیە لە ئاستی ئاماژەی داتا ئامارییەکان لە ناوەندێتی ئاستەنگەکانی پەروەردەی پراکتیکی کە بدرێتە پاڵ ڕەگەز و پسپۆڕی. |
| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی تازەی زانستەکانی پەروەردە: تیۆری و پراکتیکی ڕاهینانی مامۆستا |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | Aypan , A.<br>ساڵی (٢٠٠٩) |
| ئامانجی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لای خوێندکار-مامۆستا |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٢٢٨ خویندکاری کوڕ و کچ و ٧ سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراکتیکی |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | - ڕاهێنانەکە کە گەیشتووە بە سامپڵەکە زۆر باش بووە و پەرەسەندنی پیشەیی لەلای خوێندکار-مامۆستا ڕوویداوە<br>-بوونی پەیوەندی ئاماری دەریدەخەن کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەنجامدانی کرداری پەروەردەی پراکتیک و ڕەوتە تیۆریەکاندا بوونی هەیە کە خوێندکار-مامۆستا دەیانخوێنێت<br>-بوونی پەیوەندی ئاماری گرنگ لە نێوان لایەنی تیۆری پەروەردەی پراکتیکی و لایەنی کرداری |
| ناونیشانی | ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کچە خوێندکارانی پەروەردەی پراکتیکی دەبنەوە لە کۆلێژی المزاحمية لە ماوەی مەشقی مەیدانی |

| | |
|---|---|
| توێژینەوە | |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | العتيبي<br>ساڵی ٢٠١٨ |
| ئامانجی توێژینەوە | -زانینی ئەو کیشانەی کە ڕووبەڕووی خویندکار-مامۆستا کچەکان دەبیتەوە لە ماوەی پەروەردەیی مەیدانی.<br>- ئاشکراکردنی کێشەکان کە ڕووبەڕووی خویندکار-مامۆستا کچەکانی پەروەردە دەبیتەوە لە کۆلێژی پەروەردەیی (المزاحمية) بە پێی گۆڕاوەکان وەک(پسپۆڕی و تێکرا و جۆری قوتابخانە) |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٢٢٢ خوێندکاری کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی راپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -زۆرترین کێشە کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا بوەتەوە لە لە بواری کارگێری قوتابخانە و کەسایەتی خوێندکار و مامۆستای هاوکار و سروشتی پەروەردەی پراکتیکی و دواجار سەرپەرشتیاری پەروەردەیی،<br>-دیارترین کێشە لە بواری کارگیری قوتابخانە دابەشکردنی خوێندکار-مامۆستا بەسەر مامۆستایاندا بە بێ ڕاوێژ و ویستی خۆیان و نەبوونی شوێنی تایبەت بە خوێندکار-مامۆستا بۆ دانیشتن لە کاتی بەتاڵەکاندا.<br>-توێژینەوەکە دەریخست کرد کە جیاوازی ئاستی بەڵگەداریتی ئاماری نیە لە کێشەکان کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبنەوە لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردندا بە هۆی پسپۆرییەوە،<br>- جەخت لەسەرهەبوونی جیاوازی بەرچاو لە ڕووی ئامارەوە بۆ جۆری قوتابخانە( حکومی و ئەهلی) لە بەرژەوەندە قوتابخانە ئەهلییەکان دەکاتەوە |
| ناونیشانی توێژینەوە | کێشەکانی پەروەردەی پراکتیکی و ئامرازەکانی چارەسەرکردنیان بە پێی بۆچوونی خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردە لە زانکۆ فەڵەستینیەکان و بە بۆچوونی کارگێڕی زانکۆ و مامۆستایانی هاوکار لە قوتابخانە فەڵەستینیەکاندا |

| | |
|---|---|
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | حزبون<br>ساڵی ٢٠٠٨ |
| ئامانجی توێژینەوە | - زانینی ئەو کێشانەی که ڕووبەڕووی پەروەردەیی پراکتیکی دەبێتەوە لە زانکۆکانی فەڵەستین لە تێروانینی کارگێری کۆلێژە پەروەردەییەکان و خوێندکار-مامۆستا و مامۆستایی هاوکار لە قوتابخانەکانی فەڵەستین.<br>- ئاشنا بوون بە چارەسەری پێشنیارکراو بۆ بەرەو پێشبردن و باشترکردنی پەروەردەیی پراکتیکی. |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٣٨٠ کەس بە شێوە هەڕەمەکی وەرگیراوە کە (١٣) کارگێری کۆلێژی پەروەردە و (٢١٣)خوێندکار-مامۆستا و (١٥٤) مامۆستایی هاوکار |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە کێشەکانی پەروەردەی پراکتیکی بە گشتی بە پلەی مامناوەندە، بەڕێژەی ناوەندی ژمێرەی(٣،٨٩) و لادانی پێوەری (٠،٨٤) کە ئەمەش تاڕادەیەک ڕازی بوونی ڕێژەییە، بەڵام پێویستە پەرەی پێبدریت و پێشبخرێت.<br>- هەروەها توێژینەوەکە ئاشکرای کرد کە خوێندکار-مامۆستا کچەکان زیاتر کێشەیان هەیە لە چاو کوڕەکان.<br>- هیچ جیاوازی گرنگ لە ڕووی ئامارەوە نیە لە ئاستی بەڵگەدرێتی نێوان تێکڕایی نموونەی وەڵامەکان بۆ کێشەی پەروەردەی پراکتیکی بە پێی ڕەگەز. |
| ناونیشانی توێژینەوە | تێڕوانینی مامۆستایانی تازەی چین(چاینایی) لە مەڕ ڕاهێنانی وانەوتنەوە لە چواچێوەی ناچوونیەکەکاندا: دەرکەوتنەکان بۆ تێڕوانینی مامۆستایانی دەرەوەی شار |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | Qin & Vallarreal<br>ساڵی ( ٢٠١٨) |
| ئامانجی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی بەرنامەی (پەروەردەی پراکتیکی) لە پرۆگرامی فێرکردنی مامۆستایان بە خێرای لە گەورەترین زانکۆکانی وڵاتی چین بە پێی بۆچوونی خوێندکار-مامۆستا |

| | |
|---|---|
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٧١٠ خویندکاری کوڕ و کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو خوێندکار-مامۆستایانەی کە لە کۆلێژەکان دەخوێنن لە ژینگەی شارەکان زیاتر پۆزەتیف و سەرکەوتووترن لەو خوێندکار-مامۆستایانەی کە لە ژینگەی لادێ دا دەخوێنن.<br>-ئەو خوێندکار-مامۆستایانەی لە ژینگەی شاردان زیاتر پەیوەستن و ئارەزووی کاری فێرکردن دەکەن بە پێچەوانەی ئەوانەی کە لە ژینگەی لادێ کاری فێرکردن دەکەن چونکە ئەوانە ژینگەی لادێ هەست بە دوو دڵی دەکەن.<br>-توانای کەسیی لای خوێندکار-مامۆستای هەر دوو ژینگەکە تا ڕادەیەک لە ئاستێکی نزمدایە. |
| ناونیشانی توێژینەوە | دۆخی پەروەردەی پراکتیکی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی الإسلامیة لە غەزە و شیوازەکانی پەرەپێدانیان |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | العاجز و حلس<br>ساڵی ٢٠١١ |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی گرنگترین ئەو کیشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٨٣ خوێندکاری کور و کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -کەمی دەستکەوتنی هۆکارەکانی فێرکردنی دیاریکراو لە قوتابخانەی ڕاهێناندا.<br>- کەمی بایەخدانی کارگیری قوتابخانە بە خوێندکار-مامۆستا.<br>- ئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخست کە لەڕووی ئامارەوە جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان تێکرایی ئاستەنگەکانی پەروەردەیی پراکتیکی بە هۆی جۆری زانکۆکانەوە لە بەرژەوەندی زانکۆ ئەهلییەکان<br>- هیچ جیاوازی گرنگ لە ڕووی ئامارەوە نیە لە ئاستی بەڵگەدرێتی |

| | |
|---|---|
| | نێوان تێکڕایی نموونەی وەڵامەکان بۆ ئاستەنگەکانی پەروەردەیی پراکتیکی بە پێی پسپۆری و ڕەگەز<br>-لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشت بە هەندی ڕێنمایی و پێشنیار گرنگترینیان" چاوخشاندنەوە بە پەروەردەیی مەیدانی وەک ئەوەی کردارێکی هەرەوەزییە کە هەر یەک لە خوێندکار-مامۆستا و مامۆستای هاوکار و بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کۆلێژی پەروەردە تێیدا بەشدارن. |
| ناونیشانی توێژینەوە | تێڕوانینی مامۆستایانی تازەی چین(چاینایی) لە مەڕ ڕاهێنانی وانەوتنەوە لە چاوچێوەی ناچوونیەکەکاندا: دەرکەوتنەکان بۆ تێڕوانینی مامۆستایانی دەرەوەی شار |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | Qin & Vallarreal<br>ساڵی ( ٢٠١٨) |
| ئامانجی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی بەرنامەی (پەروەردەی پراکتیکی) لە پرۆگرامی فێرکردنی مامۆستایان بە خۆڕای لە گەورەترین زانکۆکانی وڵاتی چین بە پێی بۆچوونی خوێندکار-مامۆستا |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٧١٠ خویندکاری کوڕ و کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -دەرئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو خوێندکار-مامۆستایانەی کە لە کۆلێژەکان دەخوێنن لە ژینگەی شارەکان زیاتر پۆزەتیف و سەرکەوتووترن لەو خوێندکار-مامۆستایانەی کە لە ژینگەی لادێ دا دەخوێنن.<br>-ئەو خوێندکار-مامۆستایانەی لە ژینگەی شاردان زیاتر پەیوەستن و ئارەزووی کاری فێرکردن دەکەن بە پێچەوانەی ئەوانەی کە لە ژینگەی لادێ کاری فێرکردن دەکەن چونکە ئەوانە ژینگەی لادێ هەست بە دوو دڵی دەکەن.<br>-توانای کەسیی لای خوێندکار-مامۆستای هەر دوو ژینگەکە تا ڕادەیەک لە ئاستێکی نزمدایە. |

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | کێشەکانی جێبەجێکردنی مەیدانی بڕیاردەری پەروەردەی پراکتیکی لە زانکۆی (القدس)ی کراوە لە ڕووانگەی لێکۆڵەرەوان |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | شاهین<br>ساڵی ٢٠١٠ |
| ئامانجی توێژینەوە | -زانین و دەستنیشانکردنی کێشەکانی پراکتیزەکردنی مەیدانی کە ڕووبوڕووی خوێندکارانی زاکۆی قودسی کراوە(المفتوحة) دەبێتەوە لە ماوەی ڕاهینان و جێبەجێکردندا.<br>-زانینی پەیوەندی کێشەکان بە هەندێ گۆڕاوی (پسپۆڕی و ڕەگەز)ەوە |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٢٤٦ خوێندکاری کوڕ و کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -توێژینەوەکە دەریخست کە کێشەکان کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە کاتی ڕاهێنانی مەیدانی بە پێی گرنگیەکەیان بەم جۆڕەیە(سەرپەرشتیاری ئەکادیمی و قوتابخانەی هاوکار و پلانی وانەوتنەوە).<br>-ئەنجامەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە لە ڕووی ئاماریەوە جیاوازی تاکەکەسی گرنگ هەیە لە نێوان ڕەگەزەکان لەڕووی ئەو کێشانەی لە کاتی جێبەجێکردنی زانستیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەمێشە کچەکان لە هەموو بوارەکاندا زیاتر توشی کیشەو ئاستەنگ دەبنەوە.<br>-ئەنجامەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەخستە سەر کارلیککردن لە نێوان ڕەگەز و پسپۆری لە سەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبنەوە لەکاتی ڕاهێنانی مەیدانیدا |
| ناونیشانی توێژینەوە | ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکارانی پەروەردەی پراکتیکی دەبنەوە لە زانکۆی شقراء بە پێی بۆچوونی خود خوێندکار-مامۆستا خۆیان |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | العنزی<br>ساڵی ٢٠١٥ |

| | |
|---|---|
| ئامانجی توێژینەوە | -دەست نیشانکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە زانکۆی الشقراء لە تێڕوانینی خۆیانەوە.<br>-زانینی جیاوازی ئەو کێشانە بە پێی پسپۆری ڕەگەز و ڕێژەیی ئەکادیمی |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٣٦ خوێندکار |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -هیچ جیاوازیەکی گرنگ لە ڕووی ئامارەوە نیە بۆ گۆڕاوەکانی پسپۆڕی و رەگەز.<br>-جیاوازی گرنگ لە ڕووی ئاماریەوە هەیە بۆ گۆڕاوی تێکرایی کەڵەکەبوو |
| ناونیشانی توێژینەوە | ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبنەوە لە دەوڵەتی بەحرەین و ڕۆڵی سەرپەرشتیار پەروەردەی لە سووکردنیان |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | المالکی<br>ساڵی ٢٠٠١ |
| ئامانجی توێژینەوە | -ئاشکرا کردنی گرنگترین ئاستەنگەکانی کە ڕووبەڕووی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە کاتی پەروەردەیی پراکتیکی.<br>-ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ خوێندکار-مامۆستا تاکو بە باشترین شێوە ڕۆڵی خۆی بگێرێت.<br>-پەرەپێدانی سەرپەرشتکردنی پەروەردەیی پراکتیکی.<br>-زانینی ڕۆڵی فرەیی سەردانەکانی پەروەردەی لە تێپەڕاندنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم خوێندکار-مامۆستا |
| نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٧٧ خوێندکاری کوڕ و کچ |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی شیکاری |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی و فۆڕمی هەڵسەنگاندن |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | ئاستەنگەکانی پەیوەست بە سەرپەرشتیار:<br>-نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان سەرپەرشتیار و خوێندکار-مامۆستا لە |

| | |
|---|---|
| | بارەی سەردانیکردنی پۆل.<br>-پارێزگاری نەکردنی لە بەرواری سەردانیکردن لە لایەن سەرپەرشتیارەوە.<br>ئاستەنگەکان پەیوەست بە کارگێری قوتابخانە:<br>-کەمی بەشداری کردنی خوێندکار-مامۆستا لە چالاکیەکانی قوتابخانە.<br>کەمی هۆکارە فێرکاریەکان.<br>ئاستەنگەکان پەیوەست بە مامۆستای هاوکار:<br>-نەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا و چاودێری نەکردنی.<br>پیشکەشنەکردنی یارمەتی و ڕێنوێنی پێویست بە خوێندکار-مامۆستا<br>ئاستەنگەکان پەیوەست بە کارگێری کۆلێژ:<br>-نمایش نەکردنی فیلم و شریتە تۆمارکراوەکان سەبارەت بە فێرکردن بە خوێندکار-مامۆستا پێش ئەنجامدانی پەروەردەی پراکتیکی.<br>-بەشداری نەکردنی چالاک لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکار-مامۆستا.<br>-ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی بە ردەوام. |

## ٢.٢.٢ لێکچوون و جیاوازی لە نێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو:

١. سەبارەت بە شوێنی و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوە: هەریەکە لە توێژینەوەکانی (الخریشا و الشرعە و النعیمی، ٢٠١٠) و (حزبون، ٢٠٠٨) و (شاهین، ٢٠١٠) لە وولاَتی فەڵەستین ئەنجامدراوە، وە توێژینەوەکەی (العتیبی، ٢٠١٨) لە وولاَتی سعودیە، هەروەها توێژینەوەکەی (الجسار و التمار، ٢٠٠٤) لە وولاَتی کوەیت ، توێژینەوەکەی (العنزی،٢٠١٥) لە وولاَتی ئەردەن، توێژینەوەکەی ( المالکی،٢٠٠١) لە ولاَتی بەحرەین، توێژینەوەکەی (Aypan.A) لە وولاَتی تورکیا و توێژینەوەی (Qin & vallarreal) لە وولاَتی چین، بەلاَم توێژینەوەی ئێستا لە هەریمی کوردستان-عێراق ئەنجام دەدرێت.

٢. لە ڕووی مێتۆدی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکان مێتۆدی وەسفی ( المنهج الوصفی) یان پەیرەو کردوە هەر وەک ئەم توێژینەوەی ئێستا کە هەمان مێتۆدی پەیرەو کردوە.

٣. لە ڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: هەموو توێژینەوەکان ئامرازی ڕاپرسیان بەکار هێناوە تەنانەت ئەم توێژینەوەی ئێستاش، بەلاَم توێژینەوەکەی (Aypan) لەگەڵ فۆرمی ڕاپرسی چاوپێکەوتنیشی بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەکەی (المالکی، ٢٠٠١) لەگەڵ فۆرمی ڕاپرسی فۆرمی هەڵسەنگاندنیشی بە کارهێناوە.

٤. لەڕووی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکان جیاواز بوون لە ڕووی ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە، وەک الخریشا و الشرعە و النعیمی(١٣٣)خوێندکار، Aypan

(٢٢٨)خوێندكار و (٧) سەرپەرشتیاری پەروەردەی پراكتیكی، العتیبی (٢٢٢)، حزبوون(٣٨٠) لە سەرۆک بەشی كۆلێژەكان و خوێندكاران و مامۆستایی هاوكار، Qin & vallarreal (٧١٠)خوێندكار ، العاجز و حلس(١٨٣) خوێندكار، شاهین(٢٤٦)خوێندكار، العنزی(١٣٦) خوێندكار، المالكی(١٧٧) خوێندكار، وە توێژینەوی بەردەست (٤٩٠)مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەكان.

٥. لە ڕووی ئامانجی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەكانی پێشوو وە توێژینەوەكەی ئێستاش هەمان ئامانجیان هەیە ئەویش زانین و دەست نیشانكردنی ئەو كێشەو ئاستەنگانەیە كە ڕووبەڕووی خوێندكار-مامۆستا دەبێتەوە لە ماوەی پەروەردەی پراكتیكی، بەڵام توێژینەوەكانی (Aypan، ٢٠٠٩)و Qin & vallarreal، ٢٠١٨) هاو ئامانج نین، بەڵكو ئامانجیان هەڵسەنگاندنی ڕاهێنان و بەرنامە و پرۆگرامەكانی پەروەردەی پراكتیكیە لای خوێندكار-مامۆستا.

## ٣.٢.٢ سوود بینین لە توێژینەوەكانی پێشوو:

توێژەر لە چەندین ڕووەوە سوودی لە توێژینەوەكانی پیشووتر وەرگرتوە وەک:

١. هەستكردن بە هەبوونی كێشەی توێژینەوەكە و ڕادەیی گرنگیەكەی بە مەبەستی بوون بە توێژینەوەیەكی تەواو زانستی.

٢. سوود بینین لە دارشتن و خستنەڕووی كێشەكە بە شێوەیەكی لۆجێكیانە.

٣. سوود بینین بۆ داڕشتنن و خستەنەڕووی پێشەكی توێژینەوەكە.

٤. توێژینەوەكانی پیشوو چوارچێوەیەكی گشتی بۆ توێژینەوەكە پێكدەهێنن، چونكە بابەتەكانی توێژینەوەكانی پێشوو سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بە تایبەت لە چوارچیوەی تیۆریدا.

٥. سوود وەرگرتن لە ڕووی ئامادەكردن و بەكارهێنانی ئامرازە ئامارییەكان بۆ دەرخستن و چۆنێتی راستی و جێگیری توێژینەوەكە.

٦. سوود لە زانیارییە ڕێكارییەكانی توێژینەوەكانی پێشوو بینراوە بۆ چۆنێتی ڕاڤەكردنی داتا و زانیارییەكان و هاوكێشە ئامارییەكان.

## بەشی سێیەم

## ڕێککارییەکانی توێژینەوە

١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە

٢.٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٣.٣ نمونەی توێژینەوەکە

٤.٣ هۆکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

٥.٣ ئامرازی توێژینەوەکە

٦.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی توێژینەوەکە

٧.٣ ڕاستی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە

٨.٣ئامڕازەئامارییەکان

# بەشی سێیەم

# ڕێکارییەکانی توێژینەوە

ئەم بەشە پێکدێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی کە لە لایەن توێژەرەوە پەیڕەو کراوە، لەگەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، لەگەڵ ڕێکارییەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوە و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، بەم شێوەی خوارەوە:-

### ١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە:

سەرکەوتن و بەهێزی ئەنجامەکانی هەر توێژینەوەیەک بەستراوەتەوە بە ڕێباز و ئامرازە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە، ئەگەرچی و هیچ کام لە ڕێبازەکان نابنە هەڵە و ناڕاست بەڵام لەگەل ئەوەشدا هەر ڕێبازێک لە ڕێبازەکانی توێژینەوە دەبنە پاڵپشت و خاڵی بەهێزی توێژینەوەکە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەدا پشتی بەستووە بە میتۆدی (وەسفی شیکاری)، چونکە گونجاوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم  تویژینەوەیە، کە مەبەستی زانین و دەستنیشانکردنی ئاستەنگە پیشەییەکانە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.

(باداوەی و شێخانی،٢٠١٤) بەمجۆرە پێناسەیان کردوە: میتۆدی (وەسفی)، ریگایەکە بریتیە لە باسکردنی بابەتێک کە توێژینەوەی بە مەنهەجێکی زانستی ڕاست و دروست لە سەر ئەنجام دەدریێت، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامەکان کە بە شێوەی ژمارەیی پێی گەیشتوون و ڕاڤەی دەکەن(باداوەی و شێخانی،٢٠١٤: ل٥٩)

هەروەک (العثمان،٢٠٠٩) دەڵێت: ڕێگایەکە توێژەران پشتی پێدەبەستن بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەیەک لەسەر بنەمای وەسفکردنێکی ورد، بە مانای دیاریکردنی دیمەنەکە هەروەک ئەوەی خۆی لە ڕاستیدا هەیە، لەوانەیە وەسفکردنەکە بە وشە یا بە ژمارە بێت. (وەسف)یش بریتیە لە دیاریکردن و تۆمارکردنی دیاردەکان، و تەنیا وەسف بەس نیە بۆ گەیشتن بە زانست، هەروەها دەستپێشخەری بۆ زانست ناکرێت ئەگەر هات و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ نەکرێت و دوا بە دوا گشتگیر نەکرێت(العثمان،٢٠٠٩: ل٣٣)

## ٢.٣ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە یەکێکە لە مەرجەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، کە بریتیە لە کۆمەڵێکی تەواوکار لە تاک و رەگەز و ژمارە یان ئەو پێزانانەی کە تایبەتمەندە و توێژەر توێژینەوە لە بارەیەوە ئەنجام دەدات و دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت پێویستی بە ڕاڤە و شیکردنەوە هەیە(صبری و أخرون،٢٠٠١:ل١٥).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە (٧٧٧) کەس لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان، بە پێی کۆتا ئامار کە توێژەر وەریگرتوە لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆکانی (سلێمانی و چەرموو) کە کۆی مامۆستایانی سەرپەرشتیار دەکاتە (٢١٠) مامۆستای زانکۆ کە ڕێژەی سەدی دەکاتە (٢٧٪)، هەروەها بەڕێوبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان لە هەر سێ بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای سلێمانی و چەمچەماڵ ) کە دەکاتە (٥٦٧) بەڕێوبەری قوتابخانە، کە ڕێژەی سەدی دەکاتە (٧٣٪) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢). وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٢)

دابەشبوونی  کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان.

| ژ | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستایانی سەرپەرشتیار | ٢١٠ |
| ٢ | بەڕێوبەری قوتابخانەکان | ٥٦٧ |
| کۆی گشتی | | ٧٧٧ |

## ٣.٣ نمونەی توێژینەوە

(عباس ٢٠٠٧) دەڵێ: بریتیە لە کۆمەڵەیەکی بچوکی کۆمەلگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەک نواندنی تاکەکانی کۆمەڵگا بکات بە باشترین شێوە و دەتوانرێت گشتاندن بە ئەنجامەکانی نمونەی توێژینەوەکە بکرێت بە سەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زۆر تەواو  و ئەنجامدانی دۆزینەوە و ناسینەوەی بۆ بکرێت سەبارەت بە نیشانە و زانراوەکانی کۆمەڵگا (عباس و أخرون،٢٠٠٧: ل٢١٧).

توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی لە (٤٩٠) کەس لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەرێوبەری قوتابخانەکان لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ بە شێوەی هەڕەمەکی دیاری کردوە،

هەروەها وردەکاری نمونەی توێژینەوەکە بەم جۆرەیە، نمونەی بنیاد (٢٩٤) و نمونەی جێبەجێکردن (١٠٦) و نمونەی سەرەتایی (٣٠) هەروەها نمونەی جێگیری (٣٢) و دورخراوەکان (٢٨)، وەک لە خشتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٣)

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی وردەکاری نمونەی توێژینەوەکە.

| ژ | وردەکاری نمونەی توێژینەوەکە | مامۆستایان و بەڕێوبەری قوتابخانەکان |
|---|---|---|
| ١ | نمونەی بنیاد | ٢٩٤ |
| ٢ | نمونەی جێبەجێکردن | ١٠٦ |
| ٣ | نمونەی سەرەتایی | ٣٠ |
| ٤ | نمونەی جێگیری | ٣٢ |
| ٥ | دوورخراوە | ٢٨ |
| ٦ | کۆی گشتی | ٤٩٠ |

## ١.٣.٣ نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە ( العینە الاسطتلاعیە)

تاقیکردنەوەی گەڕاندنەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی تاقیکردنەوەکەیە کە لەلایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە لە سەر نمونەیەکی بچوکی تویژینەوەکە، پێش ئەوەی توێژینەوەکە ئەنجام بدات بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

تاقیکردنەوەی گەڕاندنەوە کۆمەڵێک ئامانجی هەیە گرنگترینیان بریتین لە:-

١. زانینی ئاستی ڕوونی بڕگەکان و ڕێنمایی پێوانەکە.

٢. زانینی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکان.

٣. وەڵامدانەوەی داخوازی و ڕوونکردنەوەی پرسیارەکان ئەگەر هەبێت.

٤. ئامادەکردنی وێنەی کۆتایی بڕگەکان پێش ئەنجامدانی شیکردنەوە ئامارییەکان(کریم، ٢٠٢٠ :ل١١٢).

توێژەر نمونەیەکی سەرەتایی هەڵبژارد، کە پێک هاتبوو لە (٣٠) بەڕێوبەری قوتابخانە و مامۆستای سەرپەرشتیار لە ڕەگەزی نێر و مێ کە لە ( کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی هەر دوو زانکۆی سلیمانی و چەرموو و بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوای سلێمانی چەمچەماڵ)، بە شێوەی مەبەستدار دیاریکرد، داوایان لێکرا کە ڕێنمایی و بڕگەو دەستەواژەکان بخوێننەوە و لە هەر ناڕونیەک بپرسن و ئاماژە بە گرفت وئاستەنگەکان بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی وەڵامدانەوەدا، ئەنجامی ئەم کارەش ئەوەی دابەدەستەوە کە ڕێنمایی و بڕگە و دەستەواژەکان ڕوونن، بە تێکرا کاتی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەرەکە لە (١٧-٢١) خولەکی پێویست بووە، کە تێکرای دەکاتە (١٩) خولەک بۆ هەر بەڕێوبەر و مامۆستایەکی سەرپەرشتیار، هەروەها سوود لەم نمونە سەرەتاییە وەرگیراوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی ئامرازی پێوانە کردنەکان وەک (کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە و ئاستی ڕوونی برگەکان).

## ٢.٣.٣ نمونەی بنەڕەتی(بنیاد) توێژینەوەکە:

توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی دیاری کرد بە شێوەی هەڕەمەکی کە ژمارەیان (٢٩٤) کەس بوو لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان کە (٩٤) مامۆستای سەرپەرشتیار کە ڕێژەکەی دەکاتە(٣١،٩٧٣٪) و (٢٠٠) بەڕێوبەری قوتابخانە بوون کە ڕێژەکەی دەکاتە(٦٨،٠٢٧٪) وەک لە خشتەی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٤)

دابەشبوونی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە.

| ژ | نموونەی توێژینەوەکە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستایانی سەرپەرشتیار | ٩٤ |
| ٢ | بەڕێوبەری قوتابخانەکان | ٢٠٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٩٤ |

**سەبارەت بە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانە ئەنجامدراون:-**

١- سەبارەت بە هەڵبژاردنی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان توێژەر پەنای بردووەتە بەر دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی گشتاندن بۆ ئەنجامەکان بکات کە ژمارەیان (٣) بەڕێوبەرێتی پەروەردە بوو کە پێکهاتووە لە

بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی (ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی سلێمانی و چەمچەماڵ) و (٢) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت کە کۆلێژەکانی (کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی سلێمانی و کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی چەمچەماڵ)

٢- دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەسەر مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان کە ژمارەیان (٩٤) مامۆستای سەرپەرشتیار و (٢٠٠) بەڕێوبەری قوتابخانە بوون، هەر وەک لە نەخشەی ژمارە (٥) ڕوونکراوەتەوە.

## ١.٢.٣.٣ دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی شوێن.

خشتەی (٥)

دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی شوێن.

| ژ | بەڕێوبەرێتی پەروەردە و کۆلێژەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی | ٦٥ | ٪٢٢،١٠٨ |
| ٢ | بەڕێوبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی | ٨٠ | ٪٢٧،٢١٠ |
| ٣ | بەڕێوبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ | ٥٥ | ٪١٨،٧٠٧ |
| ٤ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی | ٧٠ | ٪٢٣،٨٠٩ |
| ٥ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی چەرموو | ٢٤ | ٪٨،١٦٦ |
| کۆی گشتی | | ٢٩٤ | ٪١٠٠ |

## ٢.٢.٣.٣ دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز:

تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بەم جۆرە بوون کە (٢١١) یان لە ڕەگەزی نێر بوون کە پێکهاتبوو لە (٥٩) مامۆستایی سەرپەرشتیار و (١٥٢) بەڕێوبەری قوتابخانە، هەروەها (٨٣) یان لە ڕەگەزی مێ بوون کە (٣٥) مامۆستایی سەرپەرشتیار و (٤٨) بەڕێوبەری قوتابخانە بوون، وەک لە خشتەی ژمارە (٦) و شێوەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٦)

دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

| ژ | ڕەگەز | مامۆستای سەرپەرشتیار | بەڕێوبەری قوتابخانە | تێکرا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٥٩ | ١٥٢ | ٢١١ |
| ٢ | مێ | ٣٥ | ٤٨ | ٨٣ |
| کۆی گشتی | | ٩٤ | ٢٠٠ | ٢٩٤ |




شێوەی ١: دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

### ٣.٢.٣.٣ دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە:

تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی بڕوانامە بەم جۆرە بوون کە (٧٣) یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و (١٢٧) یان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس (٥٨) یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (٣٦) یان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوون. وەک لە خشتەی ژمارە (٧) وشێوەی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٧)

دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە.

| ژ | بڕوانامە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | دبلۆم | ٧٣ |
| ٢ | بەکالۆریۆس | ١٢٧ |
| ٣ | ماستەر | ٥٨ |
| ٤ | دکتۆرا | ٣٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٩٤ |




شێوەی ٢: دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە

### ٤.٢.٣.٣ دابەشکردنی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت:

تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە دابەش کرابوون بە سەر (٣) سێ گرووپدا:

گرووپی یەکەم: ئەوانەی خزمەتیان لە نێوان (١-١٠) ساڵدایە کە ژمارەیان دەگاتە (١٥٩)

گرووپی دووەم: ئەوانەی خزمەتیان لە نێوان (١٠-٢٠) ساڵدایە کە ژمارەیان دەگاتە ( ٩٤ )

گرووپی سێیەم: ئەوانەی خزمەتیان لە ( ٢٠) ساڵ بەسەرەوەیە کە ژمارەیان دەگاتە (٤١)

وەک لە خشتەی ژمارە (٨) وشێوەی ژمارە (٣) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (٨)

دابەشبوونی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی ساڵانی خزمەت.

| ژ | ساڵانی خزمەت | مامۆستای سەرپەرشتیار | بەڕێوبەر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١-١٠ | ٢١ | ١٣٨ | ١٥٩ |
| ٢ | ١٠-٢٠ | ٥٧ | ٣٧ | ٩٤ |
| ٣ | ٢٠ بە سەرەوە | ١٦ | ٢٥ | ٤١ |
| کۆی گشتی | | ٩٤ | ٢٠٠ | ٢٩٤ |




شێوەی ٣: دابەشبوونی نمونەی بنیادی توێژینەوەکە بە پێی ساڵانی خزمەت.

### ٣.٣.٣ نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

توێژەر نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی دیاری کرد کە خۆی دەبینێتەوە لە (١٠٦) کەس لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، کە پێکدێت لە (٣١) مامۆستای سەرپەرشتیار و (٧٥) بەڕێوەبەری قوتابخانە. وەک لە خشتەی ژمارە (٩) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٩)

دابەشبوونی نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە.

| ژ | نمونەی جێبەجێکردن | ژمارە |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستایانی سەرپەرشتیار | ٣١ |
| ٢ | بەڕێوەبەری قوتابخانە | ٧٥ |
| کۆی گشتی | | ١٠٦ |

### ٤.٣ هۆکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان کۆمەڵی هۆکار و ئامڕازی بەکار هێناوە لەوانە:

( پێنوس، تیانوس، چاوپێکەوتن، فۆڕمی ڕاپرسی، ئامێری کۆمپیوتەر، موبایل)

### ٥.٣ ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەر لە پێناو بە دەستهێانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، هەستا بە پەیڕەو کردنی کۆمەڵێک هەنگاوی زانستی بۆ بنیادنانی ئامرازی پێوانەکە.

## ١.٥.٣ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

لە پێناو بنیادنانی پێوەرەکەدا چەندین هەنگاوی زانستی دیاریکراو هەن کە پێویستە پەیڕەو بکرێن و بە دواداچون بۆ ئەو تیۆرییانە بکرێت، کە توێژەر بناغەی دروستکردنی پێوەرەکانی لەسەر بنیاد دەنێت، هەر وەک (کریم) ئاماژە بە پێویستی توێژەر بۆ ناساندنی ئەو چەمک و هەنگاوانەی دەکات، کە لەسەری بنیاد دەنرێت یان بە شێوەیەکی زانستیانە دەستیان پێکردوە پێش دەستپێکردنی ڕێکار و ڕیوشوێنەکانی بنیادنانی(کریم، ٢٠٢١:ل٩٨).

## ١.١.٥.٣ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە و زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەت و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە،

توێژەر بۆ بنیادنانی پێوەرەکە چەند هەنگاوێکی گرتوەتەبەر وەک:

أ- لەبەرئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە. ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریی وورد و فراوان هەیە، هەربۆیە توێژەر پاش

پرس و ڕاگۆڕینەوە و وەرگرتنی ڕای پسپۆڕ و شارەزایان وای دەبینی فۆڕمی ڕاوەرگرتنی کراوە ئامرازێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی." فۆڕمی ڕاوەرگری لەو ئامرازانەیە کە لە توێژینەوەی وەسفی دا زۆر بەکاردەهێنرێت وەک لە توێژینەوە پەروەردەیی و دەرونیەکاندا(کشرود، ٢٠٠٧: ل١٩٩)، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە ئامانجی بەکارهێنانی ڕاوەرگرتن گەیشتنە بە زانیاری و ڕاوبۆچوونەکان کە ناکرێت بە ئامرازەکانی تر دەستمان بکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ کەسی وەڵامدەرەوە کە بەوپەڕی ئازادی و ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و ڕاو بیر و بۆچوونەکانی بخاتەڕوو، لە بەرئەوەی توێژەر ئامرازێکی ئامادەکراوی دەست نەکەوت کە وەک پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکەی، هەستا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی (استطلاعی) بۆ بەدەست هێنانی زانیاری بە مەبەستی دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی، چونکە دەرفەتێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ ناسینی باشترین ڕێگە و شێواز لە دواندنی بەشداربووانی توێژینەوەکە و زانینی تایبەتمەندی و سروشتیان (کشرود،٢٠٠٧: ل٢٠١). بۆ ئەم مەبەستە توێژەر فۆڕمێکی سەرەتایی دروست کرد، کە پێکهاتبوو لە چوار پرسیار وەک لە پاشکۆی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو، هەروەها لەگەڵ ئەو پرسیارانەشدا داوایان لێکرابوو کە پێشنیار و چارەسەر بخەنەڕوو، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر (٣٠) بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایی سەرپەرشتیار لە بەرواری (٢٠٢٢/١/٣٠) دوای ئەوەی کە کاتی پێویستیان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە ماوەی زیاتر دوو هەفتە بوو تاکو لە (٢٠٢٢/٢/١٧) ئینجا دەست بە کۆکردنەوەی فۆرمەکان کراو و زانیاریەکان خاڵی کرانەوە و بەش بەش کران لە شێوەی بڕگەو تەوەردا.

ب-خوێندنەوە و تەماشاکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) کە لە لایەن مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکار-مامۆستا بەکاردەهێنرێت.

ت-گەڕانەوەی توێژەر بۆ توێژینەوەکانی پێشتر کە ئامانجیان دەستنیشانکردن و زانینی کێشە و ئاستەنگەکان بووە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکیدا.

## ٢.١.٥.٣ دیاریکردن و دەست نیشانکردنی تەوەرەکان:

دوای خوێندنەوەی ئەدەبیات و لێکۆلینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە زانستییەکانی پەیوەست بە چەمکی ئاستەنگە پیشەییەکان و پێکهاتە و تایبەتمەندی و کاریگەرییەکانیان، هەروەها ئەوەی

پێویست بێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی شارەزا و پسپۆڕەکانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونناسی پەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن ئەنجامدرا، ئەنجامی ئەم کارانەش بووە هۆی دارشتنی فۆرمێک کە پێکهاتبوو لە (٩) تەوەر، پاشان تەوەرەکان خرایە بەردەست پسپۆڕ و شارەزایانی بوارەکە، بە مەبەستی ڕاستی ڕادەی زانستی ئامرازەکە و گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و سەلماندنی ڕەوایەتی بۆ دیارکردنی تەوەرەکان و توانا و ماوەی نوێنەرایەتی کردنی پێوەرەکە، داوایان لێکرا ئاستی ڕەوایەتی تەوەرەکان دیاری بکەن، وەک لە پاشکۆکانی ژمارە( ٣ ) خراوەتەڕوو، لەبەر ڕۆشنایی و سەرنج و تێبینیەکانیان هیچ یەک لە تەوەرەکان لانەبران، چونکە گرنگی ڕێژەییان لە ئاستی پێویستدا بوو، هەروەها لە ڕووی هاوکۆلکەی ئاماری کای سکویر ئاستی بەڵگەداریتییان لە سەرووی (٠.٠٥) بوو، نرخی کای سکویری ژمێردراو گەورەترە لە نرخی خشتەیی ئەوە لە بەرژەوەندی ئەو وەڵامەی کە لەگەڵ زۆرترین ڕاو و بۆچوونی داواکراوی پسپۆڕان دەگونجی ( ڕازیبوون – ڕەتکرانەوە)، ئەگەر هەر تەوەرێک لە کۆی (١٧) پسپۆر و شارەزا (١٣) پسپۆر و شارەزا یا زیاتر لەگەڵی بوون، یا بەهای هەژماری کراوی کای سکویر لە سەروو (٤،٧٦٥) بوو، یان ڕێژەی سەدی لە سەرووی (٧٦،٥) بوو ئەوە ئەو تەوەرە وەک خۆی ئەمێنێتەوە، وەک لە خشتەی ژمارە(١٠) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١٠)

ئەنجامی کای سکوێر و ڕێژەی سەدی بۆ تەوەرەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان.

| ژ | تەوەرەکان | ژمارەی شارەزایان | ڕازیبوون | ڕەتکراوە | بەهای (کا$^{2}$) هەژمارکراو | ڕێژەی سەدی | ئاستی بەڵگەداریتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پلاندانان | ١٧ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤ | بەڵگەدارە |
| ٢ | وانەوتنەوە | ١٧ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢ | بەڵگەدارە |
| ٣ | کارگێڕی قوتابخانە | ١٧ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢ | بەڵگەدارە |
| ٤ | کۆنترول و بەرێوەبردنی پۆل | ١٧ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | ٧٦،٥ | بەڵگەدارە |
| ٥ | سەرپەرشتیار | ١٧ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | ٧٦،٥ | بەڵگەدارە |
| ٦ | کەسایەتی | ١٧ | ١٧ | ٠ | ١٧ | ١٠٠٪ | بەڵگەدارە |
| ٧ | هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن | ١٧ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١ | بەڵگەدارە |
| ٨ | پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی | ١٧ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢ | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | پێشنیار و ڕێگا چارە | ١٧ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢ | بەڵگەدارە |

بە پێی بەهای کای سکوێر خشتەی(١٠)، ڕێژەی کایی سکویر هەر تەوەرێک یەکسانە بە ( ٣،٨٤)، هەروەها ئاستی بەڵگەداریتی هەر تەوەرێک یەکسانە بە ( ٠،٠٥)، بەم جۆرە کۆی تەوەرەکان لە لایەن شارەزایانەوە قبوڵکران و هیچ تەوەرێک ڕەتنەکرایەوە.

## ٣.١.٥.٣ ئامادە کردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بە شێوەی سەرەتایی:

١. دەرهێنانی چەند بڕگەیەک لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییە کراوەکە، کە توێژەر بە شێوەی هەڕەمەکی بە سەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشیکردبوو، داوای لێکرد بوون لە سەر ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، چەند ئاستەنگێک بنوسن بۆ پێوەری ڕاپرسیەکە ، هەروەها پێشنیار و ڕێگا چارە بخەنەڕوو.

٢. وەرگرتنی چەند بڕگەیەک لە چوارچێوەی تیۆری و ئەو پێناسانەی کە ئاماژەن بۆ گۆڕاوی پێوانەی ئاستەنگە پیشەییەکان، جگە لەوەش چەند بڕگەیەک لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بۆ پێوانەی ئاستەنگە پیشەییەکان کە لە سەرەتادا (٨٤) بڕگە بوو، کە بە سەر (٩) تەوەردا دابەشکرابوو وەک لە پاشکۆی ژمارە(٥) خراوەتەڕوو، دەستەواژە و بڕگەکان لە شێوەی پرسیاری هەواڵی داڕێژراون، هەروەها وەڵامدانەوە بە شێوەی هەڵبژاردنی یەکێک لەم بژاردەکان دەبێت.(بەردەوام جێبەجێ دەبێت، زۆرجار جێبەجێ دەبێت ، هەندێکجار جێبەجێ دەبێت ، بەکەمی جێبەجێ دەبێت ، جێبەجێ نابێت).

## ٤.١.٥.٣ شێوازی دارشتنی بڕگەکان:

١. بڕگەکان نابێت درێژبێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی بێزار بوون لە کاتی وەڵامدانەوە.
٢. بڕگەکان ڕوون بێت و توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەبێت.
٣. بڕگەکان بڕگەی تەواو و گشتگیربێت و بابەتی پێوانەکە لە هەموو بوارەکاندا پێوانە بکات.
٤. بڕگە و دەستەواژەکان بە شێوەی زمانەوانیەکی ڕوون و ئاسان بێت لەگەڵ ئاستی وەڵامدەرەوەکان بگونجێت.
٥. بڕگە و دەستەواژەکان بە جۆرێک بێت کە هیچ وەڵامێک بۆ نمونەکە پێشنیار نەکات لە کاتی خۆدزینەوە.
٦. دەستەواژەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ڕەوتی بابەتەکەوە هەبێت.
٧. خۆ بە دوور گرتن لەو دەستەواژانەی کە زیاتر لە یەک بیرۆکە لە خۆ دەگرێت(کریم،٢٠٢١:ل١٠٥)

بڕگە و دەستەواژەکان بە پێوەری سەرەتایی پێشکەش بە پسپۆڕ و شارەزایان کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکان

### ٥.١.٥.٣ ئامادە کردنی ڕێنماییەکانی پێوانەکە:

توێژەر ڕێنماییەکانی پێوانەکەی ئامادەکردوە کە چۆنێتی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی لە خۆگرتوە، هانی وەڵامدەرەوەکان دەدات کە بە شێوەی ورد وەڵامەکان دیاری بکەن، توێژەر ئامانجی پێوەرەکەی شاردوەتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی وڵامدانەوەکە کاریگەری لەسەر وڵامدەرەوەکان نەبێت، هەروەها داوای لە وەڵامدەرەوەکان کردوە کە هیچ بڕگەیەک بە بێ وەڵام نەهێڵێنەوە، بە بێ ئەوەی ناوی خۆی بنوسێت.

### ٦.١.٥.٣ ئەنجامی (کای سکویر، کا$^{٢}$) بۆ بڕگەکان بە پێی بۆچونی شارەزایان:

ڕێژەی سەدی بەپێی بۆچوونی پسپۆڕ و شارەزایان لەسەر بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسەکە وەک لە خشتەی ژمارە (١١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١١)

ئەنجامی کای سکویر بۆ بڕگەکان بە پێی بۆچزنی شارەزایان.

| تەوەرەکان | ژمارەی بڕگە | ڕازیبوون | ڕەتکراوە | بەهای (کا$^{٢}$) هەژمارکراو | ڕێژەی سەدی | ئاستی بەڵگەداریتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پلاندانان | ٨ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | %٨٨،٢ | بەڵگەدارە |
| | ٧، ٥، ٣ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | %٨٢،٤ | بەڵگەدارە |
| | ٦، ٢، ١ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | %٧٦،٥ | بەڵگەدارە |
| | ٩ ، ٤ | ١٢کەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | %٧٠،٥٨ | بەڵگەدار نیە |
| وانەوتنەوە | ١٠، ١١، ١٥، | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | %٩٤،١ | بەڵگەدارە |
| | ١٣ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | %٨٨،٢ | بەڵگەدارە |
| | ١٢، ١٤، ١٦،١٧ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | %٨٢،٤ | بەڵگەدارە |
| | ١٩ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | %٧٦،٥ | بەڵگەدارە |
| | ١٨، ٢٠ | ١٢کەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | %٧٠،٥٨ | بەڵگەدار نیە |
| کارگێری | ٢٣ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | %٩٤،١ | بەڵگەدارە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قوتابخانە | ٢١، ٢٤،٢٢، ٢٥، ٢٦، ٢٩ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٢٧،٢٨ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل | ٣١، ٣٥، ٣٩ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٣٤ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٣٢، ٣٣، ٣٨ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |
| | ٣٠، ٣٦، ٣٧ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| سەرپەرشتیار | ٤٨ | ١٧ | ٠ | ١٧ | ١٠٠% | بەڵگەدارە |
| | ٤٦ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٤١،٤٢، ٤٤ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٤٣ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |
| | ٤٠،٤٥، ٤٧ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| کەسایەتی | ٥٣،٥٧ | ١٧ | ٠ | ١٧ | ١٠٠% | بەڵگەدارە |
| | ٥٠ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٥٥ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |
| | ٤٩،٥١، ٥٤ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | ٧٦،٥% | بەڵگەدارە |
| | ٥٢، ٥٦ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن | ٦٣ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٦٥ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٥٨،٦٠،٦٢ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |
| | ٦١ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | ٧٦،٥% | بەڵگەدارە |
| | ٥٩،٦٤، ٦٦ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی | ٦٩ | ١٧ | ٠ | ١٧ | ١٠٠% | بەڵگەدارە |
| | ٧٥،٧٣ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٧٢ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٧١ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |
| | ٦٨، ٧٠ | ١٣ | ٤ | ٤،٧٦٥ | ٧٦،٥% | بەڵگەدارە |
| | ٦٧، ٧٤ | ١٢كەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | ٧٠،٥٨% | بەڵگەدار نیە |
| پێشنیار و ڕێگەچارە | ٧٨ | ١٧ | ٠ | ١٧ | ١٠٠% | بەڵگەدارە |
| | ٨٤ | ١٦ | ١ | ١٣،٢٣٥ | ٩٤،١% | بەڵگەدارە |
| | ٧٦،٧٧،٨١،٨٣ | ١٥ | ٢ | ٩،٩٤١ | ٨٨،٢% | بەڵگەدارە |
| | ٨٠ | ١٤ | ٣ | ٧،١١٨ | ٨٢،٤% | بەڵگەدارە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٨٢،٧٩ | ١٢کەمتر | ٥ زیاتر | ٠،٥٢٩ | %٧٠،٥٨ | بەڵگەدار نیە |

دوای گەڕانەوەی فۆڕمی ڕاپرسی لە لایەن پسپۆڕ و شارەزایان و ئەزموونداارانەوە و بڕیاردان لەسەر برگەکانی پێوەرەکە ، ئەو بڕگانەی کە نەیانتوانی ئاستی بەڵگەداریتی پێویست بە دەست بهێنن، بە پێی بۆچونی شارەزایان، لەلایەن توێژەرەوە دوور خرانەوە کە ژمارەیان (٢١) بڕگە بوو، لە تەوەری پلاندانان بڕگەکانی (٤-٩)، لە تەوەری وانەوتنەوە بڕگەکانی (٢٠-١٨)، لە تەوەری کارگێری قوتابخانە بڕگەکانی(٢٨-٢٧)، و لە تەوەری کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل بڕگەکانی (٣٧-٣٦-٣٠)، هەروەها لە تەوەری سەرپەرشتیار بڕگەکانی (٤٠-٤٥-٤٧)، و لە تەوەری کەسایەتی بڕگەکانی (٥٢-٥٦)، لە تەوەری هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن بڕگەکانی (٥٩-٦٤-٦٦)، هەروەها لە تەوەری پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی بڕگەکانی (٦٧-٧٤)، و لە کۆتا تەوەر کە تەوەری پێشنیار و ڕێگەچارەیە بڕگەکانی (٧٩-٨٢) لابران چونکە ڕەزامەندی شارەزایانیان بە دەست نەهێناوبوو، ئاستی بەڵگەداریتی یان لە خوار (٠،٠٥) بوو. هەروەها چەند بڕگەیەک چاکسازییان تێدا کرا وەک بڕگەکانی (١١-١٤-١٥) لە تەوەری وانەوتنەوە، هەروەها بڕگەکانی (٢٣-٢٥) لە تەوەری کارگێری قوتابخانە، و بڕگەی (٤٦) لە تەوەری سەرپەرشتیار، هەروەها بڕگەی (٨٣،٧٨) لە کۆتا تەوەر کە پێشنیار و ڕێگا چارەیە،وەک لە پاشکۆی ژمارە (٦) خراوەتەڕوو.

### ٦.٣ شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری و توانای جیاکاری لە نێوان تەوەر و بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە ئەنجامدا لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

## ١.٦.٣ دوورخراوەکان:

توێژەر لە دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکەی کۆمەڵێک لە فۆڕمەکانی بە هۆکاری جۆراوجۆر دوورخرانەوە کە ژمارەیان (٢٨) فۆڕم بوو، کە (٩) فۆڕم بە هۆی نەگەڕانەوەی فۆڕمەکان لە لایەن نمونەی تویژینەوەکەوە، هەروەها (٨) فۆرم بە هۆی ئەوەی وەڵامەکانیان تەواو نەکرد بوو، هەروەها (١١) فۆڕم بە هۆی ئەوەی زیاتر لە وەڵامێکیان داوەتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(١٢)

ڕوونکردنەوە بۆ فۆرمە دوورخراوەکان.

| ژ | ژمارەی فۆرمەکان | هۆکاری دوورخراوەیان |
|---|---|---|
| ١ | ٩ | نەگەڕاوەتەوە |
| ٢ | ٨ | وەڵامەکانیان تەواو نەکردوە |
| ٣ | ١١ | زیاتر لە بژاردەیەکیان دیاری کردوە |
| کۆ | ٢٨ | |

## ٢.٦.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە:

مەبەست لە هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی هەر پێوانەیەک توانای ئەو بڕگانە لە جیاکاری نێوان ئەو بڕگانە کە لاوازن و ئەو بڕگانەی کە بە هێزن (عیلام،٢٠٠٧: ل ٢٨٩). هەربۆیە توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆڕمی راپرسییەکە دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ- ڕیزبەندیکردنی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە بەدەستیان هێناوە.

ب-دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێک کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهیناوە بە ڕێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان (٧٩) مامۆستای سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانە بوو، و گروپێک کە کەمترین نمرەیان بە دەستهیناوە بە ڕێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان (٧٩) مامۆستای سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانە بوو، هەروەها دورخستەوەنی ئەو گروپەی کە ناوەند بوون.

ت-بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمونەی سەربەخۆ( Intdepent Samples T-Test Two) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەک، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە (٤٩) بڕگەی فۆڕمی ڕاپرسی توانای جیاکاریان هەیە و بڕگەکانی ( ٢-٤-٩-١١-١٣-١٥-١٩-٢٠-٢٧-٣٠-٣٤-٤١-٤٣-٥٦ ) توانای جیاکاریان نیە، وەک لە خشتەی ژمارە (١٣) ڕوونکراوەتەوە.

## خشتەی (١٣)

### هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

| ژمارە | گروپی نمرە بەرزەکان ٧٩ | | گروپی نمرە نزمەکان ٧٩ | | نرخی تائی هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداریتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | ٣،٦٢٠ | ٠،٩١٠ | ٢،٤٥٥ | ٠،٧٣٠ | ٨،٨٧١ | ٠،٠٠ |
| ٢ | ٣،٥٣١ | ١،٠٦٠ | ٣،٣١٦ | ١،٢٩٦ | ١،١٤٢ | ٠،٢٥٥ |
| ٣ | ٣،٨٨٦ | ٠،٨٦٢ | ١،٨١٠ | ٠،٦٦١ | ١٦،٩٧٨ | ٠،٠٠ |
| ٤ | ٣،٤٩٣ | ١،٢٥٩ | ٣،٤٠٥ | ١،٢٠٣ | ٠،٤٥٢ | ٠،٦٥٢ |
| ٥ | ٣،٩٤٩ | ٠،٩١٠ | ٢،٠٥٠ | ٠،٧٦٦ | ١٤،٢٧٣ | ٠،٠٠ |
| ٦ | ٣،١٠١ | ٠،٧٩٤ | ٢،١٣٩ | ٠،٧٦٣ | ٧،٧٦٢ | ٠،٠٠ |
| ٧ | ٣،٩٨٧ | ٠،٨٥٤ | ٢،٢٧٨ | ٠،٧٣٢ | ١٣،٤٩١ | ٠،٠٠ |
| ٨ | ٣،٧٥٩ | ٠،٧٨٧ | ٢،٢٦٥ | ٠،٧٦٣ | ١٢،١٠٢ | ٠،٠٠ |
| ٩ | ٣،٦٢٠ | ١،٢٢٢ | ٣،٥٣١ | ٠،٩٨٤ | ٠،٥٠٢ | ٠،٦١٧ |
| ١٠ | ٣،٥٤٤ | ٠،٧٤٧ | ٢،٢٢٧ | ٠،٧٦٧ | ١٠،٩٢٤ | ٠،٠٠ |
| ١١ | ٣،٠٥٠ | ١،٢٠٧ | ٢،٩٦٢ | ١،٢٢٤ | ٠،٤٥٨ | ٠،٦٤٨ |
| ١٢ | ٣،٨١٠ | ٠،٨٦٣ | ٢،٢١٥ | ٠،٩١٥ | ١١،٢٦٦ | ٠،٠٠ |
| ١٣ | ٣،٤١٧ | ١،١٦١ | ٣،٥٤٤ | ١،١٨٥ | ٠،٦٧٨ | ٠،٤٩٩ |
| ١٤ | ٣،٣٧٦ | ٠،٨٠٣ | ٢،٣١٦ | ٠،٧٩٣ | ٨،٢٧٠ | ٠،٠٠ |
| ١٥ | ٣،٧٤٦ | ١،٠٥٥ | ٣،٤٤٣ | ١،٠٨٣ | ١،٧٨٥ | ٠،٠٧٦ |
| ١٦ | ٣،٤٠٥ | ٠،٢٧٥ | ٢،٥٥٧ | ٠،٨٢٨ | ٦،٨٤٧ | ٠،٠٠ |
| ١٧ | ٣،٦٠٧ | ٠،٨٥٣ | ٢،١٢٦ | ٠،٧٢٢ | ١١،٧٧٠ | ٠،٠٠ |
| ١٨ | ٣،٣٠٣ | ١،١٠١ | ٢،٣٤١ | ١،١٠٨ | ٥،٤٢٧ | ٠،٠٠ |
| ١٩ | ٢،٩٢٤ | ١،٠٥٩ | ٢،٦٥٨ | ١،١٣٠ | ١،٥٢٥ | ٠،١٢٩ |
| ٢٠ | ٣،٤٤٣ | ١،٠٤٦ | ٣،٢٥٣ | ٠،٨٩٨ | ١،٢٢٣ | ٠،٢٢٣ |
| ٢١ | ٣،٣٤١ | ١،١٨٦ | ٢،٤٩٣ | ١،٠٧٢ | ٤،٧١٣ | ٠،٠٠ |
| ٢٢ | ٣،٨٤٨ | ٠،٨٤٨ | ١،٩١١ | ٠،٧٥٤ | ١٥،١٦١ | ٠،٠٠ |
| ٢٣ | ٣،٢٩١ | ٠،٧١٨ | ٢،٣٦٧ | ٠،٧٧٠ | ٧،٧٩٢ | ٠،٠٠ |
| ٢٤ | ٤،٠٥٠ | ٠،٨٤٥ | ٢،١٠١ | ٠،٩٤١ | ١٣،٦٨٧ | ٠،٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٣،٧٧٢ | ٠،٩٠٥ | ٢،٥٨٢ | ٠،٩٠٠ | ٨،٢٨٤ | ٠،٠٠ |
| ٢٦ | ٣،٦٤٥ | ٠،٨٤٧ | ٢،٢٢٧ | ٠،٨٦١ | ١٠،٤٢٤ | ٠،٠٠ |
| ٢٧ | ٣،٢٧٨ | ١،٢٢٩ | ٣،٠٨٨ | ١،١٦٧ | ٠،٩٩٥ | ٠،٣٢١ |
| ٢٨ | ٣،٦٩٦ | ٠،٨٨٢ | ١،٩٤٩ | ٠،٧٦٦ | ١٣،٢٨٧ | ٠،٠٠ |
| ٢٩ | ٣،٥٤٤ | ٠،٩٥٨ | ٢،٠٣٨ | ٠،٨٠٧ | ١٠،٦٨٤ | ٠،٠٠ |
| ٣٠ | ٣،٢١٥ | ١،١٩٤ | ٣،٠٠٠ | ١،٢٧٠ | ١،٠٩٦ | ٠،٢٧٥ |
| ٣١ | ٣،٢٩١ | ٠،٩٧٦ | ٢،٠٥٠ | ٠،٧٤٩ | ٨،٩٦١ | ٠،٠٠ |
| ٣٢ | ٣،٦٢٠ | ٠،٩١٠ | ٢،٢٦٥ | ٠،٨٨٧ | ٩،٤٧١ | ٠،٠٠ |
| ٣٣ | ٣،٢٦٥ | ٠،٩٠١ | ٢،٠٣٨ | ٠،٨٠٧ | ٩.٠١٥ | ٠،٠٠ |
| ٣٤ | ٢،٨٨٦ | ١،٠٧٤ | ٢،٧٠٨ | ١،٠٨٧ | ١.٠٣٠ | ٠،٣٠٤ |
| ٣٥ | ٣،٤٠٥ | ٠،٧٢٥ | ٢،٣٥٤ | ٠،٨٠١ | ٨.٦٤٠ | ٠،٠٠ |
| ٣٦ | ٣،٩٢٤ | ٠،٨٤٣ | ٢،٠١٢ | ٠،٧٩٢ | ١٤.٦٧٥ | ٠،٠٠ |
| ٣٧ | ٣،٩٣٦ | ٠،٨٥٢ | ٢،٠٣٨ | ٠،٨٠٧ | ١٤.٣٧١ | ٠،٠٠ |
| ٣٨ | ٣،٦٢٠ | ٠،٩٣٧ | ٢،٣١٦ | ٠،٨٢٥ | ٩.٢٧٨ | ٠،٠٠ |
| ٣٩ | ٣،٧٩٧ | ٠،٨٨٢ | ١،٩٢٤ | ٠،٩٠٢ | ١٣.١٩٠ | ٠،٠٠ |
| ٤٠ | ٣،٤٨١ | ٠،٩٥٨ | ٢،١٣٩ | ٠،٨٤٣ | ٩.٣٣٩ | ٠،٠٠ |
| ٤١ | ٣،٢٥٣ | ٠،٨٩٨ | ٣،٣٦٧ | ١،٢٠٠ | ٠.٦٧٥ | ٠،٥٠٠ |
| ٤٢ | ٣،٦٠٧ | ٠،٨٥٣ | ٢،٢٧٨ | ٠،٩١٨ | ٩.٤١٩ | ٠،٠٠ |
| ٤٣ | ٣،٣٧٩ | ١،٢٢٢ | ٣،٢٥٣ | ١،٠١٨ | ٠.٧٠٧ | ٠،٤٨١ |
| ٤٤ | ٣،٤٣٠ | ٠،٩١٥ | ٢،٤٠٥ | ٠،٨٩٨ | ٧.١٠٣ | ٠،٠٠ |
| ٤٥ | ٤،١٥١ | ٠،٧٨٥ | ٢،٠٢٥ | ٠،٨٤٦ | ١٦.٣٥٩ | ٠،٠٠ |
| ٤٦ | ٣،٣٤١ | ٠.٦٧٧ | ٢،٣٦٧ | ٠،٨٦٤ | ٧.٨٨٦ | ٠،٠٠ |
| ٤٧ | ٣،٧٩٧ | ١،٠١٧ | ٢،٢٢٧ | ٠،٧٨٣ | ١٠.٨٦٣ | ٠،٠٠ |
| ٤٨ | ٣،٦٤٥ | ٠،٩٠٦ | ٢،٣٤١ | ٠،٩٤٥ | ٨.٨٤٦ | ٠،٠٠ |
| ٤٩ | ٣،٦٨٣ | ١،٠٠٦ | ٢،٢٩١ | ١،١١١ | ٨.٢٥٣ | ٠،٠٠ |
| ٥٠ | ٣،١٣٩ | ٠،٩٥٧ | ٢،١٨٩ | ٠،٩٧٥ | ٦.١٧٦ | ٠،٠٠ |
| ٥١ | ٣،٤٤٣ | ٠،٩١٦ | ٢،٢٢٧ | ٠،٧٣٢ | ٩.٢٠٥ | ٠،٠٠ |
| ٥٢ | ٣،٧٣٤ | ٠،٧٧٩ | ١،٨٩٨ | ٠،٧٦١ | ١٤.٩٧٢ | ٠،٠٠ |
| ٥٣ | ٣،٧٥٩ | ١،٠٤٠ | ٢،٤٣٠ | ١،٠٧٠ | ٧.٩١٤ | ٠،٠٠ |
| ٥٤ | ٣،٨١٠ | ٠،٨٤٨ | ٢،٠١٢ | ٠،٧٩٢ | ١٣.٧٦١ | ٠،٠٠ |
| ٥٥ | ٣،٦٠٧ | ٠،٩٧٩ | ٢،١٦٤ | ٠،٨٨٣ | ٩.٧٢٤ | ٠،٠٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٦ | ٣،٢٩١ | ١،٠٢٧ | ٣،٠٥٠ | ١،٠٦٠ | ١.٤٤٨ | ٠،١٥٠ |
| ٥٧ | ٤،٠٣٨ | ٠،٨٥٤ | ١،٨٣٥ | ٠،٧٢٣ | ١٧.٤٨٨ | ٠،٠٠ |
| ٥٨ | ٣،٦٩٦ | ٠،٨٣٧ | ٢،٤٦٨ | ٠،٩٠٣ | ٨.٨٥٩ | ٠،٠٠ |
| ٥٩ | ٣،٩٦٢ | ٠،٨٥٤ | ١،٩٢٤ | ٠،٨١٢ | ١٥.٣٦٣ | ٠،٠٠ |
| ٦٠ | ٣،٥٥٧ | ٠،٨٥٨ | ٢،١٨٩ | ٠،٩٣٤ | ٩.٥٧٤ | ٠،٠٠ |
| ٦١ | ٤،١١٣ | ٠،٧٦٧ | ٢،٠٠٠ | ٠،٨١٦ | ١٦.٧٦٥ | ٠،٠٠ |
| ٦٢ | ٣،٨٦٠ | ٠،٨٤٣ | ٢،٧٤٦ | ٠،٨٥٤ | ٨.٢٤٨ | ٠،٠٠ |
| ٦٣ | ٣،٦٩٦ | ٠،٩٢٤ | ٢،٦٨٣ | ٠،٩٦٨ | ٦.٧٢٣ | ٠،٠٠ |

**بەڵگەدار نیە ≤ (٠،٠٥)**

بە پێی خشتەی (١٣)بەهای نرخی تاء(T) هەژمار کراو ئەوە دەردەخات کە نزمترین بەها کە دەکاتە (٠،٤٥٢) و بەرزترین بەها کە دەکاتە (١٧،٤٨٨) و ئەو بڕگانەی کە سڕاونەتەوە بۆ بە دەستهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری بریتی بوون لە (١٤) بڕگە کە بڕگەکانی (٢، ٤، ٩، ١١، ١٣، ١٥، ١٩، ٢٠، ٢٧، ٣٠، ٣٤، ٤١، ٤٣، ٥٦)، ئەم بڕگانە بچوکترن لە ئاستی بەڵگەداریتی (٠،٠٥)، لەم قۆناغەدا ئەوەی ماوەتەوە لە پێوەری ڕاپرسیەکەدا تەنیا (٤٩) بڕگەیە.

## ٣.٦.٣ هاودەمی ناوەکی: (الاتساق الداخلی)

دەرهێنانی فاکتەرەکانی هاودەمی ناوەکی بۆ گەیشتن بە هێزی جیاکاری دەستەواژەکان، چونکە ئەم شێوازە پێوانەیەکی هاوڕەگەزیمان لە بڕگەکانیدا بۆ دابین دەکات بۆ ئەوەی هەر زاراوەیەک هەمان ڕەهەندە ڕەفتارییەکانی پێوەرەکە وەک هەموو پێوانەیەک پێوانە دەکات جیا لە توانای خۆی بۆ تیشک خستنە سەر پەیوەندی نێوان بڕگەکانی پێوەرەکە(السامرائي و البلداوي،١٩٨٧: ٩٦)

پەیوەندی یان پەیوەست بوونی دەستەواژەکە بە (محک) پێوەری دروستی ناوەکی یان دەرەکی بە ئاماژەیەک دادەنرێت بۆ ڕاستگۆییەکەی، هەروەها کاتێکیش (محک) پێوەری دروستی دەرەکی گونجاو بەردەست نابێت، ئەوە نمرەی گشتی وەڵامدەر بە باشترین پێوەری ڕاست و دروستی ناوەکی دادەنرێت لە حساب و هەژماری ئەم پەیوەندیەدا، دوای دەرکردنی بڕگە نادیارو نا تایبەتەکان لە پێوەرەکە، توێژەر پشتی بە هەژماری ڕاستگۆی پێوەری بڕگەکان و پەیوەندی یان پەیوەست بوونی ( پیرسۆن) بەستووە لەنێوان نمرەکانی هەر دەستەواژەیەک و نمرەی گشتیدا. وەک لە خشتەی ژمارە(١٤) ڕوونکراوەتەوە.

## خشتەی (١٤)

هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی ڕاپرسیەکەوە.

| ژ | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداریتی | ژ | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداریتی | ژ | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداریتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٣٨٨ | ٠.٠٠٠ | ٢٢ | ٠.٦٢١ | ٠.٠٠٠ | ٤٣ | | |
| ٢ | | | ٢٣ | ٠.٤٥٨ | ٠.٠٠٠ | ٤٤ | ٠.٥٣٥ | ٠.٠٠٠ |
| ٣ | ٠.٤٤٧ | ٠.٠٠٠ | ٢٤ | ٠.٥٢٣ | ٠.٠٠٠ | ٤٥ | ٠.٢٢٢ | ٠.٠٠٣ |
| ٤ | | | ٢٥ | ٠.٥٤٤ | ٠.٠٠٠ | ٤٦ | ٠.٢٥١ | ٠.٠٠١ |
| ٥ | ٠.٤٧٤ | ٠.٠٠٠ | ٢٦ | ٠.٠٤٧ | ٠.٥٥٩ | ٤٧ | ٠.٢٦٤ | ٠.٠٠١ |
| ٦ | ٠.٢٥٩ | ٠.٠٠١ | ٢٧ | | | ٤٨ | ٠.٥٩٤ | ٠.٠٠٠ |
| ٧ | ٠.٢٠٥ | ٠.٠١٠ | ٢٨ | ٠.٥٥٥ | ٠.٠٠٠ | ٤٩ | ٠.٣٢٢ | ٠.٠٠٠ |
| ٨ | ٠.٢٦٤ | ٠.٠٠١ | ٢٩ | ٠.٥٥٩ | ٠.٠٠٠ | ٥٠ | ٠.٤٥٠ | ٠.٠٠٠ |
| ٩ | | | ٣٠ | | | ٥١ | ٠.٠٨٢ | ٠.٣٠٧ |
| ١٠ | ٠.١١٩ | ٠.١٣٥ | ٣١ | ٠.٤٤٠ | ٠.٠٠٠ | ٥٢ | ٠.٥٠٣ | ٠.٠٠٠ |
| ١١ | | | ٣٢ | ٠.٤٥٩ | ٠.٠٠٠ | ٥٣ | ٠.٤٦٩ | ٠.٠٠٠ |
| ١٢ | ٠.٣٨٥ | ٠.٠٠٠ | ٣٣ | ٠.٤٨٠ | ٠.٠٠٠ | ٥٤ | ٠.٥٧٢ | ٠.٠٠٠ |
| ١٣ | | | ٣٤ | | | ٥٥ | ٠.٤١٠٠ | ٠.٠٠٠ |
| ١٤ | ٠.٢٣١ | ٠.٠٠٤ | ٣٥ | ٠.٣٦٣ | ٠.٠٠٠ | ٥٦ | | |
| ١٥ | | | ٣٦ | ٠.٥٧٢ | ٠.٠٠٠ | ٥٧ | ٠.٣٩٣ | ٠.٠٠٠ |
| ١٦ | ٠.٥١٨ | ٠.٠٠٠ | ٣٧ | ٠.٥٢١ | ٠.٠٠٠ | ٥٨ | ٠.٤٥٦ | ٠.٠٠٠ |
| ١٧ | ٠.٤٧٧ | ٠.٠٠٠ | ٣٨ | ٠.٤٨٤ | ٠.٠٠٠ | ٥٩ | ٠.٥٨٣ | ٠.٠٠٠ |
| ١٨ | ٠.٢٣٥ | ٠.٠٠٣ | ٣٩ | ٠.٥٢٦ | ٠.٠٠٠ | ٦٠ | ٠.٥٦٣ | ٠.٠٠٠ |
| ١٩ | | | ٤٠ | ٠.٥٩١ | ٠.٠٠٠ | ٦١ | ٠.٥٤٠ | ٠.٠٠٠ |
| ٢٠ | | | ٤١ | | | ٦٢ | ٠.٤٣٨ | ٠.٠٠٠ |
| ٢١ | ٠.٣٧٥ | ٠.٠٠٠ | ٤٢ | ٠.٥٥٦ | ٠.٠٠٠ | ٦٣ | ٠.٣٣٣ | ٠.٠٠٠ |

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە (٤٦) بڕگە هاوکۆلکەکانی بەڵگەداری ئاماریان هەبووە لە سەر ئاستی بەڵگەداری ( ٠،٠٥)، بڕگەکانی (١٠-٢٦-٥١) هاوکۆلکەکانی بەڵگەداری ئاماریان نەبووە لەسەر ئاستی بەڵگەداری ( ٠،٠٥)، وەک لە پاشکۆی ژمارە (٧) خراوەتەڕوو.

### ٤.٦.٣ دەرکردنی پەیوەندی تەوەرەکان:

بۆ زانینی پەیوەندی نێوان تەوەرەکان پەیوەندی( ئاڕ) ئەدۆزینەوە بە (SPSS) لەگەڵ کۆی گشتی پێوەری ڕاپرسیەکە بەراوردی ئەکەین، وەک لە خشتەی ژمارە (١٥) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١٥)

دۆزینەوەی پەیوەندی ئاڕ (R).

| ژ | تەوەرەکان | بەهای ئاڕ(R) | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداریتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پلاندانان | ٠،٨٠٣ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٢ | وانەوتنەوە | ٠،٤٣٧ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٣ | کارگێڕی قوتابخانە | ٠،٧٠٧ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٤ | کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل | ٠،٧١١ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٥ | سەرپەرشتیار | ٠،٦٨٩ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٦ | کەسایەتی | ٠،٧١٨ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٧ | هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن | ٠،٧٥٤ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٨ | پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی | ٠،٧٢٣ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٩ | پێشنیار و ڕێگا چارە | ٠،٧٤٨ | ٠،٠٠ | بەڵگەدارە |

### ٧.٣ ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە:

مەبەست لە ڕاستی هەر ئامرازێک ئەوەیە، ئەو ئامرازە تا چەند توانایی پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دیاردەییەی هەیە، کە لە پێناویدا ئامادەکراوە( الجلبی، ٢٠٠٥: ل٨٤). ڕاستی بە مەرجێکی پێویست دادەنرێت، کە پێویستە بەرجەستەکراو بێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە، ئەوانیش مەبەست لەو کارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گروپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت(ابولبدة، ١٩٧٩: ل٢٣٥).

### ١.٧.٣ ڕاستی ڕواڵەتی بۆ ئامادەکردنی ئامرازەکە:(Face Validity)

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تا چەند دیاردەکە دەپێوێت و ڕادەی بڕگەکانی پێوانەکە تەنها ئەو گۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانە دەکات (بۆکانی، ٢٠١٦: ل١٧٤).

ڕاستی یەکێکە لەو پێویستیانەی کە دەبێت لە ئامرازەکاندا هەبێت، بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕواڵەتی هەر ئامرازێک، دەبێت ئامرازەکە بخرێتە بەردەستی پسپۆڕ و شارەزایان و بریاردەران، بە مەبەستی بڕیاردان لە سەر تەوەر و بڕگەکانی، توێژەر بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی ئامرازەکە و دڵنیا بوون لە ئاستی زانستی فۆرمەکە، تاکو چەند تەوەر و بڕگە و بژاردەکانی بە ڕوونی و بە وردی داڕێژراون و لە توانایاندا هەیە پێوانەی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بکات، بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمی ڕاپرسیەکە خرایە بەردەستی پسپۆر و شارەزایی بواری پەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەرونناسی و پێوانەو هەڵسەنگاندن کە ژمارەیان (١٧) پسپۆڕی خاوەن ئەزموون بوون، لە زانکۆکانی( سلێمانی و صەلاحەدین و دهۆک و گەرمیان و چەرموو)، وەک لە پاشکۆی ژمارە (١) خراوەتەڕوو،

توێژەر کۆدەنگی نێوان پسپۆڕانی بۆ دیاریکردنی ئاستی گونجاوی تەوەر و بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکەی وەرگرتوە، واتە(١٣ دەنگ لە کۆی ١٧دەنگ)ی پسپۆڕەکانی وەک نزمترین ئاست بۆ هەڵبژاردن و پەسەندکردنی هەر تەوەر و بڕگەیەک لە تەوەر و بڕگەکانی فۆڕمەکەی دیاریکردوە کە دەکاتە (٧٦،٥٪)ی کۆی دەنگی پسپۆڕان، داوا لە پسپۆران کراوە ڕاوبۆچۆنی خۆیان سەبارەت بە گونجاو و نەگونجاوی بڕگەو بژاردەکان دەربڕن، هەروەها ڕادەی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ تەوەرەکەی، جگە لەوە هەر گۆڕانکارییەکیان پێ باشە پێشنیار بکەن بۆ زیادکردن یان سڕینەوەی بڕگە و تەوەرکانی پێوەرەکە، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان و وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و سەرنج و تێبینی و پیشنیاری شارەزایان و پسپۆران، بە پێی بۆچوونی شارەزایان داواکرا بە کەمکردنەوەی بڕگەکان، شایانی باسە هەر بڕگەیەک لە کۆی (١٧) شارەزا (١٣) شارەزا و تێستکاران قبوڵی کردبێت ماوەتەوە کە ڕێژەی سەدییەکەی دەکاتە (٧٦،٥٪)، زۆربەی شارەزایان لەگەل پێویستی کەمکردنەوەی ژمارەی بڕگەکان بوون لە (٨٤) بڕگە بۆ (٦٣) بڕگە، وەک هەنگاوی یەکەم توێژەر دەستی کرد بە سەر لەنوێ داڕشتنەوەی فۆڕمەکە بەو شێوەیەی کە شارەزایان و پسپۆران چاکسازییان تێدا کرد بوو. لە دوا شێوەیدا ئامرازەکە بەم جۆرە داڕێژرایەوە وەک لە خشتەی ژمارە(١٤) دیاریکراوە.

## ٢.٧.٣ جێگیری:(Reliability)

مەبەست لە جێگیری هەر پێوانەیەک ئەوەیە ئەگەر پیوانەیەک بەسەر کۆمەڵێک تاکدا جێبەجێ کراو چاودێری نمرەکانی هەر تاکێک بکرێت تیایدا و دووبارە پێوانەکە بەسەر هەمان تاکەکانی ئەو گروپەدا لە هەمان بارودۆخدا دووبارە کرایەوە هەمان ئەنجام دەست کەوت ئەوە دەردەکەوێت پێوانەکە بە تەواوی جێگیرە.(القصاص.٢٠٠٧:ل٣٢٧)

یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوە کە پێویستە بەر لەوەی ئامرازەکە پراکتیزە و جیبەجێ بکریت ؛ دڵنیا بین لە بوونی خەسڵەتی جێگیریی. بایەخی پێوانە کردنی نمرەی جیگیری ئامرازی توێژینەوە؛ لەوەدایە کە هەر کاتێک بەکارمانهێنا، هەمان ئەنجامەمان پێبداتەوە( بۆکانی،٢٠٢٠: ل١٥٦). توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهیناوە وەک:-

## یەکەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ(Cronbachs-Alpha)

ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بە کارهێنرا، چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتردا دەردەخات تا چەند بڕگەکان هەمان بابەت پێوانە دەکەن(کشرود، ٢٠٠٧:ل١٢٥)، ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگەی بریتی بوو لە (٩٢،٨) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

## دووەم: ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی(Split-half Method)

بۆ دڵنیا بوونەوە لە ریگەی ئەلفا-کرۆنباخ بۆ جێگیری پێوانەکەمان، هەستاین بە دەرکردنی جێگیری پێوانەکە بە ڕێگەیەکیتر ئەویش بە ڕێگەی کەرتکردنی نیوەی دەست نیشانکرا، یەکێکە لە ڕێگەکانی دەرکردنی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە، دوای دابەشکردنی فۆرمەکە بە سەر ئەندامانی توێژینەوەکەدا، وەڵامدانەوەی دەبێت بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بکرێت بە دوو بەشەوە، گرووپێکیان هەموو ئەو بڕگانەی کە ژمارەکانیان تاکە وەک (١-٣-٥ ... هتد) و گرووپەکەی تریشیان هەموو ئەو بڕگانەی کە ژمارەکانیان جووتە وەک (٢-٤-٦ ... هتد) دواتر لە ڕێگەی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لە نێوان بڕگە تاک و جووتەکاندا دەردەهێنرێت بە پێی بەهاکەی بڕیاری بە سەردا دەدرێت(بۆکانی، ٢٠٢٠: ل ١٥٨)، جێگیری پێوانەکەمان بە ڕێگەی نیوەکردن بۆ ئامرازی توێژینەوەکە دۆزیەوە کە هەر یەک لە بڕگەتاک و جووتەکان (٢٣) بڕگەبوون و ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتی بوو لە (٩٢،٣) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە، لە ڕێگەی پرۆگرامی(SPSS).

## سێیەم: ڕێگەی گیتمان(Guttman)

بۆدڵنیابوونەوە لە ریگەی کەرتکردنی نیوەیی بۆ جێگیری پێوانەکەمان، هەستاین بە دەرکردنی جێگیری پێوانەکە بە ڕێگەی سێیەم ئەویش بە ڕێگەی گیتمان دەست نیشانکرا، یەکێکە لە ڕێگەکانی هاوکۆلکەی جێگیریی، بەم ڕێگەیەش ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتی بوو لە (٩٢،٨) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندکراوە.

### ٣.٧.٣ هەڵەی پێوانەی پێوەری:

هەڵەی پێوانەی کە دەرهێنراوە تەنیا خەملاندنی چەندێتی ئەم هەڵانەیە، وەکو هەمیشە لە جێگرییەوە بە دەست دەهێنرێت و لە کاتی جێبەجێکردنی هاوکێشەی لادانی پێوانەی پێوەر ئاستی هەڵەکان کە دەکاتە (١،١٣١)، هەروەها لادانی پێوانەیی( ١٩،٤٠٧) بەو پێیە پلەی ڕاستی هەر بڕگەیەکی ڕاپرسیەکە ئەو پلەیەیە کە بە پێوەری بەدەست دەهێنرێت.

### ٤.٧.٣ ڕاستکردنەوەی هەڵەی پێوەری:

دوای ئەوەی توێژەر مامەڵە زانستیەکانی بۆ پێوانەی فۆڕمی ڕاپرسیەکەی تەواو کرد لە ڕێگەی ڕێکارییەکانی پێشووەوە،. فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە ( ٩ ) تەوەر و ( ٤٦ ) بڕگە پێکهاتبوو، وەڵامەکانیش لە بژاردەی ( ٥ ) بژاردە پێکهاتبوون کە ( بەردەوام جێبەجی دەبێت، زۆرجار جێبەجی دەبێت ، هەندێ جار جێبەجی دەبێت، بەکەمی جێبەجی دەبێت ، جێبەجێ نابێت)، بە پێدانی نمرە (٥، ٤، ٣، ٢، ١).

### ٥.٧.٣ جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

دوای دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیری ئامرازەکە ڕاپرسیەکە، توێژەر ئامرازی ڕاپرسیەکەی دابەشکرد بە سەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکەدا لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە شێوەی دەستی و ئەلیکترۆنی، کە پێکهاتبوو لە (٩) تەوەر و (٤٦) بڕگە بە شێوەی فۆڕمی ڕاوەرگری کۆتایی لە ماوەی نێوان (٢٠٢٢/٣/١٢)بۆ(٢٠٢٢/٤/٥)، دوای پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست لە لایەن توێژەرەوە، دوایان لیکرا بە ووردی و ڕوونی وەڵامی گشت تەوەر و بڕگەکان بدەنەوە، دواتر فۆرمەکان کۆکرانەوە و زانیارییەکانی بەتاڵکردەوە.

### ٨.٣ ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر ئامرازە ئامارییەکان و بەرنامەی (SPSS) بەکارهێناوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکەی وەک.

١. هاوکێشەی مربع کای(کا٢) (Chi-Square One Sample Test).

٢. ناوەندی ژمێرەی ناوڕاست (Mean) بۆ زانینی تێکڕا بەهاکانی.

٣. لادانی پێوەری (Standard-Deviation) بۆ زانینی ئەو بە هایانەی کە لە ناوەڕاستەوە پەرش و بڵاون.

٤. تاقیکردنەوەی (T) تائی بۆ یەک نموونە و دوو نمونەی سەربەست ( T-test for independent Sample) بۆ ژماردنی گونجاوی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان.

٥. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(معامل الارتباط بيرسون- person Correlation Coeffcient) بۆ پێوانەی جێگیری.

٦. هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ (alpha Cronbach) بۆ ژماردنی جێگیری.

٧. هاوکۆلکەی گیتمان (Guttman) بۆ دڵنیابوونەوە لە هاوکۆلکەی جێگیری.

# بەشی چوارەم

## خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

# بەشی چوارەم

# خستەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

## ١.٤ خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەکان

خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە، کە کە توێژینەوەکە پییگەیشتووە و لە بەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لە کاتی ڕاڤە و شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەی پەیرەوکردووە.

## ١.١.٤ ئامانجی یەکەم

بنیادنانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەر قوتابخانەکانەوە،

ئەو ڕێکارانەی کە باسکران بۆ دروستکردنی ئامرازی توێژینەوە بۆ بە دەست هێنانی خشتەی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان ، کە لە (٤٦) بڕگە پێکهاتوە و بە سەر ٩ تەوەردا دابەشکراوە وەک لە خشتەی ژمارە (١٦) ڕوونکراوەتەوە،

خشتەی ١٦: ژمارەی تەوەر و بڕگەکانی پێوەرەکە،

| ژمارەی تەوەرەکان | ناوی تەوەرەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | پلاندانان | ٥ |
| دووەم | وانەوتنەوە | ٤ |
| سێیەم | کارگێری قوتابخانە | ٥ |
| چوارەم | کۆنترۆڵ و بەریوەبردنی پۆل | ٥ |
| پێنجەم | سەرپەرشتیار | ٥ |
| شەشەم | کەسایەتی | ٤ |
| حەوتەم | هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن | ٦ |
| هەشتەم | پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی | ٥ |
| نۆیەم | پێشنیار و ڕێگاچارە | ٧ |
| کۆی گشتی | | ٤٦ |

## ٢.١.٤ ئامانجی دووەم

زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە، بە شێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی(T-test) بۆ یەک نموونە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS ) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (تا) هەژمارکراو (١٠٢،٥٣٠) گەورەترە لە نرخی (تا) خشتەی (١،٩٨٤) بە نمرەی ئازادی (١٠٥)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، هەر وەک لە خشتەی ژمارە (١٧) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری بەدیدەکرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە ئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی ١٧: ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە شێوەیەکی گشتی.

| T-test | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نیوەندی گریمانەی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداریی ٠،٠٥ |
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ١٠٦ | ١٤٢،٤٤٣ | ١٤،٣٠٣ | ١٣٨ | ١٠٥ | ١٠٢،٥٣٠ | ١،٩٨٤ | ٠،٠٠٦ | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (١٧)دا دەردەکەوێت، بە های (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (١٠٢،٥٣٠)، بەهای (T) خشتەیی یەکسانە بە (١،٩٨٤) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٠٥)، لە ئاستی بەڵگەداریتی (٠،٠٥)دایە، لە بەر ئەوەی کە بەهای (T) هەژمار کراو (١٠٢،٥٣٠) گەورەترە لە بەهای (١،٩٨٤) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی پەروەردەیی بنەڕەت ( نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە خاوەنداریتی ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤ دەکەن بەرامبەر بە ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن، بۆیە بە بۆچوونی بەڕێوبەری

قوتابخانە و مامۆستایانی سەرپەرشتیار ئاستەنگە پیشەییەکان بەربەستی گەورەن لە بەردەم خوێندکار-مامۆستا لە کاتی پەروەردەی پراکتیکیدا.

### ٣.١.٤ ئامانجی سێیەم

زانینی جیاوازی ئاماریی لە نێوان تیڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان.

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پیوەری بۆ نمرەکان مامۆستایی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەت دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ(T-test two intdepent samples) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی (t) هەژمارکراو(٣،٣٨٥) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (١٠٤)، لە سەرئاستی بەڵگەداریتی (٠،٠٠١) وەک لە خشتەی ژمارە (١٨) ڕوونکراوەتەوە،

خشتەی ١٨: ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیارو بەڕێوبەری قوتابخانەکان.

| T-test | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکان | دووباره | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | بەهای بەڵگەداری | بەهای بەڵگەداری ٠،٠٥ |
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەی | | |
| مامۆستایی سەرپەرشتیار | ٣١ | ١٤٨،٥٦٧ | ١٨،٠٥٤ | ١٠٤ | ٣،٣٨٥ | ١،٩٨٤ | ٠،٠٠١ | بەڵگەداره |
| بەڕێوبەری قوتابخانه | ٧٥ | ١٣٩،١٥٩ | ١٠،٥٨٢ | | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (١٨) دا دەردەکەوێت، بەهای تائی (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٣،٣٨٥) وبەهای تائی(t) خشتەیی یەکسانە بە (١،٩٨٤) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٠٤) لە سەر ئاستی بەڵگەداریتی ( ٠،٠٥)دایە، لە بەر ئەوەی بەهای تائی (t) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای تائی (t) خشتەی، بەمجۆرە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان، لە

بەرژەوەندی مامۆستایانی سەرپەرشتیار، کە ناوەندی ژمێرەی لایی مامۆستایانی سەرپەرشتیار بەرزترە، ئەمەش وایکردوە ئاستی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای مامۆستایانی سەرپەرشتیار بەرزتربێت، کە توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگرێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە کاری تێیدا دەکەن و ئەو بەرکەوتەیەی کە لەگەڵ خوێندکار- مامۆستا هەیانە لە کاتی پەروەردەیی پراکتیکی لە لایەک و ئاستی بیرکردنەوە و زانستی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان لە لایەکیتر، ئەمەش دەریدەخات کە شوێنی کارکردن و پیشە و تێروانین و بیرکردنەوەی مامۆستایانی سەرپەرشتیاری و بەڕێوبەری قوتابخانەکان کاریگەری هەیە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان.

## ٤.١.٤ ئامانجی چوارەم

زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەت دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ( T-test two intdepent samples) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای بەڵگەداری (٠،٠٠١) بە نمرەی ئازادی (١٠٤)، لە سەرئاستی بەڵگەداریتی (٠،٠٥) وەک لە خشتەی ژمارە (١٩) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ١٩: ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی(T-test) ( دوو نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

| ڕەگەز | دووبارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری | بەهای بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٦٦ | ١٣٨،٦٨١ | ١٠،١١٦ | ١٠٤ | ٣،٦٨٠ | ١،٩٨٤ | ٠،٠٠١ | بەڵگەدارە |
| مێ | ٤٠ | ١٤٨،٦٥٠ | ١٧،٧٩٨ | | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (١٩) دا دەردەکەوێت، بەهای تائی (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٣،٦٨٠) و بەهای (t) خشتەی یەکسانە بە (١،٩٨٤) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٠٤) و لە سەر ئاستی بەڵگەداریتی(٠،٠٥) دایە، لە بەر ئەوەی بەهای تائی (t) هەژمارکراوگەورەترە لە لە بەهای (t)

خشتەی، بەمجۆرە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بەرژەوەندی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ، کە ناوەندی ژمێرەی لای ڕەگەزی مێ بەرزترە، هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگرێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی بیرکردنەوە و تێروانینی ڕەگەزی مێ بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، ئەمەش وای کردوە ئاستی ئاستەنگە پیشەییەکان لای ڕەگەزی نێر و مێ جیاواز بیت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری هەیە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان.

## ٥.١.٤ ئامانجی پێنجەم

زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە(دبلۆم- بەکالۆریۆس- ماستەر- دکتۆرا).

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی بڕوانامە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە ( تحليل التباين الاحادى) (One Way Anova) بە کارهێنا، پشت بە بەستن بە بەرنامەی (SPSS) کە ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە(٢٠) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ٢٠: ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار وبەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلوم- بەکالۆریۆس- ماستەر- دکتۆرا).

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | دووجای ناوەندی | F | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
| لە نێوان گروپەکان | ٢٢٨٤،٧١٩ | ٣ | ٧٦١،٥٧٣ | ٤،٠٤٦ | ٠،٠٠٩ | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکان | ١٩١٩٧،٤٤٢ | ١٠٢ | ١٨٨،٢١٠ | | | |
| گشتی | ٢١٤٨٢،١٦٠ | ١٠٥ | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٢٠) دا دەردەکەوێت، بەهای (F) (٤،٠٤٦) و بەهای بەڵگەداری (٠،٠٠٩)، بە نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٠٢) لە سەر ئاستی بەڵگەداریتی (٠،٠٥)دایە، لە بەر ئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠،٠٠٩) ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەمجۆرە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری

قوتابخانەکان بە پێی ئاستی پسپۆری بڕوانامە، ئەم جیاوازیە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی بڕوانامەی دکتۆرا و بە پلەی دووەم بڕوانامەی ماستەرە، کەوایە ئاستەنگە پیشەییەکان لای گۆراوی بروانامەی دکتۆرا و ماستەر بەرزترە بە بەراورد بە گۆڕاوی بڕونامەکانی بەکالوریۆس و دبلۆم، کە توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگرێتەوە بۆ ئاستی زانستی و بەرزی بڕوانامە و توانا و لێهاتووی، و ئەو ئەزموونەی هەیانە لە کاتی بەرکەوتەیەی لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا لە پەروەردەیی پراکتیکیدا، تاکو ئاستی بڕوانامەیان بەرزتربێت باشتر دەتوانن ئاستەنگەکان دەستنیشان بکەن، ئەمەش دەری دەخات کە ئاستی زانستی و تێروانین وتوانای بیرکردنەوە و جیاوازی ئاستی پیشەی بڕوانامەی مامۆستایانی سەرپەرشتیاری و بەڕێوبەری قوتابخانەکان کاریگەری هەیە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان.

بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییە بۆ گۆڕاوی بڕوانامە توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی (LSD) بەست لە نێوان بڕوانامەکانی ( دبلۆم- بەکالۆریۆس- ماستەر- دکتۆرا) وەک لە خشتەی ژمارە (٢١) دەردەکەوێت.

خشتەی ٢١: تاقیکردنەوەیLSD بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە.

| تاقیکردنەوەی (LSD) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | بڕوانامە(J) | ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | هەڵەی پێوەری | بەهایی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
| دبلۆم | بەکالۆریۆس | ٢،٣٥١- | ٣،٥٨٩ | ٠،٥١٤ | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | -٩،٩٥٤ | ٤،١٤٠ | ٠،٠١٨ | بەڵگەدارە |
| | دکتۆرا | -١٢،٨٣٣ | ٤،٧٣٣ | ٠،٠٠٨ | بەڵگەدارە |
| بەکالۆریۆس | دبلۆم | ٢،٣٥١ | ٣،٥٨٩ | ٠،٥١٤ | بەڵگەدار نیە |
| | ماستەر | -٧،٦٠٣ | ٣،٤٧٩ | ٠،٠٣١ | بەڵگەدارە |
| | دکتۆرا | -١٠،٤٨٢ | ٤،١٦٧ | ٠،٠١٣ | بەڵگەدارە |
| ماستەر | دبلۆم | ٩،٩٥٤ | ٤،١٤٠ | ٠،٠١٨ | بەڵگەدارە |
| | بەکالۆریۆس | ٧،٦٠٣ | ٣،٤٧٩ | ٠،٠٣١ | بەڵگەدارە |
| | دکتۆرا | -٢،٨٧٨ | ٤،٦٥٠ | ٠،٥٣٧ | بەڵگەدار نیە |
| دکتۆرا | دبلۆم | ١٢،٨٣٣ | ٤،٧٣٣ | ٠،٠٠٨ | بەڵگەدارە |
| | بەکالۆریۆس | ١٠،٤٨٢ | ٤،١٦٧ | ٠،٠١٣ | بەڵگەدارە |
| | ماستەر | ٢،٨٧٨ | ٤،٦٥٠ | ٠،٥٣٧ | بەڵگەدار نیە |

وەک لە خشتەی ژمارە (٢١) دەردەکەوێت ئەوانەی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە جیاوازە لەوانەی بروانامەی (ماستەر- دکتۆرا)یان هەیە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، کە بەهای

بەڵگەداری ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەی، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم)یان هەیە کەوتا جیاوازی ئاماری نیە، ئەمەش دەریدەخات ڕای نموونەی توێژینەوەکە جیاوازە دەربارەی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،

ئەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم)یان هەیە جیاوازە لەوانەی بڕوانامەی (ماستەر- دکتۆرا)یان هەیە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە کە بەهای بەڵگەداری ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم)یان هەیە جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە کەواتا جیاوازی ئاماری نیە،

ئەوانەی بڕوانامەی (ماستەر)یان هەیە جیاوازە لەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم- بەکالۆریۆس)یان هەیە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، کە بەهای بەڵگەداری ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەی، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی (ماستەر)یان هەیە جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (دکتۆرا)یان هەیە کەوتا جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،

ئەوانەی بڕوانامەی (دکتۆرا)یان هەیە جیاوازە لەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم- بەکالۆریۆس)یان هەیە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە کە بەهای بەڵگەداری ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەی، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی (دکتۆرا)یان هەیە جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (ماستەر)یان هەیە کەوتە جیاوازی ئاماری نیە،

ئەوانەی بڕوانامەی (دبلۆم)یان هەیە پەیوەندی ئاماری نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە، بە بڕوای توێژەر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیار و ڕۆشنبیری و نزیکی ئاستی بیرکردنەوەیان لە لایەک و هەبوونی هەمان ئاستی زانستی و شارەزایی لە لایەکیتر، بۆیە ئەوانەی بڕوانامەی (ماستەر)یان هەیە پەیوەندی ئاماری نیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوانامەی (دکتۆرا)یان هەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ئاستی بڕوانامە و هۆشیار و ڕۆشنبیری و بەرزی ئاستی بیرکردنەوە و هەمان ئاستی زانستی کە هەیانە،

کەواتە ئەوانەی بڕوانامەی ( دبلۆم- بەکالۆریۆس)یان هەیە جیاوازن لەوانەی بڕوانامەی (ماستەر- دکتۆرا)یان هەیە، بۆیە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ئەم دوو گرووپی بڕوانامەیەدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی بڕوانامە و پلەی زانستی و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیر و شارەزابوون و تێڕوانینی جیاواز بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکار-مامۆستا لە ماوەی پەروەردەی پراکتیکیدا، ئەمەش دەریدەخات ئاستی بڕوانامە کاریگەری هەیە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان.

### ٦.١.٤ ئامانجی شەشەم

زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەر قوتابخانەکانەوە بە پێی سالانی خزمەت(١-١٠، ١١-٢٠، ٢١ بە سەرەوە).

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی بروانامە لە سەر پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە ( تحليل التباين الاحادى) (One Way Anova) بە کارهێنا، پشت بە بەستن بە بەرنامەی (SPSS) کە ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە(٢٢) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ٢٢: ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت.

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | دووجای ناوەندی | F | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەدارێتی ٠،٠٥ |
| لە نێوان گروپەکان | ١٦٠٥،٤٨٥ | ٢ | ٨٢،٧٤٣ | ٤،١٢٦ | ٠،٠١٩ | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکان | ١٩٨٤٥،٥٠٥ | ١٠٢ | ١٩٤،٥٦٤ | | | |
| گشتی | ٢١٤٥٠،٩٩٠ | ١٠٤ | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٢٢) دا دەردەکەوێت، بەهای (F) (٤،١٢٦) و بەهای بەڵگەداری (٠،٠١٩) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (١٠٢) لە بەر ئەوەی بەهای بەڵگەداری ( ٠،٠١٩) ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەڵگەدارێتی (٠،٠٥) بەم جۆرە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە پێی سالانی خزمەت بۆ پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بۆ بەرژەوەندی ئەو دووگروپەی کە سالانی خزمەتیان لە(١١-٢٠) و (٢١- بەرو سەرەوە)، کە توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگرێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی زیاتریان لە گروپی یەکەم (١-١٠) و توانا و لێهاتووی تێڕوانییان بۆ ئاستەنگەکان لە کاتی بەرکەوتەییان لەگەڵ خوێندکار-مامۆستا لە کاتی پەروەردەیی پراکتیکی، هەتاکو سالانی خزمەت و ئەزموونیان زیاتر بێت باشتر دەتوانن ئاستەنگەکان دەستنیشان بکەن، کەواتە سالانی

خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری لە سەر ئاستی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان هەیە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،

بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییە بۆ سالانی خزمەت توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی (LSD) بەست لە نێوان سالانی خزمەتی (١-١٠) (١١-٢٠) (٢١- بەرەو سەرەوە) وەک لە خشتەی ژمارە (٢٣) دەردەکەوێت.

خشتەی ٢٣: تاقیکردنەوەی LSD بە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت.

| تاقیکردنەوەی (LSD) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سالانی خزمەت | سالی(J) خزمەت | ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | هەلەی پێوەری | بەهایی بەلگەداری | ئاستی بەلگەداری (٠،٠٥) |
| ١-١٠ | ١١-٢٠ | ٦،٣٦٧ | ٢،٩٩٣ | ٠،٠٣٦ | بەلگەدارە |
| | ٢١ بەسەرەوە | ٩،٩٥٥ | ٣،٩٢٦ | ٠،٠١٣ | بەلگەدارە |
| ١١-٢٠ | ١-١٠ | -٦،٣٦٧ | ٢،٩٩٣ | ٠،٠٣٦ | بەلگەدارە |
| | ٢١ بەسەرەوە | ٣،٥٨٨ | ٤،٠٥٣ | ٠،٣٧٨ | بەلگەدارنیە |
| ٢١ بەسەرەوە | ١-١٠ | -٩،٩٥٥ | ٣،٩٢٦ | ٠،٠١٣ | بەلگەدارە |
| | ١١-٢٠ | -٣،٥٨٨ | ٤،٠٥٣ | ٠،٣٧٨ | بەلگەدارنیە |

وەک لە خشتەی ژمارە (٢٣) دەردەکەوێت ئەوانەی سالانی خزمەتیان لە نێوان (١-١٠) جیاوازە لەوانەی سالانی خزمەتیان لە نێوان (١١-٢٠)یان(٢١ بە سەرەوەیە) کەواتە بەلگەداری ئاماری هەیە کە بەهای بەلگەداری ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەلگەداریتی، بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە جیاوازە دەربارەی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،

ئەوانەی سالانی خزمەتیان لە نێوان (١١-٢٠) جیاوازە لەوانەی سالانی خزمەتیان لە نێوان (١-١٠) یان کەواتە بەلگەداری ئاماری هەیە، کە بەهای بەلگەداری ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەلگەداریتی، بەلام ئەوانەی سالانی خزمەتیان لە نێوان (١١-٢٠) جیاواز نیە لەوانەی سالانی خزمەتیان لە (٢١ بەسەرەوەیە)

هەروەها ئەوانەی ساڵانی خزمەتیان لە (٢١ بەسەرەوەیە) جیاوازە لەوانەی ساڵانی خزمەتیان لە نێوان (١-١٠)، کەواتا ئەوە بۆمان دەردەخات تاکو ساڵانی خزمەت زیاتر بێت جیاوازیەکە زیاترە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ساڵانی خزمەت و شارەزابوون لە بوارەکە و پەیداکردنی ئەزموون، بەڵام ئەوانەی ساڵانی خزمەتیان لە (١١-٢٠) جیاوازی نیە لەوانەی ساڵانی خزمەتیان لە (٢١ بە سەرەوەیە)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ساڵانی خزمەت و شارەزایی و ئەزموون لە بوارەکەدا،

## ٧.١.٤ ئامانجی حەوتەم

هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنیان بە ڕێگەی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە،

تویژەر بۆ دیاریکردنی ئاستی تەوەرەکان هەستا بە دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی بۆ کۆی تەوەرەکانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن وە پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان بە ڕێگەی ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری و کێشی سەدییەوە لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەر قوتابخانەکانەوە وەک لە خشتەی ژمارە (٢٤) ڕوونکراوەتەوە،

خشتەی ٢٤: ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و کێشی سەدی تەوەرەکان.

| ژ | تەوەرەکان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پلاندانان | ٢,٩٠١ | ٠,٦٧٧ | ٥٨,٠٢ |
| ٢ | وانەوتنەوە | ٢،٩٢٩ | ٠,٧٧٩ | ٥٨,٥٨ |
| ٣ | کارگێڕی قوتابخانە | ٢,٩٤٣ | ٠,٦٦٧ | ٥٨,٨٦ |
| ٤ | کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل | ٢,٨٩٦ | ٠,٦٠٤ | ٥٧,٩٢ |
| ٥ | سەرپەرشتیار | ٣,٠٤٧ | ٠,٤٨٤ | ٦٠,٩٤ |
| ٦ | کەسایەتی | ٣,٠٢١ | ٠,٦٧٠ | ٦٠,٤٢ |
| ٧ | هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن | ٢,٩٩٦ | ٠,٧٢٥ | ٥٩,٩٢ |
| ٨ | پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی | ٢،٩٥٨ | ٠,٧٣٩ | ٥٩,١٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | پیشنیار و ڕێگا چارە | ٣،٨٤٦ | ٠،٣١٧ | ٧٦،٩٢ |

وەک لە خشتەی ژمارە(٢٤) ڕوونکراوەتەوە، وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ تەوەرەکانی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان بە ڕێگەی ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەری و کێشی سەدییەوە،

تەوەری پلاندانان بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٩٠١) و لادانی پێوەری (٠،٦٧٧) و ڕێژەی سەدی (٥٨،٠٢)، هەروەها تەوەری وانەوتنەوە بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٩٢٩) و لادانی پێوەری (٠،٧٧٩) و ڕێژەی سەدی (٥٨،٥٨)، هەروەها تەوەری کارگێڕی قوتابخانە بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٩٤٣) و لادانی پێوەری (٠،٦٧٧) و ڕێژەی سەدی (٥٨،٨٦)، هەروەها تەەوەری کۆنتڕۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٨٩٦) و لادانی پێوەری (٠،٦٠٤) و ڕێژەی سەدی (٥٧،٩٢)، و تەوەری سەرپەرشتیار بە ناوەندی ژمێرەی (٣،٤٠٧) و لادانی پێوەری (٠،٤٨٤) و ڕێژەی سەدی (٦٠،٩٤)، هەروەها تەوەری کەسایەتی بە ناوەندی ژمێرەی (٣،٠٢١) و لادانی پێوەری (٠،٦٧٠) و ڕێژەی سەدی (٦٠،٤٢)، پاشان تەوەری هەڵسەنگاندن بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٩٩٦) و لادانی پێوەری (٠،٧٢٥) و ڕێژەی سەدی (٥٩،٩٢)، هەروەها تەوەری پرۆگۆامی پەروەردەی پراکتیکی بە ناوەندی ژمێرەی (٢،٩٥٨) و لادانی پێوەری (٠،٧٣٩) و ڕێژەی سەدی (٥٩،١٦)، و کۆتا تەوەر کە پیشنیار و ڕێگاچارەیە بە ناوەندی ژمێرەی (٣،٨٤٦) و لادانی پێوەری (٠،٣١٧) و ڕێژەی سەدی (٧٦،٠٢)،

بەهاکانی پێشوو ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستەنگە پیشەییەکان پەیوەست بە پەروەردەی پراکتیکی بەم شێوەیە بووە، ئاستەنگەکانی کۆنتڕوڵ و بەڕێوەبردنی پۆل گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم خوێندکار-مامۆستا لە کاتی پەروەردەی پراکتیکیدا، پاشان تەوەری پلاندان و دوای ئەویش تەوەری وانەوتنەوە، پاشان تەوەری کارگێڕی قوتابخانە و دواتر تەوەری پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی و پاشان تەوەری هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردن و دواتر تەوەری کەسایەتی و پاشان تەوەری سەرپەرشتیاری دیت، هەروەها وەڵامدانەوەی نمونەی توێژینەوەکە بۆ پێشنیار و ڕێگاچارە بە شێوەیەکی باش بووە بە پێی ئەوەی ناوەندی ژمێرەی دەکاتە (٣،٨٤٦) و لادانی پێوەی دەکاتە (٠،٣١٧) و بە ڕێژەی سەدی (٧٦،٩٢).

## ٧.١.٤ ئامانجی هەشتەم

هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان بە ڕێگەی ناوەندە شیاو و کێشی سەدییەوە لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەر قوتابخانەکانەوە،

بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکانی هەر تەوەرێک، توێژەر وەڵامە دووبارەکانی (تکرار) هەر بڕگەیەک لە بڕگەی تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی، بە پێی ڕەهەندە دانراوەکان (بەردەوام جیبەجێی دەکات) (زۆرجار جیبەجێی دەکات) (هەندێ جار جیبەجێی دەکات) (بەکەمی جیبەجێی دەکات) (جیبەجێی ناکات) ژماردووە، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش ( پێنج) نمرەی داوە بە ڕەهەندی یەکەم و (چوار) نمرەی داوە بە ڕەهەندی دووەم و (سێ) نمرەی داوە بە ڕەهەندی سێیەم و(دوو) نمرەی داوە بە رەهەندی چوارەم و (یەک) نمرەی داوە بە ڕەهەندی پێنجەم،

ناوەندە ژمێرەی پێوەری پێنج ڕەهەندیەکە بە (٣) دادەنرێت، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بە هێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەک ناوەندی شیاوی لە (٣) یان بەرزتر بوو ئەوە لایەنی بەهێز دەنوێنێت، ئەگەر لە (٣) کەمتر بوو ئەوە لایەنی لاوازی بڕگەکە دەنوێنێت وەک لە خشتەی ژمارە(٢٥) ڕوونکراوەتەوە،

توێژەر پێی باش بوو تەنیا بڕگە لاوازەکان شیبکرێنەوە، جگە لەوەش بڕگە بە هێزەکان دیاری بکات.

خشتەی ٢٥: ناوەندی شیاو و کێشی سەدی بۆ بڕگەکان.

| تەوەرەکان | ڕ | ژ | بڕگەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| پلاندانان | ١ | ٣ | کۆی خاڵ و بڕگەکانی پلانی ڕۆژانە جێبەجێ دەکات | ٣،٠٦٦ | ٦١،٣٢ |
| | ٢ | ٢ | ڕەچاو کردن و دابەشکردنی کات بە سەر چالاکیەکاندا | ٢،٩٢٤ | ٥٨،٤٨ |
| | ٣ | ٥ | پارێزگاری لە خاوێنی و ڕێکخستنی تیانووسی پلانی ڕۆژانە دەکات | ٢.٨٩٦ | ٥٧،٩٢ |
| | ٤ | ٤ | ناوەڕۆکی بڕگە سەرەکیەکانی پلای ڕۆژانە بە ووردی دیاریدەکات | ٢،٨٢٠ | ٥٦،٤٠ |
| | ٥ | ١ | شارەزایی هەیە لە پلاندانان و گرنگی پێدەدات | ٢،٨٠١ | ٥٦.٠٢ |
| وانەوتنەوە | ١ | ٩ | بەکارهێنانی هۆکارە فێرکارییە جیاوازەکان (بۆرد – داتاشۆ – ماجیک – تاقیگە) | ٣،٠٧٥ | ٦١،٥٠ |
| | ٢ | ٨ | توانای ڕاکێشانی سەرنجی قوتابیانی هەیە بۆ بابەتی وانەکە | ٢،٩٥٢ | ٥٩،٠٤ |
| | ٣ | ٦ | ستراتیژ و ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە پەیڕەو دەکات | ٢،٩٢٤ | ٥٨،٤٨ |
| | ٤ | ٧ | شەرم دەکات و ڕاڕایە لە کاتی وانەوتنەوەدا | ٢،٧٦٤ | ٥٥،٢٨ |
| کارگێری قوتابخانە | ١ | ١٣ | هەژمارکردنی ئەو نمرانەی کە خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) تۆماری دەکات | ٣،٠٥٦ | ٦١،١٢ |
| | ٢ | ١١ | هاوکاری مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانە دەکات | ٢،٩٦٢ | ٥٩،٢٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٣ | ١٢ | کارگێری قوتابخانە باوەڕی بە تواناکانی خوێندکار-مامۆستا( الطالب المعلم) هەیە | ٢,٩٥٢ | ٥٩,٠٤ |
| | ٤ | ١٠ | دەوامکردن و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی قوتابخانەوە | ٢,٩٤٣ | ٥٨,٨٦ |
| | ٥ | ١٤ | پڕکردنەوەی وانەی بەتاڵ (شاغر) و چاودێریکردنی گۆڕپانی قوتابخانە بە خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) | ٢,٨٠١ | ٥٦,٠٢ |
| کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆل | ١ | ١٥ | گرنگی دەدات بە ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیار | ٣,٠٠٠ | ٦٠,٠٠ |
| | ٢ | ١٧ | نزمی تۆنی دەنگ و یاری نەکردن بە تۆنی دەنگ ئاستەنگی دروست کردوە | ٢,٩٨١ | ٥٩,٦٢ |
| | ٣ | ١٦ | ئەزموونی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پۆلدا | ٢,٨٧٧ | ٥٧,٥٤ |
| | ٤ | ١٨ | بەشداری پێکردنی کۆی قوتابیان لە چالاکیەکاندا | ٢,٨٧٧ | ٥٧,٥٤ |
| | ٥ | ١٥ | زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلدا ئاستەنگی دروست کردوە | ٢,٧٥٤ | ٥٥,٠٨ |
| سەرپەرشتیار | ١ | ٢١ | کەمی سەردانی کردنی سەرپەرشتیار بۆ لای خوێندکار-مامۆستا | ٤,٠٠٩ | ٨٠,١٨ |
| | ٢ | ٢٢ | مامۆستای سەرپەرشتیار دەست وەردەدات لە بەڕێوەچوونی هەڵوێستە فێرکارییەکان | ٣,١٠٣ | ٦٢,٠٦ |
| | ٣ | ٢٣ | جیاوازی پێدانی نمرە لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە | ٣,٠٦٦ | ٦١,٣٢ |
| | ٤ | ٢٤ | متمانەی تەواوی هەیە بەخۆی لی کاتی وانەوتنەوەدا | ٢,٧٦٤ | ٥٥,٢٨ |
| | ٥ | ٢٠ | دەرچوونی سەرپەرشتیار پێش تەواو بوونی هەڵوێستی فێرکردن | ٢,٢٩٢ | ٤٥,٨٤ |
| کەسایەتی | ١ | ٢٦ | پابەندی تەواوی هەیە بۆ ئاکارەکانی پیشەی مامۆستایی | ٣, ٣١١ | ٦٦,٢٢ |
| | ٢ | ٢٥ | بەرامبەر بە قوتابیان بە شێوازێکی ڕێک پۆش دەردەکەوێت | ٣,٠٦٦ | ٦١,٣٢ |
| | ٣ | ٢٧ | توانای پاراستنی کەسایەتی خۆی هەیە وەک مامۆستایەک | ٣.٠٢٨ | ٦٠,٥٦ |
| | ٤ | ٢٨ | هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا | ٢,٦٧٩ | ٥٣,٥٨ |
| هەڵسەنگاندن | ١ | ٣١ | دابەشکردنی نمرەکان بەسەر کار و چالاکیەکانی پۆل | ٣,١٠٣ | ٦٢,٠٦ |
| | ٢ | ٣٠ | شارەزایە لە چۆنێتی دابەشکردنی نمرەکان بەسەر لق و پرسیارەکاندا | ٣,٠٨٤ | ٦١,٦٨ |
| | ٣ | ٣٢ | گرنگی دان بە جێبەجێ کردنی ئەرکی ماڵەوە | ٣,٠٠٩ | ٦٠,١٨ |
| | ٤ | ٢٩ | ئاڕاستەکردنی پرسیاری هەمەجۆر و گونجاو بۆ قوتابیان | ٢,٩٤٣ | ٥٨,٨٦ |
| | ٥ | ٣٣ | تۆمارکردنی تێبینی لە کاتی ڕاهێنان و پێشکەشکردنی کار و چالاکیەکاندا | ٢،٩١٥ | ٥٨،٣٠ |
| | ٦ | ٣٤ | بایەخ و گرنگیدان بە ئامادە بوونی قوتابیان لە پۆلدا | ٢,٩٢٤ | ٥٤,٤٨ |
| پرۆگرامی | ١ | ٣٧ | بینینی وانەی نموونەی بۆ وانە بەراییەکان( تمهیدی) | ٣,٠٤٧ | ٦٠,٩٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەیی پراکتیکی | | | کە یارمەتی دەربێت بۆ وانەوتنەوە | | |
| | ٢ | ٣٥ | بوونی ڕوونی لە ڕێنماییەکانی پەروەردەی پراکتیکی | ٣,٠٢٨ | ٦٠,٥٦ |
| | ٣ | ٣٨ | ماوەی پەروەردەی پراکتیکی بەشی ئەوە دەکات بگات بە هەموو ئەزموونە کارامەییەکان | ٢,٩٦٢ | ٥٩,٢٤ |
| | ٤ | ٣٩ | شێوازی هەڵسەنگاندنی پەروەردەی پراکتیکی لای خوێندکار-مامۆستا ڕوونە | ٢,٩١٥ | ٥٨,٣٠ |
| | ٥ | ٣٦ | ڕاهێنانی کردوە لە زانکۆ لە سەر کارامەیی وانەوتنەوە | ٢,٨٣٩ | ٥٦,٧٨ |
| پێشنیار و ڕێگا چارە | ١ | ٤٤ | ئامادەکردنی خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) لە ڕووی تیوری و پراکتیکیەوە بۆ پیشەی مامۆستایی | ٤,١٣٢ | ٨٢,٤٦ |
| | ٢ | ٤٣ | دروستکردنی بەرنامەی فێرکاری بۆ بەرەو پێش چوونی پرۆسەی پەروەردەی پراکتیکی | ٤,٠٠٩ | ٨٠,١٨ |
| | ٣ | ٤١ | ئەنجامدانی وانەوتنەوەی نموونەی لە زانکۆ پێش چوونی بۆ پراکتیزەکردن | ٤,٠٠٠ | ٨٠,٠٠ |
| | ٤ | ٤٥ | گرنگی زیاتر بدرێت بە وانەی بینین لە زانکۆکاندا | ٣,٧٦٤ | ٧٥,٢٨ |
| | ٥ | ٤٠ | زیادکردنی کات و ماوەی پەروەردەی پراکتیکی | ٣,٧٦٢ | ٧٥,٢٤ |
| | ٦ | ٤٦ | چاودیریکردنی ووردی خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) و ئاماژەکردن بە خاڵی لاواز و بەهێز | ٣,٦٣٢ | ٧٢,٦٤ |
| | ٧ | ٤٢ | بابەتەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە بایەخی زیاتری پێبدرێت لە زانکۆ | ٣,٦٢٢ | ٧٢,٤٤ |

بڕگە بە هێزەکان بریتین لە بڕگەکانی، بڕگەی (٣) لە تەوەری یەکەم، بڕگەی (٩) لە تەوەری دووەم

